کریس کۆچێرا

# خه باتخوازیی کورد

وه رگێرانی: ئاسو حه سه ن زاده

١٩٩٩

هەواڵنامەی کتێب

AXIELL
800 29 23 7574 6C

بەشی کوردستانی ئێران لە کتێبی

کریس کوچێرا

# خەباتخوازیی کورد

وەرگێڕانی: ئاسۆ حەسەن زادە

١٩٩٩

چاپی سەربەخۆ

ناوی کتێب : خەباتخوازیی کورد

نووسەر : کریس کوچێرا

وەرگێڕ : ئاسو حەسەن زادە

ژمارەی چاپ : یەکەم

تیراژ : ٣٠٠ دانە

ساڵی لەچاپدان : ١٩٩٩

خوێنەری بەڕێز!

ئـەوەی بەردەسـتـان وەرگێـڕاوی بەشـی کوردسـتانی ئـێران لە کتێبـی "خەبـاتخوازیی کـورد..." لە نووسـینی کوردولـۆگ و کـورد دۆستی نـاودار و بەتوانا کریس کۆچێرایە کە ساڵی ١٩٩٧ لە فەڕانسە لە چاپ دراوە. تـازەترین بەرهەمی پڕ نێوەرۆکـی نووسـەر لەسـەر مەسـەلەی کـورد بـۆ لێکدانـەوە و هەڵسەنگاندنی دیاردە و رووداوەکانی مێژووی نوێـی بزووتنـەوەی گەلەکەمان تەرخان کراوە و بەسەر چوار فەسڵ دا دابەش بـووە کـە هـەر کامەیـان خەبـاتی کورد لە پارچەیەکی کوردستان دا دەخاتە بەر باس و لێکۆڵینەوە.

جیـا لەوە کـە کـورد وەک نەتـەوە خـاوەنی مێژووی کۆنـی خۆیــەتی و کوردەکان رابردووی دووری هاوبەشیان هەیـە، تێگەیشـتن و روون کردنـەوەی مێژووی خەباتی گـەلی کـورد پاش دابەشبوونی یەکجـاریی کوردسـتانیش، بەبێ وەبەرچاوگرتنی ڕەوش و ڕەوتی ئەو خەباتـە لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوەیـەکی گشتی و هەمەلایەنەی بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردسـتان دا کـارێکی سـەخت و چەتوونە. چونکە ئەگەر راستە مێژووی نوێی ئەو خەباتە داسـتانی پارچـە پارچـە بوونیەتی،وتەنانەت ئێستاش کێشەی کورد تەنیا وەک مەسـەلەی نێوخۆیـی چـەند وڵاتی دراوسێی یەکتر چـاو لـێ دەکرێ، شـک لەوەدا نیـە کـە بزووتنـەوەی کورد لە هەرکـام لەو وڵاتانـەدا پێوەندیی گەرماوگەرمیـان پێکـەوە هـەبووە و شوێنەواریان لەسەر یەکتر داناوە.

بەلام ئەگەر تەنیا بەشی کوردستانی ئێران لەو باسەمان وەرگێڕاوە و چـاپ کردوە، لەبەر ئەوەیە کە ماوەیـەک پاش ئەوەی لەسـەر ڕەزایـەتی نووسـەر وەرگێڕانەکەمان دەست پێ کرد، دەرکەوت کە هێندێ دڵسۆزی دیکـەش ئـەو کارەیـان بەدەستەوەیە. هیـوادارم زووری پـێ نـەچێ چـاپی تـەواوی ئـەو کتێبـە بکەوێتە بەر دەستی خوێنەران.

لەبارەی نێوەرۆکی ئەم باسە و وەرگێڕانەکەیەوە سێ تێبینی بە پێویست دەزانم: یەکەم ئەوە کە ئەو لێکۆڵینەوەیە بە زمانی ڕۆژنامەنووسی نووسراوە و ئەگەر جار جارە شێوازی دارشتنەکەی نائاشنایە لەبەر ئەوەیە کە هەوڵ دراوە لە ڕاوێژی نووسەر زۆر دوور نەکەوینەوە. دووهەم ئەوە کە لە هێندێ شوێن زانیاری یەکان کورت و ناتەواو دێنە پێش چاو، هەر بۆیە داوامان لە شارەزایەکی ڕابردووی کوردەکانی ئێران کرد کە بە پێی پێویست پەراوێزیان بۆ دابنێ، و سەرەنجام ڕەنگە هەندێ لە ڕوانگە و بۆچوونەکانی نووسەر بۆ خوێنەری کورد سەیر بن و نائاسایی بێنە پێش چاو. سەرەڕای ئەوەش ئەو باسە نەک تەنیا دەتوانێ بۆ هەرچی زیاتر ساغ کردنەوەی ڕابردووی خەباتی میللەتەکەمان لە بەشێکی کوردستان ئامرازێکی زۆر بەسوود بێ، بەڵکوو دەرفەتی ئەوەشمان پێ دەدا کە بزانین بیروڕای گشتیی دەرەوە بە چ چاوێک و لە چ ڕوانگەیەکەوە سەیری بزووتنەوەکەمان دەکا.

لە کۆتایی دا سوپاس و ئەمەگناسیم لە هاوکاری یەکانی کاک حەیدەر ئیبراهیمی، کاک مستەفا مەعرووفی و کاک ڕەشید قلیچخانی لەکوردستانی ئێران دەردەبڕم و لەبەر ئەوە کە پێتچنینی ئەم کتێبە یەکێک لە ئاخرین کارەکانی ژیانی پێشمەرگەی شەهید کاک تاهیر حوسێن نژاد بوو، وێڕای ناردنی هەزاران سڵاو بۆ گیانی پاکی، ئەم وەرگێڕاوە بە یادی بەرزی پێشکەش دەکەم...

ئاسلۆ - پاییزی ١٩٩٩

## پێشەکی

پێم دەڵێن «دایکی کوردان». هەر لەبەر ئەوە کە بە درێژایی ئەو ساڵانەی کارەساتەکەیان سەرپۆش دەکرا، هەوڵم دەدا دەنگیان بە گوێی جیهان بگەیەنم.

ئێستا نزیک بە پازدە ساڵە لە بوونی ئەو گەلە کە راگەیەنە گشتییەکان لەبیریان کردبوو باشتر ئاگادارم. ئەمەش بە هۆی ئاسیاریی خۆش و سەرنج راکێش لەگەڵ هێندێک رووناکبیر لە پاریس. ئەمن لە رێگای وانەوە بە شەوقەوە لەگەڵ فەرهەنگی کورد کە ئەوەندە دەوڵەمەند و لە مێژینەیە ئاشنا بووم. ئەمن و چەند کەسێکی دیکە پشتیوانیمان لە دامەزراندنی «ئەنستیتۆیەکی فەرهەنگیی کورد» لە فەرانسە کرد. پاشانیش کاتێک وردە وردە بەهۆی سەرچاوەی جۆراوجۆرەوە ئاگادار کرامەوە، بەربڵاویی سەرکوتی ئەو گەلەم بۆ دەرکەوت. ئەمەش لە عێراقی سەدام حوسێن بێ، یان لە دێموکراسیی ژێر دەسەڵاتی ژەنراڵەکان لە تورکیە، یان لە ئێرانی ئایەتوڵڵاکان بێ، یان لە سووریەی ژەنراڵ ئەسەد. ئەمن لە زۆر لاوە لەبارەی هەوڵی لەنێو بردنی ئەو خەڵکەوە کە لەبەرامبەر وێران کردنی شار و گوندەکاندا ناچار بە هەڵاتن دەبوون، لەبارەی بۆمبارانی شیمیایی هەڵەبجە، رووتاندنەوەی لێرەوارەکان و لەبارەی بوونی ئۆردووگای دێهاتییە

ئاوارەو بە سەرکوت ترسیندراوەکانەوە هەوالْم پیْدەگەیشتن.
ئەوکسانەی غیرەتی ئەوەیان هێنا رووداوەکان لەقاو بدەن، خۆیان خستە نێو مەترسیی گەورەوە: شایەتی‌دان و بێزاری دەربڕینەکانیان بوونە هۆی ئەوە کە بکەونە زیندان کە هێندێکیان ئێستاش ئازاد نەکراون، هێندێکی دیکەشیان کەوتنە بەر گوللەبارانی پیاوکوژان. هەر بۆیە پێویست بوو کەسایەتی‌یەکی ئازاد کارەکەیان درێژە بدا و لە لای بیرو رای گشتیی نێونەتەوەیی ببێتە قسەکەریان. ئەمنیش کە مەینەتیی گەلی کورد هەژاندبوومی قبوڵم کرد ئەو ئەرکە بگرمە ئەستۆ.
هی دیکە بەر لەمن هەوڵی ئەوکارەیان دابوو: لەڕاستی‌دا لە چەندین ساڵ لەمەوبەرەوە هێندێ کەس و چەند رێکخراوێکی غەیرە دەوڵەتی کە زوڵم زۆر نارەحەتی کردبوون هەوڵیان دەدا دیفاع لەو خەڵکە بەشخوراوە بکەن. بەڵام بەهۆی قازانجە گەورەکان و لەبەر «بەرژەوەندیی دەوڵەت» ئەو دەنگانە نەیان‌توانیبوو لە کۆڕی بەرتەسکی مودافیعانی مافی مرۆڤ بەولاوە بچن.
بەڵام ئایا ئەوە کە من هاوسەری سەرکۆماری فەرانسە بووم دەی‌توانی بیانووی مەسەلەیەکی سەیرو نائاسایی بداتە راگەیەنە گشتی‌یەکان؟ هەر چۆنێک بێ لە دوای سەفەرە پڕ هەرا و هوریایەکەی ئاوریلی ١٩٨٩م بۆ تورکیە بە مەبەستی سەردانی ئاوارە کوردەکانی عێراق، ئەوان رەنجی ئەو خەڵکەیان باشتر بە دنیا ناساند.
لە بۆش هەتا گورباچۆف، لە کۆهل هەتا پارلمانتەرە ئورووپایی‌یەکان لە لای هەموویان بێ پێچ و پەنا باسی کوردم دەکرد. ئیدی هیچ گەورەیەکی ئەم دنیایە نەی‌دەتوانی خۆی لەو مەسەلەیە گێل بکا. ئەمن ئەوکاتە تێ‌گەیشتم کە هەر کاتێک قازانجە بازرگانی‌یەکان لە گۆڕێ دابن، باڵیۆزخانەکانمان کە دەیانەوێ پێوەندیی دۆستانە لە نێوان دەوڵەتان‌دا دابمەزرێنن و مامەڵە ئابووری‌یەکان باشتر بکەن، چاو

لە پێشێل کردنی مافی مرۆڤ هەر چەندیش گەورەو بەربڵاو بێ دەپۆشن. هەر بۆیە ئەوشتانەی کە من دەم‌گوتن لەگەڵ راپۆرتی سەرچاوە رەسمی یەکان دژایەتی یان هەبوو و بیسەرانی هاواری من بەمە دەکەوتنە دوودڵی یەوە. بۆیە دەبوو شەڕی کەنداو روو بدا و کۆچی گەورەی کوردەکان وەڕێ کەوێ هەتا تراژیدیای کورد بەراستی ویژدانی گشتی بهەژێنێ.

ئەو شتانەی لەو کاتەوە چ لە عێراق چ لە تورکیە روویان داوە گومانێک لە گرینگیی مەسەلەی کورد بۆ ئاشتی و هێمنایەتی لە رۆژهەڵاتی نزیک‌دا ناهێڵنەوە. مەسەلەی کورد ئێمەی ئورووپاییش دەگرێتەوە، هۆیەکەشی ئەوەیە کە شەڕو سەرکوت و مەینەت بوونەتە هۆی ئەوەی سەدان هەزار کورد لە وڵاتانی یەکیەتیی ئورووپادا بگیرسێنەوە. ئەوان بە شێوەیەک بوونە دراوسێمان و بە هۆی چالاکی یەکانیان بێ‌وچان سەرنجی ئێمە بۆ لای چارەنووسی گەلەکەیان رادەکێشن.

کوردەکان هەروەها لەو بارەیەوە لە ئێمە نزیکن کە ئەوان خوازیاری دێموکراسی یەکی راستەقینەن. لە راستی‌دا ویستەکانیان لەسەر رێزگرتنی کەرامەتیان و کەسایەتیی فەرهەنگی یان دەتوانن هەر لەو چوارچێوەیەدا بێنە دی. زۆر بوون ئەو ژن و پیاوانەی ئەمن ناسیمن کە بێ‌ماندوو بوون باسی دێموکراسی یان دەکرد، بێ ئەوەی هەرگیز داوای گۆڕینی سنوورە دەوڵەتی یەکانی ئەمڕۆ بکەن. لە وانە دەتوانم لە ئێران قاسملوو ناوبەرم کە ساڵی ١٩٨٩ لە ڤییەن تیرۆر کرا: لە تورکیەش لەیلا زانا پارلمانتەری کورد کە لە ساڵی ١٩٩٤ەوە لە زیندان دایەو بە پازدە ساڵ مەحکووم کراوە، هەروەها نووسەری گەورەی وەک موسا عەنتەر کە ئەویشیان کوشت. لە حالێک‌دا سەرچاوە رەسمی یەکانی تورکیە باسی ئەو تیرۆریزمە جیایی خوازە

دەکەن کە دەبێ بۆ پاراستنی تەواوەتیی خاکی تورکیە لەنێو ببرێ. زۆر بوون ئەو بانگەوازانەی ئاشتی کە حکوومەتی ئەنکەرە بەبێ هیچ روونکردنەوەیەک رەتی کردنەوە. ئێمە دەتوانین تەوژم بخەینە سەر تورکیە: تورکیە دیموکراسی یەکی «لائیک»ە، بەڵام ئەرتەشێکی زۆر بەهێز دەسەڵاتی بە دەستەوەیە.ئەو ئەرتەشەش کڕیارێکی زۆرباشی پیشەسازی یە نیزامی یەکانمانە. رۆژئاوا کە دەتوانێ بە زۆر شێوە یارمەتیی تورکیە بدا، دەبێ مەرج بۆ ئەو یارمەتی یە دابنێ.

ئێستا با سەیرێکی دراوسێکانیان واتە کوردەکانی عێراق بکەین. دوای رووداوە تاڵەکانی پاش کۆچەکە، ئەوان ساڵی ١٩٩٢ لەسەر بناخەی دەنگدانی گشتی پارلمانێک و دەولەتێکیان دامەزراند. ئەوان ئەو کاتە بە هیوا بوون دیموکراسی یە پلورالیستە ساواکەیان ببێتە نموونەیەک بۆ بەشەکەی دیکەی عێراق. بەداخەوە ئەو دیموکراسی یە کە لە وڵاتێکی وێران و لە نێو کەشێکی ناوچەییی دوژمن بە خۆی دا دامەزرابوو و دیموکراسی یە گەورە رۆژئاوایی یەکان پشت گوێیان خست، بە هۆی نەبوونی پشتیوانی بە لاڕێ داچوو. شتێک کە ئەمڕۆ ئەنجامەکانی دەچنینەوە.

بەم جۆرە ئێستا مەسەلەی کورد هەروا وەک برینێکی ئاوەڵە ماوەتەوە و ناو بە ناویش لە کاتی قەیرانە سەختەکان دا شاشەی تەلەفزیونەکانمان بە خۆیەوە دەگرێ. بەڵام لە سەردەمێک دا کە مەسەلەیەکی ئەوتۆ تەنیا ناوبەناو و ئەویش بە شێوەیەکی سەرپێ یی دەخرێتە روو، زیاتر لە هەرکاتێک پێویستی مان بە باسی ئەوتۆ هەیە کە لەسەر زانیاریی ورد و دۆکومانتاسیۆنی قایم دارێژرابێ بۆ ئەوەی بیرکردنەوەمانی پێ دەوڵەمەند بکەین و کردەوەکانمانی پێ دابڕێژین. لەسەر مەسەلەی کورد کەم سەرچاوەمان بە زمانی فەرانسەیی لەبەر دەست دان و ئەوانەش کە هەن زۆربەیان سەردەمی تازەی ئەومێژووە کە

زۆر دەوڵەمەند و پڕ ڕووداوە ناگرنە خۆیان. هەر بۆیە ئەمڕۆ خوێنەری فەرانسەیی سەرچاوەی وەهای نیە هەتا بە هۆیەوە بتوانێ وەدوای ڕووداوە تازەکانی مەسەلەی کورد بکەوێ. هەر بۆیە ئەم کتێبە وەڵامدەری پێویستی یەکی ڕاستەقینەیەو بۆشایی یەک پڕ دەکاتەوە.

کریس کۆچێرا، بە هۆی ناسیاریی نزیکی لەگەڵ ئەکتەرە سەرەکی یەکانی مێژووی نوێی کورد و هەروەها ئەو سەفەرانەی کە لە بیست ساڵی ڕابردوودا بۆ ناوچەی کردوون، زانیاریی پانۆرامایەکی بەربڵاوی مێژووی کوردمان بە هەموو هیوا و تێکۆشان و تێک شکان و کارەساتەکانیەوە و بەو چەشنە کە ئەمڕۆ خۆی دەنوێنێ، دەخاتە بەرچاو.

هەموو ئەو کسانەی بە هەر شێوەیەک سەرنج دەدەنە گەلی کورد و مێژووەکەی دەبێ ئەو کتێبە زۆر بەکەڵکە بخوێننەوە . ئەو کاتە دەزانن ئەو مێژووە بۆچی ئەمڕۆ ئەوەندە باسی دەکرێ.

**دانییێل میتران**

# لەنێوان:

# هیوای خوڕایی بەشۆڕشی ئیسلامی

## لەئێران:
## هیوای خوڕایی بەشۆڕشی ئیسلامی

بزووتنەوەی کوردی ئێرانیش هەروەک بزووتنەوەی کورد لە عێراق کە لە دوای شەڕ گەشە دەکا خێرا بەسەر دوو لایەندا دابەش دەبێ: لە لایەک ڕێبازێکی ناسیۆنالیستی کە دەکەوێتە ژێر شوێنەواری توندی عەشیرەتەکان و لەلایەکی دیکەش حیزبێک کە ناچارە بێ‌وچان دیفاع لەخۆی بکا بۆ ئەوەی نەبێتە لقێک لە حیزبی توودەی ئێران.

کۆماری مەهاباد کە زۆر کەمی خایاند(ژانویە تا دسامبری ١٩٤٦) ڕەنگە لە مێژوودا یەکەمین بزووتنەوەی کورد بێ کە ڕۆشنبیرێک ڕێبەری کردوە، ئەو ڕۆشنبیرەش قازی محەممەدە(١٩٤٧-. . ١٩). کۆمەڵەی ژ.ک کە لە سەرەتاوە لەلایەن هەندێ خەڵکی شارەوە دامەزرابوو، زۆر زوو ناچار دەبێ بەسەبەستی گەورە کردنەوەی بنەمای جوغرافیایی و کۆمەلایەتیی خۆی گەلێک سەرۆک عەشیرەت بێنێتە نێو ڕیزەکانی خۆیەوە.

حیزبی دیموکراتی کوردستان کە ساڵی ١٩٤٥ دامەزرا، بەرنامەیەک بۆخۆی دیاری دەکا کە ڕەنگدانەوەی پێکهاتی کۆمەلایەتیی کۆمەڵی کوردەواری‌یە. ئەو داخوازیانەی لەو بەرنامەیەدا هاتوون ئەمانەن: خودموختاری بۆ کوردستانی ئێران لە چوارچێوەی حکوومەتی ئێراندا؛ بەکار هێنانی زمانی کوردی وەک زمانی ڕەسمی؛ هەڵبژاردنی شووڕایەکی ناوچەیی؛ دیاری کردنی فەرمانبەرەکان لە خەڵکی ناوچە؛ دانانی یاسای هاوبەش بۆ دەرەبەگان و دێهاتی‌یەکان؛ هاوکاری لەگەڵ بزووتنەوەی ئازەربایجان؛ باش کردنی باری ئابووری و کۆمەلایەتیی کوردستان بەتایبەتی لە ڕێگای بەکارهێنانی سەرچاوە

سروشتی یەکانیەوە؛ باش کردنی باری کشتوکاڵ لە کوردستان و گەشەپێدانی لەشساغی و پەروەردە.

کۆماری مەهاباد کە لە ژێر سێبەری هێزە داگیرکەرەکانی سۆڤیەتی لە ئێران دا گەشەی کردبوو، هێزە گەورە رۆژئاواییەکانی نیگەران کردبوو. سەرەڕای ئەمەش ئەو کۆمارە تا ئاخر وەک بزووتنەوەیەک دەمێنێتەوە کە بە شێوەیەکی بنەڕەتی ناسیۆنالیستی بوو، بێ ئەوەی ئیدئۆلۆژی یەکی زۆر روونی هەبێ. سەیر ئەوەیە کەحیزبی دیموکراتی کوردستان ئەوکاتە ببووە«لقی کوردستان»ی حیزبی تودە کە هێزەکانی سۆڤیەت ئێرانیان بەجێ هێشتبوو و کۆماری کوردستان رووخابوو و ئەو حیزبە بە نهێنی خۆی رێک خستبووەوە. ئەو ئەندامانەی حیزبی دیموکرات کە لە مەهاباد ڕا دەچوونە تاران، بە ئەندامی تودە لەقەڵەم دەدران و ئەوانەی تودە کە دەچوونە کوردستان بە ئەندامی حیزب دادەنران. کوردەکانی ئێرانیش هەر وەک کوردەکانی عێراق نەیان دەزانی چ شتێک ئەوان و حیزبی کومونیست لێک جیادەکاتەوە.

سەرەڕای ئەمەش پاش رووخانی موسەددیق و رێکخستنەوەیەکی نوێ، حیزبی دیموکراتی کوردستان سالی ١٩٥٦ بەرنامەی خۆی کە لەودا بەروونی ئەو حیزبە وەک بزووتنەوەیەکی ناسیۆنالیستی شۆڕشگێر ناسێندراوە، بڵاو دەکاتەوە. بەپێی ئەو بەرنامەیە گەلی کورد کەوتۆتە ژێر«ستەمی سێ لایەنەی ئیمپریالیزم و دەوڵەتی فیئۆداڵ-بورژوازیی ناوەندی و دەرەبەگە گەورە کوردەکان». داڕێژەرانی ئەو بەرنامەیە(کە عبدالرحمن قاسملو یەکێک لەوان بوو و دواتر بە درێژایی سەردەمی«پرشانازی»ی دوای رووخانی شا رێبەرایەتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی کرد)، رادەگەیەنن کە نابێ «گەلانی دیکەی ئێران و حکوومەتی ناوندی»وەک یەک چاویان لێ بکرێ. ئەوان لەو

باوەڕە دان کە دەبێ «لە دژی شۆڤینیسمی ئێران کە دان بە بوونی نەتەوەی کوردەدا نانێ و هەروەها بەدژی ئەو ناسیونالیزمە کوردەی میللەتی ئێرانی دەکاتە قوربانیی دوژمنایەتی لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی، خەبات بکرێ».

حیزبی دیموکراتی کوردستان لەو بەرنامەیەدا پێشنیار دەکا بە دژی دەوڵەتی «ئیمپریال ـ فاشیست»ی شا و بۆ دامەزرانی کۆمارێکی دیموکراتیک کە لەودا کوردستانی ئێران حکوومەتی میللی و پارلمانی میلیی خۆی دەبێ «خەباتی هاوبەش» بکرێ، ئەو حیزبە بیست و پێنج ساڵ دواتریش ئەو خەباتە هەروا درێژە پێدەدا. حیزبی دیموکرات کە لە سەر یەکسانیی ژن و پیاو (لە ماف و ئەرک دا) و لە سەر ڕێزگرتنی ئازادی‌یە بنەرەتی‌یەکان (ئازادیی دەربڕین، ئازادیی ڕۆژنامەکان) پێدادەگرێ، ئامانجی دامەزراندنی دەولەتێکی لائیکە کە لەودا ئەرتەش و پۆلیس هەڵدەوەشێن، هێزێکی خەڵکی و ئەرتەشێکی میللی جێیان دەگرنەوە. سەرئەنجام حیزبی دیموکراتی کوردستان لەو بەرنامەیەدا پێشنیار دەکا چەند هەنگاوێک بە تایبەتی لە بواری پیشەسازی‌دا هەڵ بهێنێتەوە (میللی کردنی کانگاکان و ئاوەکان و لێرەوارەکان) و هەروەها لە بواری کشت وکاڵدا (دابەش‌کردنی زەویی دەرەبەگەکان و«دوژمنانی حکوومەتی میللی» بەسەر دێهاتی و هەژارەکان‌دا).

لە ڕاستی‌دا هەر لە ئێستاوە چەند ڕێباز لە نێو حیزبی دیموکرات‌دا سەریان هەڵداوە کە هەتا ڕووخانی شا و شۆڕشی کۆماری ئیسلامی (١٩٧٩) بەردەوام لە ساڵۆنی کۆنگرەو کۆبوونەوەکانی ئەندامان‌دا بەرەو ڕووی یەکتر دەبنەوە. جگە لەوەش هاتنە کایەوەی بارزانی لە ئێران و بەتایبەتی سیاسەتی ناڕوونی ئەو لە بەرامبەر شادا تا کاتی شۆڕش دنە بە ناکۆکیی گەورەی نێو بزووتنەوەی کوردی ئێران دەدا.

# ١

# حیزبی دێموکراتی کوردستان بە نهێنی

دوای شۆڕشی ژوونیەی ١٩٥٨ لە عێراق کە ژەنراڵ قاسم بە دەسەلات دەگەیەنێ بارزانی دەگەڕێتەوە عێراق. لەمەولا حیزبی دیموکراتی کوردستان سەردەمێکی سەخت لە تەمەنی خۆی دەست پێدەکا، چونکە دەکەوێتە ژێر تەوژمی هاوبەشی ساواک(پۆلیسی نهێنیی شا) و سیاسەتی ژەنراڵ بارزانی.

لە راستی‌دا هەر دوای هاتنەوەی بارزانی لە سۆڤیەت لە ئۆکتۆبری ١٩٥٨دا، ژمارەیەک رێبەری کوردی ئێران دەچنە بەغدا بۆ ئەوەی دەگەڵی رێک‌کەون. لەسەرەتادا پێوەندی‌یەکە لە رادەبەدەر باشەو بارزانی تەنانەت پێشنیاریش بە قاسملوو دەکا کە ببێتە سکرتێری حیزبێکی تاقانە بۆ عێراق‌و ئێران‌و تورکیە. هەر لەو کاتەدا لە ئێران، ساواک ژمارەیەک رێبەری حیزبی دیموکراتی کوردستان دەگرێ کە عەزیز یوسفی‌و غەنی بلوریان کە هەر دووکیان ئەندامی کۆمیتەی ناوەندین‌و نزیکەی بیست ساڵ لە زیندان‌دا دەمێننەوە، لەو کەسانەن. ساڵی دوایە ساواک سەرکەوتووترین بەرنامەی دەستگیر کردنی موخالیفانی بەجێ دەگەیەنێ‌و دووسەد و پەنجا کادرو ئەندامی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دەگرێ کە شەریعەتی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی یەکێک لەوان دەبێ. ئەو کەسانە وادیارە ئاشکرا کرابوون.

کوتایی ساڵی ١٩٥٩ حیزبی دیموکراتی کوردستان رێبەرایەتی‌یەکەی یا لە زیندان دایە یان لە بەغدایە کە لەوێش لە ئەمان‌دا نیە. چونکە ئەوان دوای لێک دابرانی قاسم‌و کۆمونیستەکان لەوێش دەردەکرێن‌و ناچار دەبن پەنا بەرنە بەر سووریە، لوبنان، یان ئوورووپا.

## گرتنەپێشی ڕێبازێکی دەستی ڕاستی (کۆنگرەی دووهەم، ١٩٦٤)

ئەوکاتە حیزبی دیموکراتی کوردستان بە لە دەستدانی ئەو ڕێبەرانە لە ڕێبەرە هەرە شۆڕشگێڕەکانی خۆی بێبەش کرابوو، ئەوانەی ساڵی ١٩٥٦ بەرنامەی پێشکەوتنخوازانەی ئەو حیزبەیان دارشتبوو. حیزبی دیموکراتی کوردستانیش کە هەروەک پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق بەسەرباڵی چەپی سەر بە کومونیستو باڵی راستی ناسیۆنالیستی توندرەودا دابەش ببوو، سەرئەنجام ساڵی ١٩٥٩ لە ژێر فشاری ژەنراڵ بارزانیدا بە لای راستدا دەشکێتەوە. ئەوحیزبە پاش ئەوەی لە ڕێبازی دەستی چەپیی خۆیدا زۆر پێش کەوتبوو، لەپاش ساڵی ١٩٦٠ لەژێر دەوری عبداللە اسحاقی(ئەحمەد تۆفیق)دا ڕێبازی دەستی راستی دەگرێتە پێش.

عبداللە اسحاقی کە دامەزرێنەری کۆمیتەی مەهاباد وکەمتەمەنترین ئەندامی ئەو کۆمیتەیە بوو، زۆر لە ژەنراڵ بارزانی نزیک بوو. ئەو کاتێک لە ساڵی ١٩٦٢دا دەبێتە بەرپرسی حیزبی دیموکراتی کوردستان، پشتیوانی لەو خەباتە دەکا کە بارزانی بەڕێوەی دەبا. دواتر دەبێتە سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانو ساڵی ١٩٦٤ کۆنگرەی دووهەمی حیزب لە سونێ(کوردستانی عێراق) دەبەستێ. ئەو کۆنگرەیە بە شێوەیەکی سەیر بەڕێوە دەچێ، چونکە هێندێک لە نوێنەران هەقی ئەوەیان نابێ بە چەکەوە بچنە کۆنگرە... لەو کۆنگرەیەدا کە بەرپرسانی وەک سلیمانو عبداللە معینی بەشدار بوون، عبداللە اسحاقی قازی محەمەد سەرکۆماری مەهاباد بە تاوانی«خەیانەت»و ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی ساڵی ١٩٥٤ بەتاوانی«بەلارێدا چوون» مەحکووم دەکا.

## سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ١٩٦٧-١٩٦٨

گیروگرفتە ئەسلی یەکان پاش ساڵی ١٩٦٤ پەرە دەگرن.کاتێک بارزانی کە خەڵکی کوردستانی ئێران بە ویستی خۆیان یارمەتی یان دابوو ، پێوەندی بە حکومەتی شاوە دەگری. شا بەڵێن بە بارزانی دەدا یارمەتی یەکی گەورەی بدا بەو مەرجەی بارزانی زەمانەتی جێگیربوونی ئارامی یەکی تەواولە کوردستانی ئێران بکا. ئەوە بۆ بارزانی کارێکی ئاسان بوو.بە تایبەتی لە بەر ئەوە کە ئەوکاتە لە رێگای عبدلله اسحاقی یەوە حیزبی دیموکراتی کوردستانی خستبووە ژێر کونترۆڵی تەواوی خۆی.

کەمێک دواتر ، ساڵی ١٩٦٧، ئەو کادرو ئەندامە کوردە ئێرانی یانەی دژی سیاسەتی «خۆ بەدەستەوە دەرانە»ی عبدالله اسحاقین، کۆمیتەیەکی «انقلابی» پێک دێنن. لەو کۆمیتەیەدا عبداللەو سلیمان معینی(کوڕەکانی وەزیری ناوخۆ لە کۆماری مەهاباد)، محمدامین ڕەوندەو عبدالرحمن قاسملو(کە ئەو کاتە لە ئوورووپا بوو) بەشداری دەکەن. لە مانگی مەی ١٩٦٧دا کاتێک بارزانی لە بوونی ئەو تاقمە سەربەخۆیە ئاگادار دەبێ، بە هۆی سامی عبدالرحمانەوە ئەم ئولتیماتۆمەیان بۆ دەنێری:«دەبێ یان لە بەغدا بمێننەوەو هیچ تێکۆشانێکتان نەبێ، یان بچنەوە کوردستانی ئێران و پێوەندیتان لەگەڵ ئێمە نەمێنێ». ئەندامانی کۆمیتەی«انقلابی» بڕیار دەدەن بچنەوە ئێران.

ئەو ئەندامانە کە بە لایەنگرەکانیانەوە سەد کەسێک دەبوون بۆ چوونەوەی ئێران دەبنە دوو تاقم کە یەکەمیان لەکۆتایی مانگی مارسی ١٩٦٧ و دووهەمیان لە مانگی ژوئیەی هەمان ساڵدا دەچێتەوە. ئەو

بزووتنەوەیە کە لە سێگۆشەی مەهاباد- بانە- سەردەشت دا مەکۆی کردبوو دوای ئەوەی زۆر لە ڕێبەرەکانی دەکوژرێن و دەگیرێن، لەنێو دەچێ. لە یازدە ئەندامەکەی کۆمیتەی«انقلابی» پێنجیان شەهید دەبن کە شریفزادە(٢ی مەی ١٩٦٨)، مەلا احمد شلماشی ناسراو بە مەلا ئاوارە(١٠ی مەی ١٩٦٨)(١)و عبدالله معینی(ژوئەنی ١٩٦٨) لەو کەسانەن.

زۆر کەم بزووتنەوەیەکی بەرگری هەبووە ئەوەندە بە خراپی ئامادە کرابێ: تەنیا چەک و چۆڵی شەڕکەرەکانی بریتی بوو لە سێ چوار کەلاشینکۆف، دوو موسەلسەل و هەشتاوپێنج کۆنە تفەنگ. ئەوان کە لە نێوخۆش دا پشتیوانی یەکی ئەوتۆیان نەبوو و موهیمماتەکەیان زوو بەرەو تەواوبوون دەچوو، هەڵەی دیکەیان ئەوە بوو کە جووڵانەوەکەیان لە ناوچەیەکی بەرتەسک دا بەڕێوە دەبرد، ئەمەش بوو بە هۆی ئەوە کە ئەرتەشی ئێران هەموو هێز و هەوڵی خۆی بۆ ئەو ناوچە بەرتەسکە تەرخان بکا. سەرئەنجام، بارزانی کە پێوەندیی ئەو تێکۆشەرانەی لەگەڵ کوردستانی عێراق بەستبوو، هاوکاری لەگەڵ ڕژێمی شا بە جێیەک دەگەیەنێ کە لە بەهاری ١٩٦٨دا سلیمان معینی کە لە سەفەری ئورووپا دەگەڕایەوە و لەوێ چاوی بە عبدالرحمن قاسملوو ئەندامی کۆمیتەی«انقلابی» کەوتبوو، دەگرێ. بارزانی پاش ئەوەی فەرمان دەدا سلیمان معینی ئیعدام بکەن، تەرمەکەی دەداتەوە کاربەدەستانی ئێران کە ئەوانیش ئەو تەرمە لە مەهاباد دەخەنە پێش چاوی خەڵک. نرخی یارمەتیی ئێران بە بارزانی لەمەدا بە روونی دەردەکەوێ.

ساڵی ١٩٦٩ لە کۆنفرانسی دووهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا کە لەلایەن هێمن و ژمارەیەک کادری ئەو حیزبەوە لە

---

(١) مەلا ئاوارە لە ١ی سێپتامبری ١٩٦٨ شەهید بوو، چاپی کوردی

کوردستانی عێراق دەبەستری، عبداللە اسحاقی کە کەوتبوە بەر بێ لوتفیی بارزانییش، لە حیزب دەردەکرێ... بە لەکار لابردنی اسحاقی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەگەڕێتەوە سەر ڕێبازی چەپی خۆی.(١)

## گەڕانەوە بۆسەر ڕێبازی چەپ(سپتامبری ١٩٧٣)

لە پاش ڕێککەوتنەکانی ١١ی مارسی ١٩٧٠ کە ئۆتۆنۆمیی کوردستان بەرەسمی دەناسرێ، بەغدا دەبێتەوە بنکەی کوردەکان. ئەمجار ڕێبەرە پێشکەوتنخوازەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە لە ساڵی ١٩٦٠ەوە پەرتەوەی سووریەو لوبنان و ئورووپا ببوون، دەتوانن بگەڕێنەوە. هەر لە کۆتایی مانگی مارسی ١٩٧٠ش را کۆمیتەی ناوەندی یەکی کاتی ئەرکی ئامادە کردنی پێڕەوو پرۆگرامێکی نوێی پێ دەسپێردرێ کە کۆنفرانسی سێهەمی حیزب لە مانگی ژوئەنی ١٩٧١دا پەسندیان دەکا. لەو کۆنفرانسەدا کۆمیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسی هەڵدەبژێردرێن و عبدالرحمن قاسملوو کە یەکێک لە«وەلاخراوەکان»ی ساڵی ١٩٦٤ بوو، بە سکرتێری گشتی دیاری دەکرێ.

بەم جۆرە حیزبی دێموکراتی کوردستان پاش مەودای درێژی نێوان ساڵەکانی ١٩٦٠ - ١٩٧٠ دەگەڕێتەوە سەر هەڵوێستە پێشکەوتنخوازانەکەی سەرەتای خۆی.... ئەو بادانەوە بەرەو چەپەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەلایەن کۆنگرەی سێهەمەوە(٢٦-٢٢ی سپتامبری ١٩٧٣) پەسند دەکرێ. ئەو کۆنگرەیە هەروەها خەباتی چەکدارانە بە هاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوە شۆڕشگێڕە ئێرانی یەکانی دیکە

(١) عبداللە اسحاقی دوای کونفرانسی سێهەمی حیزب دەرکراوە . چاپی کوردی

لە دژی ڕژێمی شا پسند دەکا. بەرنامەی ئەو حیزبە دەکرێ لەم شوعارەدا کورت بکرێتەوە: «خەبات بۆ وەدیهێنانی گۆڕانکاری یە کۆمەلاٌیەتی یە بنەرەتی یەکان، دیموکراسی لە ئێران و مافە میللی یەکانی گەلی کورد».

## پێوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەگەلٌ حکوومەتی بەعس

لەو کاتەدا عێراق بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستان پشتی بەرەیەکی زۆر باشە، هەربۆیە ئەو حیزبە لەو هەلە کەلٌک وەردەگرێ و بە یارمەتیی دەولٌەتی بەغدا تەشکیلاتی خۆی بەشێوەیەکی بەرچاو بەهێز دەکا. بەغدا هەتا دێ زیاتر لێبڕاویی خۆی بۆ تێکشکاندنی ڕژێمی «کۆنەپەرست و فرەوانخواز»ی شا، ڕژێمێک کە یەکەمین هێزەکانی خۆی لە سەرەتای سالٌی ۱۹۷۳دا ناردبوە ظفار، نیشان دەدا. حیزبی دیموکراتی کوردستانیش کە لەنێو خاکی ئێراندا پێگەیەکی هەبوو ئامرازێک بوو کە بەغدا دەی توانی بەکاری بێنێ. (۱)

بە درێژایی مانگەکانی نێوان تێکچوونی نارەسمیی پێوەندیی بارزانی لەگەلٌ حکوومەتی بەعس(هاوینی ۱۹۷۲) و رەسمی بوونی ئەو نێوان ناخۆشی یە(مارسی ۱۹۷٤)، هاوپەیمانەتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەگەلٌ حکوومەتی بەغدا بە دژی شا بۆ ڕێبەرانی کوردی ئێرانی هیچ عەیبێکی تێدا نەبوو. مەگەر ئەوە هەر ئەو عێراقە پێشکەوتنخواز و دژی ئیمپریالیستە نەبوو کە بۆ یەکەم جار لە مێژوودا ئۆتۆنۆمیی دابوو بە کوردەکانی خوی؟

هەق بلٌێین یارمەتیی بەغدا بە حیزبی دیموکراتی کوردستان قەت

---

(۱) حیزبی دیموکراتی کوردستان لە پێوەندی یەکانی خۆیدا نیشانی داوە کە هیچ کاتێک ئامرازی دەستی ئەم و ئەو نەبووە. چاپی کوردی

ئاگـاتە ئەوەی شـا بەبارزانیی کـردبوو. دیارە لەپاش بەهاری ۱۹۷۳ حیزبی دیموکراتی کوردستان دەفتەرێکی گەورە لە بەغدا دەکاتەوە و هەروەها یارمەتیی مادّدیی و لۆژیستیکی حکوومەتی عیراقی پێ دەگا، بەڵام لەوبارەیەوە هەم حیزبی دیموکراتی کوردستان و هەم دەوڵەتی عیراق زۆر بەپارێزەوە دەدوێن. بەم جۆرە هاوپەیمانەتی یەک لە نێوان بەعس و حیزبی دیموکراتی کوردستان بە دژی شای ئێران و بارزانی(۱) دروست دەبێ. ئەوکاتە شتەکە لە ئەقڵ دەچێتە دەر: هەرکام لە بزووتنەوەکانی کوردی ئێران و عیراق دەبنە هاوپەیمانی دەوڵەتە دوژمنەکەی ئەوی دیکەیان، ئەو دوو دەوڵەتە کە لە راستی دا هەردووکیان دوژمنی گەلی کوردن.

## ئاکامەکانی ڕێککەوتنی ئەلجەزیرە (مارسی ۱۹۷۵)

ئەو بارودۆخە زۆر ناخایەنێ و دوژمنایەتیی نێوان بەعسی یەکان و ژەنراڵ بارزانی پاش ۱۱ی مارسی ۱۹۷٤ سەر لەنوێ دەست پێ دەکاتەوە. ئەمەش ڕێبەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان ناچار دەکا خۆیان ساغ کەنەوە. بەغدا فشاریان بۆدێنێ کە لە ئۆرگانەکەیان دا «کوردستان» بارزانی مەحکووم بکەن، بەڵام ئەوان ئەمە ڕەد دەکەنەوە... هەربۆیە بەعسی یەکان ئەو ئیمکاناتەیان لێ دەستێننەوە کە پێشتر دابوویانێ و ئەو ڕێبەرانەی حیزبیش کە لە بەغدا نیشتەجێ بوون و یەک لەوان عبدالرحمن قاسملوو ناچار دەبن پەنایەکی دیکە بدۆزنەوە. بەم جۆرە پێوەندیی بەعسی یەکان و حیزبی دیموکراتی کوردستان تێک

(۱) هیچ وەخت هاوپەیمانی دژی بارزانی لە نێوان حیزبی دیمۆکرات و دەوڵەتی عیراق دا نەبووە ـ چاپی کوردی

دەچێ.

لە بەرامبەردا هاوپەیمانەتیی بارزانی لەگەڵ حکوومەتی ئێران بەرهەمەکانی لە کوردستان دێنە دی. ئەوکاتە دێنشینە کوردە ئێرانی یەکان هەوڵێن کەسانێکن کە ستایشی رەفتاری شا دەکەن. بۆ وێنە لە فێوریەی ۱۹۷۵دا دێهاتی یەکی کوردی نیشتەجێ لە یەکێک لە گوندە سنووری یەکانی کوردستانی ئێران دەڵێ: «جاران ئێمەو بەتایبەتی خەڵکی مەهاباد هەرچی لەدەستمان هاتبا دەمان کرد بۆ ئەوەی گیروگرفت بۆ شا بخولقێنین. بەڵام لەوەتی شا یارمەتیی بارزانی دەدا مەسەلەکە جیاوازە». ئەو گوند نشینە لە درێژەی قسەکانی دا دەڵێ: «تەنانەت بنەماڵەی قازی محەممەدیش گوتیان "ئێستا کە دەبینن شا بۆ پەنابەرە کوردە عێراقی یەکان ئاوا دەکا ئەوەی بەسەرخۆمانی هێناوە لێی دەبوورین"». ئاشکرایە کە ئەمە لە کاتێکدایە کە رێبەرە کوردە ئێرانی یەکان پێگەی نێوخۆیی خۆیان لەدەست داوە.

رێککەوتنی ٦ی مارسی ۱۹۷۵ دەبێتە هۆی ئەوەی ئەوان ئیدی نەتوانن بۆ چالاکی یەکانیان لەعێراق ڕا بچنەوە نێو خاکی ئێران. لەگەڵ ئەوەش دا ئەو رێککەوتنە ئەو بەرهەمە باشەی هەیە کە ئاشتبوونەوەی رژێمەکانی بەغدا و تاران کە بە زەرەری کوردەکان تەواو بوو، کۆتایی بەو سیستمی دۆستایەتی یە ناسروشتی یە دێنێ کە بزووتنەوەی کورد تووشی هاتبوو. کاتێک لە سەرەتای مانگی مەی ۱۹۷۹دا رێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆنفرانس دەگرن(۱) هەڵسەنگاندنێکی بارودۆخی پێکهاتوو لە ئەنجامی رێککەوتنی ٦ی مارس دا دەکەن و ستراتژی یەکی تازە دادەڕێژن.

---

(۱) لە ساڵی ۱۹۷٦ هیچ کۆنفرانسێک نەگیراوە و ئەوە کۆبوونەوەیەکی ئاسایی کۆمیتەی ناوەندی بووە . چاپی کوردی

ئەوان کە ئیدی هیچ بنکەیەکیان لە ولاتێکی دراوسێ‌دا نەماوە دەکەونە هەلومەرجێکی ئەوندە سەختەوە قاسملوو ناچار کۆنفرانسی نوێی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ژووئیەی ۱۹۷۷دا لە فەرانسە لە کۆشکی مۆنلیڤۆ لە ئوستانی«لوارئێ شێر»ی ئەو ولاتەدا دەگرێ کە هێمنی شاعیرو ژمارەیەک ئەندامی دەفتەری سیاسیشی تێدا بەشدار دەبن.(۱) قاسملوو کە ئەوکاتە لە قوتابخانەی زمانە رۆژهەلاتی یەکان دەرس دەلێتەوە، لە مانەوەی لە فەرانسە کەلک وەردەگرێ بۆ ئەوەی لەگەلْ رێبەرانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیی نیشتەجێ لە پاریس و بەتایبەتی رێبەرانی جبهەی میللی پێوەندی دابمەزرێنێ. بەلام ئەویش وەک هەموو کەس تەنیا سەیرکەری رووداوەکان دەبێ‌و تا ئاخر سات نازانێ رووخانی شا ئەوەندە نزیکە.

(۱) ئەمەشیان هەر کۆبوونەوەیەکی ئاسایی کۆمیتەی ناوەندی بوو - چاپی کوردی

# ٢
# مۆژدەكانی شۆڕشی ئیسلامی (فێوریەی ١٩٧٩)

هەر وەک بەشەكانی دیكەی ئێران، كوردستانیش بە بوومەلەرزەی ئەو خۆپێشاندانە گەورە خەڵكی‌یانە دەلەرزێتەوە كە پاش هاوینی ١٩٧٨یەک لەدوای یەک لە شارە گەورەكان وەڕێ دەخرێن. پێشتریش لە كاتی ناشتنی عزیز یوسفی‌دا كە یەكێک لە رێبەرە مێژوویی‌یەكانی حیزبی دیموكراتی كوردستان بوو و بیست ساڵ لە زیندان مابۆوە و ساڵی ١٩٧٧ كەمێک پاش ئازادبوونی كۆچی دوایی كردبوو، خۆپێشاندانێكی گەورە لە رۆژی ٩ی ژوئەنی ١٩٧٨ لەسەر گڵكۆیەكەی وەڕێ خرابوو. قاسملوو كە لە ١٧ی نوامبری ١٩٧٨ بە نهێنی‌و بە رێگای جەڵدیان‌دا گەڕابۆوە ئێران، شەوی دواتر دەگاتە شارێكی ناوچەی مەهاباد كە كەشی ئاخرین كاتەكانی دەسەڵاتی شای بەسەردا

زاڵه. خۆپیشاندەران جادەکان دەگرن و ئاگر لە دەیان تەگەر بەردەدەن کە بە تیشکی ترسناکی خۆیان شار رووناک دەکەنەوە.

قاسملوو پێنج حەوتوو لە مەهاباد دەمێنێتەوە، بەڵام زۆر زوو هەمووکەس بە بوونی ئەو لەوێ دەزانێ و ناچار دەبێ خۆی بشارێتەوە. هەر بۆیە ئەو کەسەی دواتر لە رێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا جێی دەگرێتەوە دێتە مەهاباد و لەگەڵ خۆی دەیبا بۆ تاران بۆ ئەوەی لەماڵەکەی خۆی دا حەشاری بدا. لەوێ کە قاسملوو بەهۆی فتقی دیسکی لە جێ دا دەکەوێ چاوی بە صادق وزیری دەکەوێ کە بیست و پێنج ساڵ پێشتر ئەو کاتەی قاسملوو ئەندامی توودە بوو بەرپرسی ئەو شانەیە بوو کە خۆی تێی دا بوو. صادق وزیری کە ئاریستۆکرات و سەر بە بنەماڵەی میرەکانی ئەردەڵانی سنە و پارێزەر (وکیل) ێکی بە ناوبانگە و وادیارە زۆر رێز بۆ قاسملوو دادەنێ، هەر کە دەزانێ لە تارانە بەپەلە دەچێ لەو ئاپارتمانەی خۆی تێدا حەشارداوە دەی‌بینێ. ئەو دووانە پاشان هەموو هەینی‌یەک بۆ باس و گفتگۆی دوور و درێژ یەکتر دەبیننەوە، ئیدی بێ ئەوە کە مەعلووم بێ کێ مامۆستایە و کێ قوتابی.

لە یەکێک لەو باسە درێژانەدا صادق وزیری پێشنیارێک دەکا کە ئاکامەکانی زۆر گران دەبن. ئەو بەقاسملوو دەڵێ: «لە دژی ئایەتوڵڵا خومەینی دەبێ مەلایەکمان لەگەڵ بێ». دوای ئەوە پێکەوە بە ناوی ئەو کەسانەدا دەچنەوە کە دەکرێ بۆ ئەو مەبەستە دیاری بکرێن، یەک لەوان احمد موفتی‌زادە لە سنە دەبێ، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو پیاوە زۆر پارێزگار (محافظەکار)ە، ئەو دیاری ناکەن. ئەوان سەرئەنجام لەسەر شێخ عزالدین حسینی کە ئیمام جومعەی مەهاباد و ئایینی یەکی مەرمووز بوو رێک دەکەون. شێخ عزالدین کە بەم جۆرە بەهۆی حیزبی

(١) پێش گەڕانەوەی دوکتور قاسملوو بۆ ئێران شێخ عزالدین لە کۆمەڵی کوردەواری دا وەک رێبەرێک چاو لێ دەکرا . چاپی کوردی

دیموکراتی کوردستانەوە دەهێنرێتە نێو مەیدانی، زۆر زوو لە کونترۆلی ئەو حیزبە دەردەچێ و دواتریش دەبێتە داردەستی کۆمەڵە.

لەو نێوەدا ڕووداوەکان بە خێرایی تێپەڕ دەبن: دووحەوتوو پاش ڕۆیشتنی شا (١٦ی ژانویەی ١٩٧٩)، خومەینی دەگەڕێتەوە ئێران و داوا لە بازرگان دەکا حکوومەتێکی کاتی پێک‌بێنێ (٥ی فێوریە). کوردەکانی ئێران ئەوکاتە پێیان وایە کە شۆڕشی ئیسلامی دەرفەتی ئەوەیان پێ‌دەدا سەرئەنجام خەونی خۆیان لەسەر گەیشتن بە خودموختاری لە ئێرانێکی دیموکراتیک‌دا وەدی بێنن.

بەڵام هەر لەیەکەم ڕۆژەکانی دامەزرانی ڕێژیمی تازەدا ڕووداوی ناخۆش لەو شارانەدا ڕوو دەدەن کە کۆمیتەکانی سەر بە خومەینی کۆنترۆڵیان دەکەن. پێویستە بڵێین کوردستانی ئێران هەر بەتەنیا کوردی لێ ناژین، کەمایەتی‌یەکی زۆر گرینگی ئازەری لێ‌یە کە بە ڕەچەڵەک تورک و بە ئایین شیعەن، ئەوان بەتایبەتی لە ئازەربایجانی ڕۆژئاوا دەژین کە لەوێ نزیکەی ٣٥٪ی دانیشتووان پێک دێنن. ئەگەر شارەکانی مەهاباد «پێتەخت»ی مێژوویی کوردستانی ئێران، سەردەشت، بۆکان و شنۆ کوردن، شارەکانی دیکە- ورمێ، میاندواو، نەغەدە، شاپوور، خۆی و ماکۆ زۆربەی دانیشتووانیان ئازەرین، بەڵام بە گوندی کوردنشین دەورە دراون. هەروەها لە باشوور لە کاتێک‌دا ئوستانی کوردستان (دەوروبەری سنە) کوردی سوننیی لێ دەژین، دانیشتووانی کرماشان زۆربەیان کوردی شیعەن. سەرئەنجام، چوارەمین ئوستان کە کوردەکان داوای دەکەن، تەواوی دانیشتووانی شیعەن. هەربۆیە کۆمیتە (انقلابی)یەکان کە دوای ڕووخانی حکوومەتی بختیار لە کوردستان پێک دێن، بەرپرسەکانیان هەمیشە کورد نابن.

دیارە لە مەهاباد کۆمیتەیەکی (انقلابی)ی کوردی دادەمەزرێ کە لە خودموختاریخوازەکان پێک‌هاتبوو. لە ورمێ یا لە کرماشان

کۆمیتەکان ئیسلامی و لایەنگری خومەینین. لە سنە کوردێکی سوننی، احمد موفتی‌زادە کە پەیمانی وەفاداریی بە خومەینی دابوو سەرۆکی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی شارە.

ئەو بارودۆخە بۆ کوردەکان زۆر نارۆوونە. لەحالێکدا حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ئیددیعا دەکا کە ڕێکخراوێکی سیاسیی سەرەکیی کوردستانی ئێرانە، لەماوەی ئەو چەند مانگە پڕ شڵەژانەی شۆڕش‌دا ڕێکخراوی دیکەش گەشە دەکەن. لەنێو ئەو ڕێکخراوانەدا کۆمەڵە کە حیزبێکی مارکسیست-لینینیستی سەربە ڕێبازی مائۆیە لە سپتامبری١٩٧٨دا دامەزراوە، لە هێندێک ناوچەی کوردستان و بەتایبەتی لە دەورووبەری بۆکان زۆر بەقووڵی جێی خۆی کردۆتەوە. لە کوردستان هەروەها ڕێکخراوی(ئێرانیی) فیدائیانی خەلق هەیە. جگە لەوانە، هێندێک ڕێکخراوی دیکەی وەک«بزووتنەوەی بەرگری لە ئازادی‌یەکان و لە شۆڕش لە کوردستان‌دا» هەن کە ماوەیەکی زۆر نامێننەوە. لە پەنای ئەو ڕێکخراوانە پێویستە ناوی شێخ عزالدین حسینی بێنین کە خۆی بە ڕێبەری روحانیی کوردستان دادەنا(١). ئەو لایەنە جۆراوجۆرانە لە شوورای (انقلابی)ی مەهاباددا کۆدەبنەوە، بەڵام ئەو هاونشینی‌یە زۆرجار کارێکی ئاسان نیە.

## سەرکردەیەکی کورد کە لە ئورووپا پێ‌گەیشتبوو

عبدالرحمان قاسملوو کە بە پێی ئەسناد لە ٢١ ی دیسامبری ١٩٣٠دا لە دایک بووە، ڕێکەوتی دروستی لە دایک بوونی خۆی نازانێ. ئەو دەڵێ: دایکم دەی‌گوت ئەمن سالی کوشتنی سمکۆ

(١) شێخ عزالدین زیاتر لەوە کە خۆی بە ڕێبەری ئایینی بزانێ، خۆی بە ڕێبەری سیاسی کوردان دادەنا. - چاپی کوردی

(١٩٣٠) هاتوومە دنیا. بەڵام دایکم هەمیشە لەگەڵ ئامۆزایەکم کە تەمەنی باوکمی هەبوو لە سەر وەختی لە دایک بوونی من بە کێشە دەهاتن. دایکم دەی‌گوت ئەمنی لە زستاندا بووە. ئامۆزاکەشم دەی‌گوت لە مانگی ژوئەندا، ئەو کاتە کە میوە پێ‌گەیشتبوو!».

باوکی، محمد قاسملوو (١٩٦٤ - ١٨٧٠) دەرەبەگێکی گەورەی کورد بووەو پێنج دێی هەبوون کە ناوی بنەماڵەکەیان لە ناوی یەکێک لەو گوندانەوە دێ. ئەو پیاوە بیست‌و شەش ژنی هێنابوو کە یەک لەوان ئاسووری‌یەکی مەسیحی بووە و عەبدالرحمن لەو بووە. ساڵی ١٩٤١ کاتێک هێزە سۆڤیەتی‌یەکان لە شەڕی دووەمی جیهانی‌دا دێنە کوردستان. محمدی قاسملوو بە هۆی ئەوە کە بیرەوەری‌یەکی زۆر ناخۆشی لە ماڵیات وەرگرتنی لە رادەبەدەری ئەرتەشی رووس لە کوردستان لە سەردەمی یەکەم شەڕی جیهانی‌دا هەبوو، بڕیار دەدا خۆی و بنەماڵەکەی رابکەن بۆ عێراق.

عبدالرحمانی بچووک کە ئەوکاتە هەر هەشت نۆدە ساڵ دەبێ، بێ ئەوەی بەکەس بڵێ لەگەڵ هەڤاڵێکی دەچێتە لای رووسەکان، شتێک کە دەبێتە هۆی ئەوەی باوکی لەو بڕیارەی پاشگەز بێتەوە. ئەو ئەم سەردانە ئاوا دەگێڕێتەوە: «ئەوان لە بالانیش(گوندی تەنیشتی قاسملوو) بوون..ئەمە یەکەم جار بوو چاوم بە تانگان دەکەوت. لە دووڕا لێمان روانین و دوایە ترسەکەمان شکاو چووینە لایان. سەربازەکان لە گەڵ ئێمە زۆر میهرەبان بوون و نوقڵ و تراکتیان داینێ. کە هاتینەوە بو ماڵێ مسەلەکەمان بۆ باوکم گێڕایەوە و کاتێک بە قسەکانمان خاترجەم بوو، بارگەو بنەی پێ کردینەوە و رۆژی دوایەش بۆ خۆی چووە لای رووسەکان». ئەوان دوایە ئەو پێوەندی‌یە درێژە دەدەن و محمدی قاسملوو یەکێک لەو دەرەبەگە کوردانە دەبێ کە بۆ باکۆ دەعوەت دەکرێن.

عبدالرحمانی گەنج بە شێوەی سوننەتیی منداڵێکی کوردی دێهاتیی سەر بە بنەماڵەیەکی دەوڵەمەند پەروەردە دەکرێ. ئەو هەر لە تەمەنی چوار پێنج ساڵیەوە سواری ئەسپ دەبێ، و دەچێتە قوتابخانەی قورئان خوێندنی گوند کە زۆر جار لە گەڵ ئامۆزایەکی کە لە تەمەنی بابیدا دەبێ ئەوێ بە جێ دێڵن و دەچنە مەدرەسەی ئۆردوویی. ئەو کە بۆ خۆشی دان بەوە دادەنێ کە لە ژیاندا سەردەمێکی عارفانەی هەبووە بە پێچەوانەی زۆربەی هاوالەکانی زۆر باش عەرەبی فێر دەبێ و لە پێشبڕکێی شێعریدا کە بە هۆیەوە زەینێکی ئابڤانە پەروەردە دەکا شارەزا دەبێ. بەڵام زۆر زوو کاتێک دەچێتە قوناخی ناوەندی دەست دەکا بە خوێندنەوەی کتێبەکانی مارکسیسم کە ئەو کاتە لە ئێران بەدزی دەستاودەستیان پێ دەکرا. کاتێکیش بۆ خوێندنی زانستگا بەبورسی شاهەنشاهیەوە دەچێتە فەرانسە ئیدی مێشکی لە بیروباوەڕی شۆڕشگێڕی پڕ دەبێ.

ئەو دواتر بەشێوەیەکی زۆر خۆش باسی حەپەساویی ئەو «لاوە کوردە وەحشی یە» دەکا کە گەیشتبووە فەرانسە(١٩٤٩). بەڵام زۆر زوو تێکۆشانی سیاسیی خۆی دەست پێ دەکا و بەهۆی ئەوە کە لە کۆبوونەوەیەکی ئۆپۆزیسیۆن لە دژی شادا بەشدار دەبێ، بورسەکەی لێ دەستێننەوە و ناچار دەبێ لە چێکوسلۆواکی خوێندنی ئابووری درێژە بدا. ئەو وڵاتە ئەودەم بەدڵەوە« لاوە پێشکەوتنخوازەکانی رۆژهەڵاتی نێوەراستی وەردەگرت».

لە چێکوسلۆواکی لەگەڵ هێلێن کرولیش ژیانی هاوبەش پێک دێنێ و دوو کچیان دەبن: مینا (پراگ، ١٩٥٣) و هیوا (تاران، ١٩٥٥). کاتێک لە مانگی مەی ١٩٥١دا مصدق دەبێتە سەرۆک وەزیر، قاسملوو کە ئەوکاتە لیسانسی ئابووریی وەرگرتبوو دەگەڕێتەوە ئێرانی پڕ جۆش و خرۆش. ئەوکاتە حیزبی دێموکراتی کوردستانیش

لەژێر رێبەریی عزیز یوسفی و غنی بلوریان‌دا لەحاڵی گەشەکردنەوە دایە. قاسملووش کە ئەوکاتە لاوێکی کۆمونیستە لە مەهاباد بۆ حیزب و لە تارانیش بۆ توودە کار دەکا. لە مارسی ١٩٥٢دا ئەرکی رێکخستنی خۆپێشاندانەکانی دەوری پارلمانی دەدرێتێ و سەرۆکی شانەکەی صادق وزیری هەڵبژاردەی مەهابادە کە دواتر شا ئەو هەڵبژێراوی یە هەڵدەوەشێنێتەوە.

دوای کوودیتای ١٩ی ئوتی ١٩٥٣ لە دژی مصدق، قاسملوو چەند حەوتوویەک لە تەورێز خۆی دەشارێتەوە. ئینجا دەگەڕێتەوە تاران و لەوێ چاوەڕوان دەبێ حیزبی توودە راپەڕینێکی چەکدارانە وەڕێ بخا، شتێک کە وەدی نایە. هەر بۆیە بۆ ماوەی دوو مانگ لە مەهاباد لە ماڵی مینا قازی خێزانی قازی محەممەد خۆی حەشار دەدا و لەو دەرفەتەدا کەڵکێکی زۆرباش لە کتێبخانەی سەرۆکی کوردی کۆمارەکەی١٩٤٦ وەردەگرێ و لەگەڵ ژنی قازی محەممەد کە داستانی کۆماری مەهاباد و دواکاتەکانی و پێوەندی یەکانی قازی محەممەد لەگەڵ بارزانی بۆ دەگێڕێتەوە، بەردەوام باس و گفتگۆ دەکا.

قاسملوو پاش ئەوەی بۆ ماوەی دوو ساڵ بە نهێنی لە گوندەکانی دەورووبەری مەهاباد دەمێنێتەوە، لە مانگی مەی ١٩٥٥دا لە کۆنفرانسی یەکەمی حیزبی دیموکراتی کوردستان‌دا بەشدار دەبێ کە لە شاخ و لە سێ کیلۆمیتریی مەهاباد دەگیرێ. هەر ئەو ساڵە بە نهێنی دەچێتە عێراق و لەوێ مانگێک لە کەرکووک لە ماڵی ابراهیم احمد و پاشان لە بەغدا لە ماڵی نوری شاوەیس دەمێنێتەوە.

قاسملوو هەر ئەوکاتە بۆخۆی شەخسییەتێک بوو. ئەو رێبەرایەتی حیزبێکی شۆڕشگێڕی لە نهێنی‌دا دەکرد و لە نێوان دیمەشق، پراگ، بەغدا و تاران‌دا لە هاتوچۆ دابوو. دوا سەفەری ئەو بۆ تاران ساڵی ١٩٥٧ دەبێ و هەتا بیست و یەک ساڵ دواتر ئەو شارە نابینێتەوە.

دوای شۆڕشی ١٩٥٨ی عێراق و پازده ڕۆژ پاش گەیشتنی ژەنراڵ بارزانی، لەگەڵ خێزانی لە بەغدا نیشتەجێ دەبێ و لەوێ بە ڕێکوپێکی چاوی بە بارزانی دەکەوێ. لە مانگی مارسی ١٩٦٠دا کاتێک عبدالکریم قاسم ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ئەوانەی بە«کۆمونیست»ی دەزانێ، لە بەغدا دەردەکا، قاسملوو بە بارزانی ڕادەگەیەنێ: «قاسم یاریت پێ دەکا، ئەگەر ئەمڕۆ لە کۆمونیستەکانی داوە، سبەینێ نۆرەی تۆ دێ». بارزانی لە وەڵام دا دەڵێ: « ئەمن ناتوانم بە نهێنی بژیم، تفەنگەکەم تاو دەدەمێ و وەشاخان دەکەوم».

بەم جۆرە قاسملوو دەگەڕێتەوە پراگ و تا ساڵی ١٩٧٠ لەوێ دەمێنێتەوە. ئەو لەو دەرفەتەدا تێزەکەی دوکتورای ئابووری کە بۆ ئابووری کوردستانی تەرخان کردبوو و ساڵی ١٩٦٥ لە لەندەن چاپ دەبێ، تەواو دەکا و لە زانستگەی سەنت شارل خەریکی دەرس گوتنەوە دەبێ. ئەو زۆر بە «بەهاری پراگ» هەوادار دەبێ و بەناڕەحەتی و بێزارییشەوە شایەتی تێکشکانی ئەو ئەزموونە و ئەو سەرکوتە دەبێ کە بەدوای دا هات. قاسملوو ئەوکاتە بە یەکجاری پێوەندیی خۆی لەگەڵ جوولا نەوەی کۆمونیستی و لقە ئێرانی یەکەی واتە حیزبی توودە دەبڕێ.

ئیمزاکرانی ڕێککەوتنەکانی مارسی ١٩٧٠ لە نێوان ژەنراڵ بارزانی و صدام حسین جێگری سەرکۆماردا دەرفەتی وەی دەداتێ بێتەوە لە بەغدا بژی و لەوێ دەبێتە ڕاوێژکاری تەکنیکیی وەزیری نەخشەکێشان (١٩٧١). قاسملوو ئەوکاتە کۆنترۆڵی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەگرێتە دەست و لە ژوئەنی ١٩٧١دا بەسکرتێری گشتیی ئەو حیزبە هەڵ دەبژێردرێ. ئەو لەبەر ئەوەی پێوەندیی باشی هەم لەگەڵ کاربەدەستانی بەغدا و هەم لەگەڵ ژەنراڵ بارزانی دەبێ، کاتێک ساڵی ١٩٧٤ پێوەندیی ئەو دووانە تێک دەچێ، هەوڵ دەدا نێوبژی یان بکا، بەڵام هەوڵەکانی بێ ناکام دەبن. کاتێکیش لە مانگی مارسی ١٩٧٤دا شەڕ

دەست پێ دەکاتەوە لەبەر ئەوەی قبوڵ ناکا لە ڕۆژنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستان‌دا بارزانی مەحکووم بکا، ناچار دەبێ سەرلەنوێ ئاوارەی پراگ بێتەوە.

بەڵام لەوێش، لەبەر ئەوەی پێوەندیی ئەو ڕێبەرانی حیزبی توودە زۆر خراپە، ڕێبەرانی چێکۆسلۆواکی کە یاری بە کارتی پشتیوانی کردن لە حیزبە براکان دەکەن، ناچاری دەکەن کە پەنا بۆ شوێنێکی دیکە بەرێ. لە ئاوریلی ١٩٧٦دا قاسملوو دەچێتە پاریس‌و چەند مانگ دواتر خێزانی کە کاربەدەستانی پراگ لە نێوان جودابوونەوە لە مێردەکەی‌و بەجێ‌هێشتنی وڵات‌دا! دەی‌کەنە سەرپشک، دەچێتە لای.

قاسملوو لە مانەوەی لە فەرانسە(١٩٧٨-١٩٧٦) بۆ دامەزراندنی پێوەندی لەگەڵ بەرپرسانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی کەڵک وردەگرێ. بەڵام لەوێ وەک سەرکردەیەکی ئاوارەو نەناسراوی حیزبێکی شۆڕشگێڕ دەمێنێتەوەو هیچ پێوەندی‌یەکی لەگەڵ بەرپرسانی سیاسیی فەرانسە یا ئورووپا نابێ. ئەوکاتە هیچ کەس پێش‌بینیی نەدەکرد ئەو مامۆستا کوردەی زمانە ڕۆژهەڵاتی‌یەکان، چەند مانگ دواتر ڕاپەڕینێکی چەکدارانە بەرێوە دەبا کە ڕێژیمی خومەینی وەلەرزە دەخا...

عبدالرحمان قاسملوو کە شەش حەوت زمانی بە ڕەوانی دەزانین، مرۆڤێکی یەکجار بەفەرهەنگ‌و خاوەنی زەینێکی زۆر بەهێز بوو‌و لە هەر وەزعێک‌دا دەی‌توانی توانای تەنزیی خۆی بەکار بێنێ. ئەو بێ‌شک ئەزموونی سیاسیی ئەوەندەشی هەبوو کە خودموختاری لە وڵاتێکی گەورەی وەک ئێران بۆ یەکێک لە ناوچەکانی وەربگرێ. قاسملوو کە زۆر لەنزیکەوە ئاگای لە ئاخرین وتووێژەکانی نێوان بارزانی‌و بەغدا لە مانگەکانی فێوریەو مارسی ١٩٧٤دا بوو، لەهەر ڕێبەرێکی ناسیونالیستی کورد باشتر دەی‌زانی کە ئەگەر کورد دەتوانێ لە شەڕدا بیباتەوە لە وتووێژدا دەی دۆڕێنێ.

ستراتیژی‌و هاوپەیمانەتی‌یەکانی زۆر بە ڕوونی دەبینێ‌و

دەی گوت: " ئێمە ئەگەر بتوانین ناوچەیەکی ئازادکراو شەش مانگ بپارێزین، ئەوە ئیدی سەرکەوتووین". قاسملوو لەکاتێکدا ئەمەی دەگوت کە هیوایەکی لەم چەشنە زور بەدوور بوو، سەرەڕای ئەوەش ئەو خوش بینی یەکی لە خوی نیشان دەدا کە دواتر رووداوەکان پێچەوانەکەیان نیشان دا.قاسملوو دەی گوت: "ئەو کاتە ئێمە گیروگرفتێکمان بو وەدەست هێنانی چەک و چوڵ و پارە نابێ... کێ یارمەتیمان دەدا؟ ئامریکایی یەکان کومەگمان پێ ناکەن _ ئەوان نایانەوێ ئیران و تورکیە لە خویان بهاروورژێنن، بەڵام رووسەکان دەی کەن".

چەند مانگ دوای ئەو قسەیە، قاسملوو کە بێ دەسەڵاتانە شاهیدی تێکشکانی سوسیالزمی بە سیما ئینساندوستی دوبچێک[سەروکی حیزبی کومونیستی چیکوسلوواکی و رێبەری بەهاری پراگ] بەهوی تانکەکانی پەیمانی فارسوفی ببوو، بەئاشکرا دەی گوت:"ئێمە حەز دەکەین رووسەکان یارمەتیمان بدەن، بەڵام نامانەوێ سەربازە رووسەکان بێن ئازادمان بکەن، ئەگینا ئەودەم حیسابمان رویشتووە!" قاسملوو هەرچەند لە توودە دادەبڕێ، بەڵام هەر مارکسیست دەمینێتەوە و دەیەوێ سوسیالیزمێکی دیموکراتیک لە کوردستان دابمەزرێنێ... ئەو لە سەرکردایەتی حیزب لە پشتکاوێ دەی گوت:" ئێمە سوسیالیزمی دیموکراتیکمان دەوێ... ئێمە بە پێچەوانەی کرایسکی[سیاسەتمەداری ئوتریشی] کە سەرمایەداری بەڕێوە دەبا، سوسیال دیموکرات نین... ئێمە سوسیالیزمان وەک چیکوسلوواکی دەوێ، بەڵام دەمانەوێ دیموکراسیشی لەگەڵ بێ".

عبدالرحمن قاسملوو کە سرووشتێکی ماموستایانەی هەبوو، حیزبی دیموکراتی کوردستانی بە یارمەتی هاوڕێیانی لە دەفتەری سیاسی بەڕێوە دەبرد کە بریتی بوون لە: امیر قازی، غنی بلوریان، محمدامین روند خەڵکی مەهاباد و

حیسامی خەڵکی نەغەدە)(١)، هەروەها کۆمیتە ناوەندی یەکی یازدە ئەندامی کە پازدە راوێژکاریان هەبوو. قاسملوو کە هێندێک کەس کە دواتر لە حیزبەکەی جیا دەبنەوە تاوانی «دیکتاتۆر سیفەت»یان دەدایە پاڵ، حەزی دەکرد لە حیزبەکەیدا کادر پەروەردە بکریٚو باس و وتووێژ رێک بخرێ. ئەو بە پێچەوانەی کەسێکی مەکتەبی دەدوا و بۆ نموونە لە کۆبوونەوەیەکی دەفتەری سیاسیدا گوتبووی :«تێزەکانی سوسلۆف گرینگی یەکی وەهایان نیە. ئەوەی گرنگە ئەو بیرانەن کە سەرچاوەکەیان کومەڵی کورد و رابردووی خۆتانە.»

لە حالێکدا تەواوی رێبەرە ئێرانی یەکان لێی بەشک بوون کە خەونی کوردستانێکی گەورە کە سنوورەکانی هەموو رۆژهەڵاتی نێوەراست تێک دەدا لە مێشکیدا پەروەردە بکا، قاسملوو بە درێژایی تێکۆشانی، داخوازەکانی لە چوارچێوەی کوردستانی ئێراندا هێشتەوە و لەو بارەیەوە روون و سوور بوو. ئەو لە لێکۆڵینەوەیەکدا لە سەر کوردستانی ئێران کە چەند مانگ پێش گەرانەوەی بۆ کوردستان چاپ کرا دەنووسێ:« ئەگەر چی هەڵو مەرجی وەک یەکی ئابووری، سیاسی و کومەڵایەتی[لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا] بە روونی دەبینرێ و ئەمە «سیمایەکی هاوبەش»یان دەداتێ، بەڵام نابێ لەو تایبەتەندی یە هاوبەشانەدا موبالغە بکەین». قاسملوو پێ لە سەر ئەوە دادەگرێ کە:«ئەوە تەنیا سنوورەکان نین کە کوردەکانی تورکیە، ئێران و عێراق لێک جیادەکەنەوە. چونکە ئەوان بە درێژایی دەیان ساڵ کەوتوونەتە ژێر شوێنەواری جیاوازی پێوەندی‌دار بە هەرکام لەو ولاتانەی لێی ژیاون».

بەڵام کاتێک قاسملوو باسی رێ‌تێ چوونی خەباتێکی درێژخایەن دەکا دەڵێ:«ئەگەر خەباتی ئێمە درێژ بێتەوە، بۆ زیاتر لە خودموختاری

(١) حیزبی دێموکراتی کوردستان هیچ کات دەفتەری سیاسی یەکی بەو تەرکیبەی نەبووە . چاپی کوردی

خەبات دەکەین. هانی الحسن [کە پەیامێکی قاسملووی بە خومەینی گەیاندبوو] لەوبارەیەوە بە کاربەدەستانی تارانی گوتبوو: ئێمەی فەلەستینی لەسەرەتادا خەباتمان بۆ ئەوە دەکرد کەلێمان گەڕێن لەسەر خاکی خۆمان بین. کاتێک ژمارەی شەهیدەکانمان چووەسەری دەمانتوانی بە«لامەرکەزیەت»ێکی ئیداری رازی بین، بەڵام داوای ئۆتۆنۆمیمان کرد و ئێستا سەربەخۆیی مان دەوێ».

### یەکەمین تێکهەڵچوونەکان، یەکەمین وتووێژەکان

ساڵی ١٩٧٩ بارودۆخی شارەکانی کوردستان زۆر لە تەقینەوە نزیکە، ئەمەش بە تایبەتی بەهۆی ئەوە کە لە زۆربەی ئەو شارانەدا پادگانەکانی ئەرتەشی ئێران هەر لە جێی خۆیان بوون و کاربەدەستەتازەکان هێشتا دەرفەتیان بۆ نەرەخسابوو فەرماندەی نوێیان بۆ دیاری بکەن.

لە هێندێک لەو پادگانانەدا راپەڕین کە جاری وایە نێوخۆیین روو دەدەن. لە یەکەمی فێوریەی ١٩٧٩دا کوردەکان پادگانی سەردەشت دەگرن و دەست بەسەر موهیمات و ئەرزاقێکی زۆردا دەگرن. تێکهەڵچوونە یەک لەدوای یەکەکان دەبنە هۆی ئەوەی بازرگان، داریوش فروهەر جێگری سکرتێری گشتیی جەبهەی میللی و سەرۆکی حیزبی میللەتی ئێران بنێرێتە کوردستان.

فروهەر لە ١٤ی فێوریە لە مەهاباد چاوی بە دەستەیەکی نوێنەرایەتیی کورد دەکەوێ کە لەو کەسانە پێکهاتوە: عبدالرحمن قاسملوو(کە ئەوە یەکەم جارە خۆی وەدەر دەخا)، غنی بلوریان، صلاح مهتدی، شێخ عزالدین حسینی و نوێنەرێکی کۆمەڵە. چاوپێکەوتنەکە لە کەشێکی خۆشدا بەڕێوە دەچێ. ژەنراڵ پزشکپور فەرماندەی

پادگان‌و زاوای داریوش فروهر کاتێک چاوی بە قاسملوو دەکەوێ هاوار دەکا:«ئای، ئەوەش ئەتۆ! دەمێک بوو دەمویست بت‌بینم!» ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستان کە حیزبەکەی هەروا قەدەغەیە لە وەڵام‌دا بە پێکەنینەوە دەڵێ:« کەواتە بەدوام‌دا گەڕاوی!»

لەو وتووێژەدا نوێنەرانی کورد ژمارەیەک داخواز دەخەنە ڕوو کە بە«شەش ماددەکانی مەهاباد» ناسراون‌و ئەمانەن: مافە میللی‌یەکانی گەلی کورد دەبێ لە چوارچێوەی خودموختاری‌دا وەدی بهێنرێن‌و لە قانوونی ئەساسیش‌دا بنووسرێن؛ سنووری جوغرافیایی‌یەکانی کوردستان لەسەر بنەمای فاکتۆرە مێژوویی و جوغرافیایی‌یەکان‌و، هەروەها بەپێی بڕیاری زۆربەی دانیشتوانی ئەو ناوچانە دیاری بکرێن؛ کوردستانی خودموختار لە ڕێگای دەنگدانی گشتی‌یەوە شوورایەکی گشتی هەڵ‌بژێرێ؛ شوورای گشتیی کوردستانی خودموختار کۆمیسیۆنێکی ئیجرایی بۆ بەرەوپێش‌بردنی کاروباری ئابووری، فەرهەنگی‌و بەڕێوەبەرایەتی هەڵ‌بژێرێ؛ زمانی کوردی زمانی ڕەسمیی کوردستانی خودموختار بێ لە پەنا زمانی فارسی؛ هەموو کاروبارە نێوخۆیی‌یەکان تەنانەت کاروباری ئەمنییەتیش لە دەست ئۆرگانەکانی ناوچەی خودموختار دابێ.

دەستەی نوێنەرایەتیی کورد هەروەها داوا دەکا پادگانی مەهاباد بکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی«شوورای انقلاب»ی مەهاباد. ڕۆژی دوایە هەر دوولا لە ماڵی شێخ عزالدین یەکتر دەبیننەوە. داریوش فروهر کە دوکتور مکرییشی لەگەڵ‌دا دەبێ پێیان دەڵێ وستی کوردەکان قبوڵ کراون‌و فەرماندەریی پادگان دەگۆڕێ‌و حیزبی دێموکراتی کوردستان دەتوانێ تێکۆشانی ئازادی هەبێ. بەم جۆرە وتووێژەکان بە شێوەیەکی باش دەست پێ‌دەکەن.

پاش چاوپێکەوتنەکە، لەکاتێک‌دا نوێنەرانی کورد بەمەبەستی

بەشداری کردن لە کۆبوونەوەیەکی گەورەدا دەچنە مزگەوتی گەورەی مەهاباد، ئەفسەرانی پادگان رادەپەڕن و یەکێک لە سەربازەکان فەرماندەی پادگان بریندار دەکا. بەدوای ئەوەدا سەدوپەنجا پێشمەرگەی حیزبی دیموکراتی کوردستان دەوری پادگان دەگرن و سەرئەنجام پادگانەکە خۆ بەدەستەوە دەدا. عەبدالرحمان قاسملوو لەوبارەیەوە دەڵێ: «ئەمەبۆ وتوویژەکانمان شتێکی باش نەبوو، بەڵام کەلوپەلێکی یەکجار زۆرمان وەدەست کەوت: زیاتر لە سێ هەزار تفەنگ و زۆر چەکی قورسی وەک ئارپیجی-٧، موسەلسەل، خومپارەی٨١ملم، موشەکی تاو و نزیک بە دە تانک. ئێمە خەرجێکی یەکجار زۆرمان بۆ راگوازتنی ئەوهەموو دام و دەزگایە بۆ جێگای ئەمن کرد».

سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان باسی ئەوە ناکا کە حیزبەکەی لەوتێیەوەدا هەروەها دەستی بەسەر حەفتا میلیۆن تمەن داگـــرت. ئەو پارەیە پاشـــان لەهەندێ بانکی ئەمین دانراو بوو بە«خەزێنەی شەڕ».

حـــەوتوویەک دوای ئەوە رووداوی لەم چەشنە لە ورمێ دووپات دەبنەوە و کوردەکان دەست بەسەر چەکی بنکەکانی پۆلیس دا دەگرن. لەو شەڕەدا چاردە کەس دەکوژرێن و پاشان خومەینی داوای گەڕانەوەی نەزم دەکا و لە«موجاهیدەکان» دەخوازێ«یارمەتیی ئەرتەش و پۆلیس بدەن کە نەزم و قانوون بپارێزن و گێرەشێوێنان تێک بشکێنن».

سەرەڕای ئەو تێکهەڵچوونانە حیزبی دیموکراتی کوردستان قانوونی دەکرێ.(١) ئەو حیزبە هەرچەند هێندێک گیروگرفتی لەگەڵ کۆمیتە ئیسلامییەکانی ورمێ و کرماشان بۆ دێتە پێش، بەڵام لە

---

(١) هیچ بڕیارێک لەلایەن دەوڵەتەوە دەرنەچوو کە حیزبی دیموکرات بە حیزبێکی قانوونی بناسێ. بەڵام لە مانگی ئووتی ساڵی ١٩٧٩ بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی ئەو حیزبە لەلایەن بەرزترین کاربەدەستانی قەزایییەوە دەرچوو. چاپی کوردی

شارەکانی بۆکان، سەقز،سنە، نەغەدە، شنۆ، پیرانشارو سەر ئەنجام لە مەهاباد لە١ی مارسی ١٩٧٩دا دەفتەر دەکاتەوە.(١) حیزب خۆپێشاندانێکی زۆر گەورە لە ستادیۆمی فوتباڵی شاری مەهاباد ڕێک دەخاو لەوێ سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەردەم نزیک بە سەدهەزار کەس رادەگەیەنێ کە ئەوە هێزە کۆنە پەرستەکانن کە دەنگۆی جیاوازیخواز بوونی کوردان بڵاو دەکەنەوە. ئەو پاشان بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ خودموختاری بەو جۆرە دەخاتە روو: سنوورەکانی ناوچەی خودموختاری کوردستان دەبێ لەلایەن خودی خەڵکی کوردستان‌و بەلەبەرچاو گرتنی جوغرافیا و مێژوو دیاری بکرێن. بەرگری، سیاسەتی دەرەوە، نەخشەو دراو لەدەست دەوڵەتی ناوەندی‌دا دەبن. کوردەکان دەبێ پارلمانی هەڵبژێراوی خۆیان هەبێ. زمانی کوردی دەبێ لە قوتابخانەکان‌دا بگوترێتەوەو ببێتە زمانی رەسمیی حکوومەتی ناوچەیی، زمانی فارسییش وەک زمانی رەسمیی وڵات دەمێنێتەوە.

لەو خۆپێشاندانانەدا هیچ ڕووداوێکی ناخۆش روونادا، بەڵام هەر لەسەرەتای مانگی مارسەوە بارودۆخێکی سەیر بەسەر کوردستان‌دا زاڵ دەبێ کە نەشەڕەو نەئاشتی. لەکاتێک‌دا لە تێکهەڵچوونە خوێناوی‌یەکان‌دا سەدان کەس دەکوژرێن، وتووێژ لە ئاستی هەرەبەرزدا درێژەی هەیە.

ئەم بارودۆخە شەش مانگ دەخایەنێ تا ئەوەکە لە مانگی ئووت‌دا خومەینی بانگەوازی شەڕی پیرۆز لەدژی کوردستان رادەگەیەنێ.

---

(١) یەکەم جێگا کە دەفتەری حیزبی لێ کرایەوە شاری مەهاباد بوو. چاپی کوردی

## نەورۆزی خویناویی سنە (٢٢-١٨ی مارسی١٩٧٩)

ڕووداوە هەرە تاڵەکان لەسنە ڕوو دەدەن. شار بەدەست پێشمەرگەوەیە. بەڵام لە تاران ئایەتوڵڵا صفدری دەکرێتە بەرپرسی پادگانی ئەو شارە کە خێرا لەگەڵ احمد موفتی‌زادە کە ئەوکاتە بە نوێنەری خومەینی دادەنرا کێشەی لێ پەیدا دەبێ. ڕۆژی ١٨ی مارس یەکەمین تێکهەڵچوونەکان کاتێک ڕوو دەدەن کە کوردەکان پادگان گەمارۆ دەدەن و داوا دەکەن چەکەکانیان دانێن. لە یەکەم تەقەدا کەسێک دەکوژرێ و پاش ئەوە شەڕ بڵاو دەبێتەوە. هێلی کۆپتێرەکان تەقە لەخەڵک دەکەن و سەدوحەفتاوهەشت کەسیان لێ دەکوژن. ڕۆژی ١٩ی مارس خومەینی لە بانگەوازێکی ڕادیۆیی‌دا داوا لە«گەلی خۆشەویستی کورد» دەکا شەڕ رابگرێ و «هێندێک عاملی دەرەوە» بەهەڵایساندنی ئەو شەڕە تاوانبار دەکا. لەگەڵ ئەوەش دا شەڕەکە درێژەی دەبێ.

ڕۆژی ٢٢ی مارس لە سێهەمین ئاگربەس‌دا کە پاش پێنج ڕۆژ بەدەست هاتبوو، دەستەیەکی نوێنەرایەتی پێکهاتوو لە ئایەتوڵڵا طالقانی ڕێبەری ئایینیی جێگای ڕێزی کوردەکان، ئایەتوڵڵا بهشتی ڕێبەری حیزبی جمهوری ئیسلامی و بنی‌صدر کە ئەوکاتە تەنیا ڕاوێژکارێکی سەرۆک‌وەزیر بوو، لەگەڵ ڕێبەرانی کورد لە قوتابخانەیەک‌دا کە دووهەزار پێشمەرگە دەوریان دابوو و هاواریان دەکرد«یا کوردستان یا قەبرستان!»، وتوویژ دەکەن.

ئەوکاتە گەلی بێزاری کورد چاوەڕوان بوو ڕێژیمی تازە وەڵامێکی خێرا بەو داوایانەی بداتەوە کە لەنێوەڕاستی مانگی فێوریەدا بە داریوش فروهردا ناردبوونی.

پاش نیوەڕۆی ئەورۆژە بیست هەزار کەس کە داوای ڕۆیشتنی

هێزە حکوومەتی یەکان و مافی دیاری کردنی چارەنووسی کوردستانیان دەکرد لەگەڵ رێبەرانی ئایینی لە کۆبوونەوەیەک دا بەشدار دەبن. ئایەتوڵڵا طالقانی ئەو هەقە بە کوردەکان دەدا کە بیانەوێ«داهاتووی خۆیان بۆخۆیان بنیات بنێن»، بەڵام لەسەر مانەوەی ئەرتەش لە سنە سوورەو دەڵێ:«ئەگەر ئەمن فەرمان بە ژەنراڵ قەرنی فەرماندەی ستادی ئەرتەش بدەم کە هێزەکانی بانگ بێڵێتەوە، ئایا ئێوە دەتوانن بەتەنیا حکوومەت بکەن؟ ئا، پێم‌وانیە»، خەڵکەکەش هاوار دەکەن:«با، دەتوانین، ئێمە منداڵ نین!».

ئایەتوڵڵا بهشتی-یش لە تۆرە قسەی خۆی‌دا داوای«وەخت بۆ چارەسەری گیروگرفتەکان» دەکا و لە کوردەکان دەخوازێ«شتێک نەکەن کە لەوە زیاتر نێوانەکە تێک‌بدا».

## یەکەم وتوویژ لەگەڵ خومەینی

لە هەل‌ومەرجێکی وەهادا رۆژی ٢٨ی مارس دەستەیەکی نوێنەرایەتی بۆ چاوپێکەوتنی ئیمام خومەینی دەچێتە قوم. هێزە چەپە توندرەوەکانی کورد و شێخ عزالدین- لەژێر تەوژمی کۆمەڵەدا- لەچوون بۆ قوم خۆ دەپارێزن، هەر بۆیە لەو هەیئەتەدا تەنیا رێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەشدار دەبن.

بەو جۆرە کە سکرتێری گشتیی ئەو حیزبە دەی‌گێڕێتەوە چاوپێکەوتنەکە لە «کەشێکی خۆش»دا بەڕێوە چووبوو. خومەینی قسەکانی بە هێندێک شتی‌گشتی دەست پێ‌دەکا و دەڵێ:« ئێمە هەموومان موسڵمانین‌و لەبەردەم ئیسلام‌دا بەرابەرین. ئێمە دەبێ یەکێتیی خۆمان بپارێزین». کاتێکیش نوێنەرانی کورد باسی پێویستیی وەدەست‌هێنانی مافەکانیان دێننە گۆڕێ، خومەینی لە وەڵام‌دا دەڵێ:«

زۆر باشە. جادەو مەدرەسەو نەخۆشخانەتان بۆ دروست دەکرێ».
قاسملوو لەسەر قسەکەی سوور دەبێ و دەڵێ:« بەلاّم ئێمە دەمانەوێ مافە سیاسی یەکانی خۆمان بدرێتێ..گەلی کورد زۆری پێ خۆش دەبوو ئەگەر ئێوە شتێکتان لەسەر خودموختاری راگەیاندبا». خومەینی سەرلەنوێ خۆ لە ئەسلی مەبەست دەدزێتەوەو دەپرسێ:« ئەمە بەدژی یەکێتیی ئێران نیە؟ چاکە. مادام وایە لەگەڵ بازرگان سەرۆک وەزیر دا باسی بکەن».

نوێنەرانی کورد داخوازەکانیان تەسلیمی سەرۆک وەزیر دەکەن، ئەویش لە وەلاّم دا دەڵێ:«ئەگەر خودموختاری ئەوەیە پێم وانیە موخالیف بێ». لەگەڵ ئەوەش دا خالێک هەیە کە ئەو لەگەڵی موافق نیە، ئەویش هەڵبژاردنی ئەنجومەنێک کە نوێنەرایەتیی سێ ئوستانە کوردەکان بکا. بازرگان پێیان دەڵێ:« ئەمە کوردستانێکی جیایی خوازە! بەهەرحاڵ حکومەتەکەی من کاتی یە. بابزانین پاش پەسند کردنی قانوونی ئەساسی چۆن دەبێ». ئەو هەروەها رادەگەیەنێ کە سێ کەس لە وەزیرانی خۆی بۆ باس کردن لەبارەی جوزئیاتی رێککەوتنێک دەنێرێتە کوردستان.

دوو رۆژ دواتر لە ۳۰ی مارس دا رێفراندۆمی دەنگدان بە کۆماری ئیسلامی بەرێوە دەچێ. هەموو رێکخراوە چەپە توندڕەوەکانی کورد و حیزبی دیموکراتی کوردستان کە وادیارە لەوتووێژەکانی قوم دڵسارد ببوو، ئەم رێفراندۆمە بایکۆت دەکەن.

لە مەهاباد کە تەنیا پادگانەکەی لەژێر کونترۆڵی حیزبی دیموکراتی کوردستان دا نەبوو،(۱) مانگی ئاوریل بەبێ هیچ رووداوێکی ناخۆش تێپەڕ دەبێ. ئایەتوڵڵا طالقانی لە ئارام راگرتنی وەزعەکەدا دەوری هەیە، چونکە رادەگەیەنێ کەمایەتی یەکان«دەبێ

---
(۱) لەو کاتەدا پادگانی مەهابادیش لە دەستی کوردەکان دا بوو ـ چاپی کوردی

بۆخۆیان بڕیاری چارەنووسی خۆیان بدەن» و هەروەها رادەگەیەنێ کە هەڵبژاردنی ناوچەیی لەهەمەو ئەو ئوستانانەدا کە کەمایەتیی رەگەزی‌یان لێ‌دەژی رێک دەخرێ.

## کوشتاری نەغەدە( ۲۰تا۲۲ی ئاوریلی ۱۹۷۹)

نەغەدە دەبێ خۆی بۆ رووداوی تاڵ ئامادە بکا. رۆژی ۲۰ی ئاوریل کاتێک قاسملوو بە بۆنەی کرانەوەی دەفتەری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نەغەدە لە ستادیۆمی ئەو شارەدا دەست بە قسە دەکا دوای پێنج دەقیقە دەنگی تەقە قسەکانی پێ‌دەبڕێ. لەسەرەتادا تەنیا چەند کەسێک بریندار دەبن، بەڵام ئەو کوردانەی کە ئوتومبیلەکانیان لە گەڕەکە ئازەری‌نشینەکان بەجێ‌هێشتبوو دەکەونە داو. کاتێ شەو دادێ کوردەکانیش دژە هێرش دەکەن و بۆ ماوەی سێ رۆژ شەڕەکە درێژەی دەبێ. هەر بۆیە ئەرتەش بەمەبەستی« گەڕاندنەوەی نەزم» بە تانک و زرێپۆشەوە دێتە مەیدان. بەپێی سەرچاوە کوردەکان لەسەر یەک لەو شەڕانەدا سێ‌سەدوپەنجا کەس دەکوژرێن ، شەڕ هەتا رۆژی ۲۷ی ئاوریلیش لە گوندەکانی دەوروبەر درێژەی دەبێ.

رێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەو شەڕە بەپیلانی مەلا حەسەنی بەرپرسی ئایینیی ورمێ دەزانن کە گۆیا چەک‌وچۆڵی دەدا بە قەرەپەپاغەکان کە عەشیرەتێکی ئازەرین، بۆ ئەوەی نەهێڵێ کوردەکان داوای نەغەدە وەک بەشێک لە کوردستان بکەن.

## وتووێژی دووههم

لهسهرهتای مانگی مهی‌دا ههیئهتێکی دیکهی حیزبی دێموکراتی کوردستان دهچێته قوم بۆ ئهوهی لهسهر ڕووداوهکانی نهغهده لهگهڵ خومهینی باس و گفتگۆ بکات و داوا بکا کومیسیۆنێکی لێکۆڵینهوه پێک‌بێ. لهو بارهیهوه قاسملوو دهگێڕێتهوه: «بهخومهینی‌مان گوت لهو ڕووداوانهدا (توطئه) و (تحریک) ههبووه و ئهگهر شتێک نهکا ڕوداوی ناخۆش دووپات دهبنهوه». بهڵام خومهینی له وهڵام‌دا ههروا مهسهلهکه بهلاری‌دا دهبا و له کاتێک‌دا دووپاتی دهکاتهوه که له ئیسلام‌دا ههموو کهس بهرابهره دهڵێ: «جیاوازیی نێوان دووکهس تهنیا له ئیمانیان دایه!».

لهو چاوپێکهوتنهدا کاتێک جلیل گادانی لهخومهینی دهپرسێ داخوا نهزهری لهسهر بهرنامهی حیزبی دێموکراتی کوردستان که چهند حهوتوو پێشتر ههیئهتی کورد دابوویهی چیه، له وهڵام‌دا دهڵێ: «وهختێک گهیشتنه تهمهنی من، دهبینن که شتێکی ئهمڕۆ دهی‌خوێننهوه، بۆ سبهینێ لهبیرتان دهچێتهوه». خومهینی کۆمیسیۆنی لێکۆڵینهوه دهنێرێته کوردستان، بهڵام بهرپرسی ئهو کۆمیسیۆنه که ئایهتوڵلا ڕبانی‌یه، بهدژی کورد ناسراوه و تهنیا دوو سهعات له مههاباد دهمێنێتهوه و دهچێته ورمێ. ئهو پیاوه ئێستاش ئاکامی کارهکهی نهدایهوه کوردهکان.

ئهوکاته خومهینی بهرۆژنامه بێگانهکان ڕادهگهیهنێ: « ئێمه دڵنیاین که کهمایهتی‌یه میللی‌یهکانی وڵاتهکهمان هیچ بیرێکی جیایی‌خوازی‌یان لهسهر دانیه. هیوا وئامانجهکانی ئێمه هیوا وئامانجهکانی ئهوانیشن و هیوادارین زوو به ڕێککهوتنێک بگهین». لهگهڵ ئهوهش‌دا خومهینی هیچ ههنگاوێک ههڵناهێنێتهوه و

بارودۆخەکەش هەتا دێ خراپتر دەبێ.

## تێکهەڵچوونەکانی مەریوان (ژوونیەی ١٩٧٩)

ڕۆژی ١٤ی ژوونیە دوای ئەوە کە پاسدارانی شۆڕش- کە دەزگایەکە ڕۆژی ٦ی مەی بەرەسمی دامەزرابوو- تەقەیان لە خۆپێشاندانێکی دێهاتی یە کوردەکان کردبوو و چەند کەسێکیان لێ کوشتبوون، هێندێک ڕێکخراوی چەپی توندڕەو خۆپێشاندانێک بەدژی پاسداران لە کوردستان لە نێوان سنەو مەریوان وەڕێ دەخەن. لەو خۆپێشاندانەدا بیست وچوار کەس دەکوژرێن و چل کەسیش بریندار دەبن.

لە قوم ئایەتوڵڵا تالقانی هەروا بە دیفاع لە کەسایەتی یەکان دەدوا و رادەگەیەنێ: «هەموو گەلانی ئێران هەقیانە لە چوارچێوەی یەکێتی، تەواوەتی و سەربەخۆیی ئێران دا خودموختاری وەرگرن». ئەو لەگەڵ ئەوەدا کە پێی وایە داخوازی یەکانی بزووتنەوە میللی یەکان« هێندێک موبالەغەیان تێدایە»، هەروا دژایەتی لەگەڵ بەکارهێنانی زۆر دەکا و پێی وایە توندوتیژی تەنیا کاتێک ڕەوایە کە کوردەکان و عەرەبەکانی خوزستان بیانەوێ جیا ببنەوە.

بەڵام ئەو هەڵوێست گرتنەی تالقانی هیچ شوێنەوارێکی لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان نابێ و پاش ئەوەی ڕادەگەیەندرێ کە بەشێک لە پاسدارانی شۆڕش دەگەنە مەریوان، هەموو دانیشتوانی ئەو شارە کە هێشتا بەدەستی پێشمەرگەوەیە ئەوێ بەجێ دێڵن.

## مەسەلەی سێرۆ (٢٢ی ژوونیەی ١٩٧٩)

کاربەدەستانی تاران، لەورمێ کە پێشتر مەلا حەسەنی زۆرداری

لێبوو، ژەنراڵ زەهیر نەژاد (کە دواتر بوو بە فەرمانده‌ی ستادی ئەرتەش) دەکەنە فەرمانده‌ی لەشکری ٦٤. ئەو ئەفسەرە ئازەری یە دژی کوردە لەو بڕوایە دابوو کە «جیاوازیخوازیی کورد» تەنیا بەرهەمی نێردراوی «ئیمپریالیستەکان» و «سەهیۆنیستەکان»ە. زەهیر نەژاد کە وەختێ خۆی شا خانەنشینی کردبوو و ئێستا خومەینی بانگی کردبۆوە و کردبووی بە ژەنراڵ «هاتبوو لە پێناوی پاراستنی پلە و پایەکەی دا کوردان بکوژێ».

کەمێک دوای ئەوە زەهیرنەژاد بڕیار دەدا هێندێک یەکەی ژاندارمری لە زێوە و سێرۆ لەسەر سنووری تورکیە و لە ٥٥ کیلۆمیتریی ورمێ جێگیر بکا. ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە دەیانەوێ پاراستنی ئاسایشی نێوخۆیی بەدەست کوردەکان بێ، هەردووکی ئەو ژاندارمری یانە چەک دەکەن. ڕۆژی ٢٢ی ژووئیە، سەرەڕای نێردرانی هێزی یارمەتیدەرو هاتنە مەیدانی هێلی کۆپتێر پێشمەرگەکان ژاندارمریی سێرۆ گەمارۆ دەدەن. ئەوکاتە ژاندارمەکان، پاسدارانی شۆڕش و دوو دەزگا زرێپۆش ناچار دەبن پەنا بەرنە بەر تورکیە. لە تورکیەش دوای ئەوە کە چەک دەکرێن، بە ڕێگایەکی دیکەدا ڕەوانەی ئێران دەکرێنەوە.

بەپێی هێندێک سەرچاوە، کاربەدەستانی ئێران ئەوکاتە داوایان لە حکوومەتی ئەنکەرە کردبوو ڕێگا بە هێزەکانی ئێران بدا چەند کیلۆمیتر بچنە نێو خاکی تورکیە بۆ ئەوەی لە پشتەوەڕا پەلاماری کوردەکان بدەن. ڕۆژی ٣٠ی ئووتی ١٩٧٩ سەرۆکایەتیی شووڕای ئەنکەرە لە ڕاگەیەندراوێک دا ئەمەی وەدرۆ خستەوە.

ڕۆژی ٢١ی ژووئیە ژەنراڵ فەربود فەرماندەی ستاد کەلەگەڵ هەرچەشنە هێرش و عەمەلیاتێک «بە دژی خەڵک» مەخالیف بوو و پێی وابوو «ناردنی هێزەکان بۆ ناوچە جۆراوجۆرەکان بەمەبەستی

پاراستنی نەزم هەڵەیەکی زۆر گەورەیە» لە پۆستەکەی لابرا. ئەمە بارودۆخەکەی هێندەی دیکە خراپ کرد. فەربود لە«استعفا»نامەکەی‌دا نووسیبووی:«ئەمن باوەڕم بە ئەرتەشێکی ئازاد و دێموکرات هەیە کە هەرگیز لە دژی میللەت تاوەنداتە چەک».

## هەڵبژاردنی مەجلیسی خوبرەگان (٣ی ئووتی ١٩٧٩)

ڕۆژی ٣ی ئووت حەفتاوپێنج ئەندامەکەی مەجلیسی خوبرەگان کە ئەنجومەنێکی بچووکی یاسا دانەر بوو و بە پرۆژەی قانوونی ئەساسی‌دا چۆوە هەڵبژێردران. عبدالرحمن قاسملوو بە ١١٣٧٧٣ دەنگ لە ٣٢٥ . . . بە نوێنەری ئازەربایجانی ڕۆژئاوا هەڵبژێرا بوو. دوو نوێنەرەکەی دیکەی ئازەربایجان دوو مەلا بوون کە یەکیان لایەنگری خومەینی و ئەوی‌دیکەیان هی شریعتمداری بوو. بەقسەی حیزبی دێموکراتی کوردستان غنی بلوریانیش بە ١٠٥ . . . دەنگەوە هەڵبژێرا بوو بەڵام ئەنجامەکانی هەڵبژاردن گۆڕدرابوون.

لە ئوستانی کوردستان کە ڕێککەوتنی حیزبی دێموکرات لەگەڵ حیزبە چەپە توندڕەوەکان سەرئەنجام بە زەرەری خۆی تەواو ببوو، دوو ئایەتوڵڵا هەڵبژێران. لە ئوستانی کرماشانیش کە حیزبی دێموکرات کاندیدای نەبوو دوو پیاوی ئایینی هەڵبژێران.

قاسملوو کە لەگەڵ مقدم مەراغەیی سەرۆکی حیزبی رادیکاڵ تەنیا دوو ئەندامە لائیکەکانی مەجلسی خوبرەگان بوون ناچێتە ئەو مەجلیسە. چەند ڕۆژ پاش ئەو هەڵبژاردنە بارودۆخی کوردستان بە سەختی تێک دەچێ و شەڕ دەست پێ‌دەکاتەوە.

## فەرمانی جیهادی خومەینی لەدژی کوردەکان(ئووتی ۱۹۷۹ )

تێکچوونی نێوانی کاربەدەستان‌و کوردەکان بە رووداوەکانی پاوە کە شارێکی بچووکەو لە نزیک کرماشان هەڵکەوتوەو دانیشتوانی کوردی سوننین دەست پێ‌دەکا. لەراستی‌دا لە پاوە شەڕێکی بچووک بەڵام راستەقینە لە ئارادایە کە پێشەکیی هێرشێکی گەورەیە.

ئایا ئەوە کوردەکان بوون کە کاتێک رۆژی ۱۱ی ئووت هێرشیان بۆسەر پاوە کردو پادگانی پاسدارانی شۆڕشیان گەمارۆ دا ئاگری شەڕیان هەڵایساند؟ یان وەک کوردەکان دەڵێن ئەوە تێکهەڵچوونێکی ئاسایی بوو کە بیانووی دایە«مصطفی چمران»ی قین لەدڵ‌و چاوەڕوانی بیانوو بۆ ئەوەی یەکەیەکی پاسداران بەهێلی‌کۆپتێرەوە بێنێتە ئەوێ؟

لەو شەڕ و پێکدادانەدا بیست کەسێک دەکوژرێن کە مصطفی ئیناخی بەرپرسی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە پاوە لەنێو ئەو کەسانە دایە. جێگری وەزیری دیفاع مصطفی چمران کە لە گوندێکی دراوسێ‌را فەرماندەریی عەمەلیاتەکانی دەکرد زۆری نامێنێ لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە بەدیل بگیرێ، بەڵام ئەو بەهۆی ئەوە کە چەکدارەکانی پارتی دێموکراتی کوردستانی عێراق بە سەرۆکایەتیی ئیدریس بارزانی دێنە مەیدان‌و ناهێڵن پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان موهیمماتی پێویست بگەیەننە ئەو پێشمەرگانەی چمرانیان گەمارۆ دابوو، رزگاری دەبێ. ئەوەش یەکێک لە لاپەڕەکانی مێژووی لەت‌لەت بوونی کوردەکانە کە ناکرێ زۆر شانازیی پێوە بکرێ.

سەیر ئەوەیە کە کاربەدەستانی تاران سەبارەت بەو رووداوانە دژکردەوەیەکی توندوتیژ لە خۆیان نیشان دەدەن، دژکردەوەیەک کە هیچ لەگەڵ واقعیەتی مەیدانی شەڕ یەک ناگرێتەوە. رۆژی ۱۷ی ئووت

خومەینی لەقوم یەکێک لە توندترین نوتقەکانی خۆی دەکا و دەڵێ: «ئێمە ڕێبەرانی حیزبی دیموکرات دەبەینە بەر دادگا و موحاکەمەیان دەکەین. کوردەکان گەورەترین کافرەکانن، هەربۆیە ئێمە وەڵامی کردەوەکانیان دەدەینەوە». خومەینی هەروەها دەڵێ: «حیزبی دیموکراتی کوردستان هێلانەی خرابکارو فاسیدانە. ئێمە چیدی ناتوانین لێی گەڕێین بە کەیفی خۆی بکا. تەنیا ئامانجی ئەوان تێکشکاندنی شۆڕشە. هەربۆیە دەبێ ئەو حیزبە قەدەغە بکرێ».
لەراستی‌دا حیزبی دیموکراتی کوردستان پێنج مانگ‌و چەند ڕۆژ لە مەشرووعیيەتی ئیسلامی‌دا تێکۆشانی ببوو.

خومەینی کە فەرمان بە ئەرتەش دەدا «لە ماوەی بیست‌وچوار سەعات‌دا» نەزم بگەڕێنێتەوە ولات، ڕادەگەیەنێ کە هەر کاربەدەستێک فەرمانەکانی جێبەجێ نەکا «سزای ئینقلابی» دەدرێ.
لەو کەشە ئاڵۆزەدا خەڵخاڵی کە بە دادستانی گشتیی دادگا ئیسلامی‌یەکان دیاری کرابوو، ڕۆژی ٢١ی ئووت فەرمان دەدا کە چاردە کوردی «دژی شۆڕش» کە یەکەمین قوربانی‌یەکانی «کوشتارگای کوردستان» دەبن ئیعدام بکرێن.

ئەوکاتە تەلەفزیۆنی ئێران وەڕێ کەوتنی ئوردوویەکی ئەرتەشی ئێران بۆ کوردستان‌و ڕێ‌و ڕەسمی ناشتنی پاسدارە کوژراوەکانی پاوە لە گۆڕستانی «بەهشت زهرا» لەگەڵ هاواری «قاسملوو و شێخ عزالدین دەبێ ئیعدام کرێن!» نیشان دەدا. ڕۆژی ١٩ی ئووت ڕادیۆی تاران بەرنامەکانی خۆی ڕادەگرێ‌و بانگەوازێک بڵاو دەکاتەوە کە لەودا خومەینی داوا لە خەڵک دەکا وەخۆکەون هەتا «پادگانی سنە کە مۆرەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران وەزالەیان هێناوە و هەروەها ژنانی بە بارمتەگیراوی ئەو شارە ڕزگار بکەن». خومەینی ڕادەگەیەنێ کە «هەرچەشنە وەدرەنگ خستنێکی تەنانەت یەک

سەعاتییش ئاکامی زۆر تاڵی بەدوادا دێ». کەچی ئوستانداری سنە رادەگەیەنێ کە ئارامی یەکی تەواو بەسەر شارەکەدا زاڵەو دەپرسێ داخوا کێ ئەو درۆیانەی بۆ خومەینی گێڕاوەتەوە.

لەراستی‌دا کوردەکان قوربانیی ئەو ململانێ یەن کە لەتاران لەسەر دەسەلاَت لە ئارادایە. لەوێ رووداوەکانی کوردستان بە ئەنقەست گەورە دەکرێنەوەو یان شکڵێکی دیکەیان پێ‌دەدرێ بۆ ئەوەی کە خومەینی هان‌بدەن هەنگاوی نابەجێ لەدژی«میانەرو»ەکانی دەوڵەت‌و ئەرتەش و ئۆپۆزیسیۆن هەڵێنێتەوە. ئەمەش لەکاتێک‌دایە کە مەسەلەیەکی گرینگ لەگۆڕێ دایە، ئەویش ئەوە کە سەر ئەنجام مەجلیسی خوبرەگان کۆدەبێتەوە بۆ ئەوەی قانوونی ئەساسیی رێژیمی تازە بنووسێ.

قاسملوو لە کاتێک‌دا کە خۆی ساز دەکا بچێتە تاران تا لە مەجلیس‌دا بەشدار بێ، وتاری رادیۆیی خومەینی دەبیسێ‌و سەفەرەکەی تێک دەداتەوە. ئەو دواتر هەر بەو شێوازە تەنزی یەی خۆی دەگێڕێتەوە کە خومەینی گوتوویەتی:« هاتوە ئەو فاسیدە؟ حەیف نەهاتوە، بەتەما بووم رای‌گرم!»

لەو کاتەدا لە کوردستان شەڕی بێداد درێژەی هەیە، بەتایبەتی لە سەقز کە لە ماوەی چل‌وهەشت سەعاتی رۆژانی ٢٣و٢٤ی ئووت لە شەڕێکی توندوتیژدا سەدوشەست کەس دەکوژرێن‌و پێنج‌سەد کەسیش بریندار دەبن. شارە کە لە لایەن دووهەزار پێشمەرگەی تەیار بە ئارپی‌جی-٧و دوو تۆپی ١٠٦ملم گرتوویانە، لەلایەن تۆپخانەی ئێرانەوە بۆمباران دەکرێ‌و فانتۆم‌و هیلی کۆپتێر بەسەری‌دا رادەبرن‌و تەقە لە خەڵک دەکەن. سەقز هەتا رۆژی ٢٧ی ئووت خۆڕادەگرێ. لە پاوەو لە سنەش هێندێک تێکهەڵچوون روو دەدەن، بەلاَم لە مەهاباد کە هەروا لەژێر کۆنترۆڵی کوردەکان دایەو ئێزگەی تەلەفزیۆنیان لەبەر دەست دایە، ولاَت ئارامە. لە هەڵومەرجێکی ئاوادا دەستەیەکی

نوێنەرایەتیی ئەنجومەنی شارەوانیی مەهاباد لەگەڵ متمانە پێدراوی قاسملوو بۆ وتووێژ دەچێتە تاران. قاسملوو رۆژی ٢٤ی نووت لە متینگێکدا لە شاری مەهاباد گەیشتنی ئەو دەستەیە رادەگەیەنێ. لەوێ سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان مەرجەکانی وتووێژێکی راستەقینە دەخاتە روو کە بریتین لە راگرتنی شەڕو ئازاد کردنی دیلەکان.

بەڵام رێککەوتنێکی کەمێک سەیر رۆژی ٢٩ی نووت لە چوار خاڵدا ئیمزا دەکرێ. بەپێی ئەو رێککەوتنە ئەرتەش دەتوانێ بێتە نێو مەهاباد بەڵام نابێ زۆر بمێنێتەوە؛ ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەبەخشرێن؛ پادگانی شار هەر پاش چوونەدەری ئەرتەش لە شار دەکرێتە«دانشکدە‌ء تدریس دانشگاهی»؛ هەرکاتێک نەزم گەڕایەوە شار پاسدارانی شۆڕش لەنێو خەڵکی ئەوێ دیاری دەکرێن.

ئەو رێککەوتنە بەر لەوەی ئیمزا بکرێ لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە لەقاو دەدرێ. ئەو حیزبە ئیمزاکەرانی ئەو رێککەوتنە بە کەسانێک لە قەڵەم دەدا کە هیچ راسپاردەیەکی« نوێنەرانی راستەقینە»ی خەڵکیان پێ نەبووە. لە لایەکی دیکەوە ئایەتوڵڵا بهشتی سەرۆکی مەجلیسی خوبرەگان کە بەرپرسیاریی وتووێژ لەگەڵ وەفدی مەهابادی پێدرابوو، رۆژی ٢٨ی نووت رادەگەیەنێ کە«ئیمام خومەینی گوتوویەتی ناکرێ هیچ ئیمتیازێکی تایبەتی نە بە کوردەکان و نە بە هیچ کەمایەتی یەکی میللیی دیکە لە ئێران بدرێ».
ئەو حیزبی دێموکرات بەوە تاوانبار دەکا کە«لەهەر دەرفەتێک بۆ خۆ بەهێز کردن و داوا کردنی نەک هەرخودموختاری بەڵکوو جیابوونەوەیەکی راستی کەڵکی وەرگرتوە»، بهشتی رادەگەیەنێ«بەتایبەتی ئێستا کە رادیۆی ئەو حیزبە دەستی بەکار

کردوە»، رژێم لێبڕاوە مەهاباد بگرێتەوە(١).

هەتا دێ سەرکوت زیاتر دەبێ. لە سەقز سەدان کورد دەسگیر دەکرێن و لە تێکهەڵچوونەکانی سەردەشت، نەغەدەو سنەدا زۆر کەس دەکوژرێن. خەلخالیش هەروا درێژە بە ئیعدام کردنی«دژی شۆرش»ەکان دەدا کە لە بەرانبەردا کوردان شەش ئەسیری ئێرانی ئیعدام دەکەن.

## گیرانی مەهاباد(٣ی سپتامبری١٩٧٩)

لەکاتێک دا ئەرتەش خۆی بۆ هێرشێکی پان و بەرین بۆ شاری مەهاباد ئامادە دەکا، هەیئەتێکی دەولەت دەچێتە قوم بۆ ئەوەی پێشنیارەکانی کوردەکان لەسەر وتووێژ پێشانی خومەینی بدا. بەڵام خومەینی هەر چەشنە نزیک بوونەوەیەک رەت دەکاتەوە و دەڵێ:«ئەوانە خەریکن بەسەهووتان بەرن، درۆتان لەگەڵ دەکەن. ئەوان کە داوای نوێ کردنەوەی ماوە دەکەن تەنیا بۆ ئەوەیە کە لەباری نیزامی یەوە خۆیان تەیارتر بکەن. ئێمە ناتوانین هەروا دەست لەسەر دەست دانێین و جیابوونەوەی بەشێکی وڵاتەکمان و قەلاچۆی لاوە موسلمانەکانمان تەحەمول بکەین. ئەگەر هەرچی زووتر دوژمن تێک نەشکێ، بۆخۆم دەچمە کوردستان و کۆتایی بەو سەربزێوی یە دێنم».

ئایا دەولەت بەراستی دەیەویست ئاخر هەولی خۆی بدا بۆ ئەوەی ڕێگا چارەیەکی ئاشتیخوازانە بۆ ئەو قەیرانە بدۆزێتەوە؟ یان ئەوە هەر شانۆسازی یەک بوو کەبەر لە هێرش ڕێکیان خستبوو؟ ڕۆژی یەکەمی سپتامبر باڵیوزی تورکیە بە سەرۆک وەزیری ئێران رادەگەیەنێ کە بۆ پێش گرتنی چوونە ژووری «بەکری گیراوان» و چەک وچۆڵ بۆ نێو خاکی

(١) ئەو کاتە حیزب رادیۆی نەبوو . چاپی کوردی

تورکیە هەموو کارێک کراوە. بەڵام دەوڵەتی ئەنکەرە رێگا بە ئەرتەشی ئێران نادا لە خاکی تورکیەدا وەدوای پێشمەرگەکان بکەوێ. بەم جۆرە هەم لە ئاستی نێوخۆیی و هەم لە ئاستی دەرەوەدا هەلومەرجی هێرشەکە لەبارە.

رۆژی ٢ی سپتامبر ئەرتەش ئولتیماتۆمێک بە کوردەکان دەدا بۆ ئەوەی هەروەک لە رێککەوتنەکەی تاراندا هاتبوو رێگا بە «هاتنی ئاشتییانە»ی هێزە حکومەتییەکان بۆ نێو شاری مەهاباد بدەن. حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کە خۆی بۆ «شەڕی چارەنووس» ئامادە دەکاو رادەگەیەنێ کە «هەتا دوا دڵۆپی خوێن» بەرگری لەو شارە دەکا، ئەو ئولتیماتۆمە رەت دەکاتەوە(١)

ئەرتەشی ئێران هەوڵ دەدا تەوژم بخاتە سەر کوردەکان بۆ ئەوەی هێزەکانیان بڵاو بکەن. هاوکات لەشکری ٢٨ هێرش دەباتە سەر بۆکان کە رۆژی ١ی سپتامبر دەی گرێتەوە، پیرانشاریش رۆژی ٢ی سپتامبر دەگیرێتەوەو هەر ئەو رۆژە لەشکری ٦٤ هێرش دەباتە سەرمەهاباد. کوردەکان بەتەما بوون طاهرخان کوڕی سمکۆ(سەرۆکی ناسیۆنالیستی کوردی ئێران لە ساڵەکانی ٢٠) و سەرۆک عەشیرەتەکانی باکووری کوردستان بۆ پەلاماردانی ورمێ بێننە مەیدان و بەم جۆرە سەر لە دوژمن بشێوێنن و مەهاباد رزگار بکەن. بەڵام ئیدریس بارزانی ناهێڵێ طاهرخان ئەو کارە بکا. دواتر قاسملوو لەو بارەیەوە دەڵێ: «دوژمن سەرکەوتنێکی گەورەی وەدەست هێنابوو. ئیدریس بارزانی کۆمەکی چاکی پێ کردبوو».

لە مەهاباد فڕۆکەکانی ئێران بۆمبارانی بنکەکانی پێشمەرگە لەسەر کێوەکانی دەوروبەری شار دەکەن. دوای هەشت سەعات شەڕی

---

(١) حیزبی دیموکرات زۆر پێشتر بە بەیاننامە رایگەیاندبوو کە بۆ پاراستنی گیانی خەڵک لە نێو شاردا شەڕ ناکا . چاپی کوردی

بیٔتمان کە شەش سەد کەسی لە هەردوو لا تیدا دەکوژرێن.(١) کوردەکان دەشکێن و خەڵکەکەو ڕێبەرانی کورد بەهەزار حاڵ خۆیان ڕزگار دەکەن، ئەرتەشیش دێتە نێو شار کە وەک خۆی مابۆوە. قاسملوو دەڵێ:« دوای ڕووداوەکانی نەغەدە خۆمان بۆ چوونە شاخ ئامادە کرد و روون بوو هێندێک شت ڕوو دەدەن. بەڵام کاتێک ئەرتەش هاتە نێو مەهاباد پێمان وابوو دەتوانین چەند ڕۆژێکی دیکەش خۆڕاگرین. هەتا ئەو کاتەش هەموو کەس لە کۆمیتەی ناوەندی بوو».

بانەش کە شێخ عزالدین پەنای بۆ بردبوو سەرئەنجام گیرایەوەو بەم جۆرە تەنیا شارێک کە لەدەست کوردەکان‌دا مابۆوە سەردەشت بوو و ئێستا ئیدی ڕژێم دەی‌توانی سەرکەوتنەکانی جێژن بگرێ. دوای ئەوە خومەینی لەپەیامێکی ڕادیۆیی‌دا پیاوچاکی‌یەکی درۆزنانە لەخۆی نیشان دەدا و بەڵێنی یەکسانیی مافەکان بە کوردەکان دەدا. خومەینی هەروەها لێبووردنی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان تازە دەکاتەوە، بەڵام ئەو لێبووردنە ڕێبەرانی ئەو حیزبەی نەگرتەوە کە بە وتەی ئەو«دەبێ دادگایی بکرێن و سزا بدرێن چونکە خیانەتکار بوون و ناوچەیان لە ئاگر و خوێن وەردا و تەنانەت سەری ئێرانیانیان بڕی».

## «لێکدانەوەی چەوتی کوردە ڕاپەڕیوەکان»

ڕۆژی٥ی سپتامبری ١٩٧٩ ئێریک ڕولۆ نێردراوی تایبەتیی ڕۆژنامەی لوموند لە وتارێکی درێژدا بارودۆخەکە شی‌دەکاتەوە و باسی«یەکەمین ئەزموونەکانی هەولێک» دەکا«کە بەتێکشکانی خۆڕاگریی پێشمەرگەکان کۆتایی پی‌هات»، لەلایەک کوردەکان لەسەر

(١) ژمارەی کوژراوانی دەوروبەری مەهاباد لەو ڕۆژەدا زۆر کەمتر لە ..١ کەسیش بوو. چاپی کوردی

تەواوی خەتی ستراتیژی یەکەی خۆیان بەهەڵە چووبوون و لە لایەکی دیکەشەوە خومەینی نیشانی دابوو کە ئەو ئەرتەشەی پێمان وابوو لەرادەبەدەر ئاوێتەی سیاسەت بووە یەکجار بێ دیسیپلینەو ناتوانێ دەوری ژاندارم ببینێ، هەروا کۆنترۆڵ دەکا.

ئێریک رولو نیشان دەدا کە کوردەکان بارودۆخی سیاسی یان خراپ لێک دابۆوە، چونکە«لەخۆرا» بە تەریک کەوتنەوەی خومەینی و پشتیوانیی ڕێکخراوە جۆربەجۆرەکانی ئۆپۆزیسیۆن گەشبین ببوون. پشتیان بە پشتیوانیی ڕێکخراوە چەپە ئێرانی یەکانی وەک جەبهەی دیموکراتیکی میللیی متین دفتری، موجاهیدینی رەجەوی و فیدائیانی خەڵق بەستبوو، لەکاتێک‌دا ئەو ڕێکخراوانە بۆخۆیان خەریک بوون قەدەغە دەکران و تووەدەش کە تێکۆشانی نیوە قانوونیی خۆی هەر مابوو بەوەندە قەناعەتی دەکرد کە لە«داخوازە ڕەواکان»ی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران پشتیوانی بکا.

کوردەکان هەروا حیسابیان لەسەر پشتیوانیی ئایەتوڵڵا طالقانی و شریعتمداری کردبوو. بەڵام طالقانی کە دیفاعی لە داخوازەکانی گەلانی جۆربەجۆری ئێران کردبوو و بە چەپڕەو ناسرابوو، لە نەکاو پشتی لە کوردەکان کردبوو و ڕێبەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی بە«خەیانەتکار» لەقەڵەم دابوو، چونکە بە بڕوای وی ئەو حیزبە بە درێژەدانی شەڕ خەریک بوو ئێرانی دەبردە نێو«ئۆردووی ئیمپریالیزم و دژی شۆڕش». لەویش سەیرتر شریعتمداری کاتێک پشتیوانی لە کوردەکانی ڕەت کردەوە، ئەو هەڵوێستەی خۆی بەوە پاساو دا کە گۆیا یەکێتیی سۆڤیەت لە ڕێگای لەهستان و چێکوسلۆواکی یەوە چەک‌وچۆڵ بە بزووتنەوەی کورد دەگەیەنێ.

ڕێبەرانی ئێران هەر لەجێ‌دا ئەو خودموختاری یەیان کە کوردەکان داوایان دەکرد بە هەنگاوێک بەرەو سەربەخۆیی دەزانی، شتێک کە بۆ

هیچ کەس جێگای قبوڵ نەبوو. ئێریک رولۆ لەگەڵ بۆچوونی رێبەرانی کوردی عێراقی دایەو دەڵێ داخوا باشتر نەبوو قاسملوو ئەو رێککەوتنە بەرتەسکەی ئۆتۆنۆمیی فەرهەنگیی و ئیداری کە حکوومەتی تاران پێشنیاری دەکرد(١) قبوڵ بکا بۆ ئەوەی بەم جۆرە«دەرفەتێکی بەنرخی پشوودان» بۆ کوردەکانی ئێران پێک بێنێ؟

پاش گیرانەوەی مەهاباد خلخالی دەچێتە وێ بۆ ئەوەی خەڵکەکە رازی بکا چەکەکانیان تەحویل بدەن. ئەرتەشی ئێرانیش«پاک کردنەوە»ی کوردستان تەواو دەکا و هێرش بۆ سەر سەردەشت کە ئاخرین قەڵای کوردەکان بوو ئامادە دەکا. لەلایەکی دیکەوە رۆژی ٤ی سپتامبر یەکێتیی سۆڤیەت بوختانی تاران لەمەڕ هەرچەشنە بەشداری یەکی خۆی لە شۆڕشی کوردەکاندا بەتەواوی وەدەرۆ دەخاتەوە. هەر ئەودەم ئاژانسی تاس هێندێک بەشی درێژی راگەیەندراوێکی کۆمیتەی ناوەندیی توودە بەلایەنگری لەدانی خودموختاری بە کوردەکان«لە چوارچێوەی تەواوەتیی ئەرزی و یەکێتیی نەتەوەیی ئێراندا» بڵاو دەکاتەوە. ئەم هەڵوێست گرتنە هاوکات دەبێ لەگەڵ تەشەنە کردنی سەرکوت لەدژی توودە. بەم جۆرە بزووتنەوەی کورد زیاتر لەهەرکاتێک تەریک دەکەوێتەوە.

## لە گیرانەوەی سەردەشت(٦ی سپتامبری ١٩٧٩)را هەتا شەڕی پارتیزانی

شەوی ٦ی سپتامبر دوای هێرشی هێلی کۆپتێرەکانی ئەرتەشی

---

(١) ئەو شتە کە بە گەڵاڵەی خودگەردانی ناسرابوو، هیچ کاتێک بە رەسمی لەلایەن دەوڵەتەوە بە حیزبی دێمۆکرات پێشنیار نەکرا . چاپی کوردی

ئێران بۆ سەر شوێنەکانی ژێردەستی پێشمەرگە سەردەشت دەگیرێتەوە. دوای ئەوە قاسملوو و ڕێبەرانی دیکەی کورد ڕێگای چیا دەگرنەبەر . لەوبارەیەوە قاسملوو دەگێڕێتەوە: «چەند ڕۆژێک خەریکی ڕێکخستنەوەی خۆمان بووین و لە١٤ی سپتامبر یەکەم هێرشمان بۆ سەر ئێزگەی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی مەهاباد کرد. بەڵام ڕێگاکانمان هەر بەرنەدان، ڕێگای سەردەشت-مەهاباد هەمیشە لەژێر کۆنترۆڵی پێشمەرگەدا مایەوە».

لەو سەردەمە دایە کە پێوەندیی نێوان حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق زۆر بەسەختی تێک دەچێ. ڕۆژی ٧ی سپتامبر هێندێک پێشمەرگەی پارتیی ئیدریس و مەسعود بارزانی کە لە بینایەکی نێو شاری شنۆدا جێگیر بوون تەقە لە خۆپیشاندەرانی کورد دەکەن و چەند کەسیان لێ دەکوژن. ئەمە سێهەم جارە لە ماوەی ئەم یەک مانگەدا ڕووداوی ناخۆش لە نێوان ئەو دوو حیزبەدا دێتە پێش، بەڵام ئەوەی ئەم جارەیان لە پێشوو خراپترە، لە حالێک‌دا لە ڕووداوەکانی پاوە و مەهاباد دا لایەنگرانی بارزانی لە دژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەشێوەی «بێ‌لایەنانە» جووڵابوونەوە، ئەوەتا لە شنۆ تەقەیان لە «براکانیان» دەکرد.

ئەم ڕووداوە ڕەنگدانەوەی گرینگی لەنێوخۆی بزووتنەوەی کوردی عێراق‌دا دەبێ. سامی عبدالرحمن کە تا ئەوکاتە بەرپرسی کاتیی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، بڕیار دەدا لەوان جیا بێتەوە و حیزبێک بۆخۆی دابمەزرێنێ.

کوردەکان ڕۆژی ١٠ی سپتامبر هەواڵی ناخۆشی مردنی ئایەتوڵڵا

طاڵقانی‌یان پێ‌دەگا. ئەمجارە قاسملوو دەبێ بەرەنگاری تیروتوانجی ئەم‌و ئەو بێتەوە کە باسی«حیسابە نادروستەکانی» دەکەن‌و رادەگەیەنێ کە بزووتنەوەی خودموختاریخوازی کورد هیچ شکستێکی نیزامیی نەخواردوە، بەڵام پێشمەرگەکان بۆخۆیان لە شارەکان کشاونەتەوە بۆ ئەوەی لەوە زیاتر قوربانیی ئینسانی‌و زیان و زەرەری ماڵیی بێهوودە نەدرێ.

قاسملوو لە کاتێک‌دا رادەگەیەنێ کە پارتیزانەکانی چەک‌وچۆڵ‌و موهیمماتیان لێ‌نەبراوە دەڵێ:«ئێمە خۆمان بۆ شەڕێکی درێژخایەن ئامادە دەکەین، شەڕێکی پارتیزانی لەهەموو کوردستانی ئێران‌دا و هەتا سەرکەوتن درێژە بەو شەڕە دەدەین». ئەمەش لەرێگای بەرەیەکی رێکخراوەکانی تری ئۆپۆزیسیۆنی دێموکراتیکەوە.

# ٣

# گیروگرفتەکانی خوڕاگریی کوردەکان

هەر لەدوای نوامبری ١٩٧٨ بەڕێوەبەرایەتیی شاهەنشاهی لە کوردستان هەڵدەوەشێ و مەیدان بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران چۆڵ دەکا، قاسملوو دان بەوە دادەنێ کە ڕووداوەکان زۆر لەوە خێراتر دەچوونە پێش کە حیزبەکەی لە توانای دابوو. ئەو لەو بارەیەوە دەڵێ:«حیزبی ئێمە کە ئامانجی ئەوە بوو لەهەر هەزار کەس یەکێک بێنێتە ئەندامی (واتە پێنج هەزار ئەندام بۆ هەموو کوردستانی ئێران) لەپڕ دەبوو بەڕێوەبەرایەتیی خاکێک بە بەرینایی پێنج یەکی فەرانسە بگرێتە دەست». بەڵام ئەوکاتە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران نەی دەتوانی هەروا بەئاسانی خەڵک بێنێتە ڕیزەکانی خۆیەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەی خوازیارانی ئەندامەتی لەرادەبەدەر زۆر بوون. قاسملوو دەڵێ:«ئەمڕۆ هەموو کەس دەیەوێ بێتە نێو حیزب. هەموو کەس دەڵێ: بیست ساڵە ئەندامی حیزبم! ئەگەر پێشیان بڵێی وانیە، تووڕە دەبن... ئیدی نازانن کەئەندامی حیزب دەبێ بەرنامەو پێڕەو بناسێ، هەقی ئەندامەتی بدا، تێکۆشانێکی سیاسیی هەبێ...».

گیروگرفتە هەرە سەختەکان دەگەڕێنەوە سەرئەوە کە پێشمەرگەکان لەباری نیزامی یەوە ڕانەهێنراون. زۆر لە لاوەکان بێ ئەوەی دەورەیان دیتبێ، تفەنگیان هەڵ گرتوە. لەوەش خراپتر، ئەوان نازانن ئەوچەکە مۆدێرنانەی لە جبەخانەی مەهاباد و سەردەشت دا دەستیان بەسەردا

گیرابوو بەکار بێنن، بەتایبەتی موسەلسەلەکان، موشەکەکانی تاو و ئارپی‌جی-٧. بۆ نموونە لاوێکی پێشمەرگە لە مەودای سی میتری‌ڕا پێنج‌جار تەقەی لە تانکێک کردبوو و نەی‌هەنگاوتبوو، یەکی دیکە لە مەهاباد نەی‌توانیبوو خانوویەکی گەورە بهەنگێوی! لەبەر ئەوەی پارتیزانەکان لەخۆڕا و لە گۆترە و بەهەر شتێک تەقەیان لەهەر شتێک دەکرد، حیزب فەرمانی وردی دابوو کە ئارپی‌جی تەنیا لە دژی تانکەکان بەکار بێنن. لەوبارەیەوە سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات دەڵێ: «ئێمە پێنج هەزار پێشمەرگەمان هەیە. ئەمە زۆرە. ئێمە ئەمساڵ پێویستیمان تەنیا بەدوو هەزار پێشمەرگە هەیەو ساڵی داهاتوو بە پێنج هەزار».

لەراستی‌دا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ستراتژیی ئەرتەشێکی مونەززەمی نیە، بەڵکوو ئەوە کە تاقمی پارتیزانی هەیانە. عەمەلیاتەکانی پێشمەرگەش تاڕادەیەکی باش کاریگەرن و پاسدارانی شۆڕش یەکجار جارز دەکەن.

ئەوان چەند رۆژ پاش یەکەمین عەمەلیاتە پارتیزانی‌یەکان بۆ «چاوترسێن کردن» پەنجاوشەش دانیشتووی گوندی بچووکی قارنێ لە نێوان نەغەدە و مەهاباد قەلاچۆ دەکەن. مانگێک دواتر "مردم" رۆژنامەی توده راپۆرتێکی مهدی بهادران نوێنەری تایبەتیی خومەینی بۆ کوردستان بڵاو دەکاتەوە کە لەودا مصطفی چمران کە رۆژی ٣٠ی سپتامبر ببووە وەزیری دیفاع تاوانبار دەکا کە «دەرەبەگە کوردەکان»ی-ئەوانەی لە رێژیمی پێشوودا «عامیلی شا» لەدژی خەڵکی بەشخوراو بوون- چەکدار کردوە.

نوێنەری خومەینی کە بەسیجی ژاندارمری بە قەتلوعامی خەڵکی قارنێ تاوانبار دەکا، رەخنە لە سەرکردە نیزامی‌یەکان دەگرێ کە «دوژمنایەتیی گەلی بێ‌گوناحی کورد لە دژی کۆماری

ئیسلامی»یان زیاد کردوە. ئەو راپۆرتە تا ئەوکاتەی کەوتە دەست"مردم" بە نهێنی مابۆوە.

ئەوکاتە کوردەکان سوود لەوناکۆکی‌یە وەردەگرن کە رێبەرانی تاران لە هەڵوێست گرتن‌دا هەیانە. پێشمەرگەش عەمەلیات لە دژی هێزە ئینتیزامی‌یەکان زیاد دەکاو زۆر زەبری قورسیان لێ‌دەدا.

رۆژی ۸ی ئۆکتۆبر لە کەمینێک‌دا شەست تا هەشتا پاسدار دەکوژرێن. دوای ئەوە لە قوم‌و تاران دوکان‌و بازار دادەخرێن‌و خۆپێشاندان وەرێ دەخرێ، لە ئیسفەهانیش دوو رۆژ سەرەخۆشی دادەنرێ.

هەر لەو کاتەدا هێرشی دەستە دووسەد سێ‌سەد کەسی‌یەکان بۆسەربنکەکانی ژاندارمری لەسەر سنووری تورکیە، نێوان ناخۆشیی پاسداران‌و ئەرتەش کە یەکتر بە لێنەوەشاوەیی تاوانبار دەکەن بەرپەرچی خۆی دەگەیەنێ. رۆژی ۱۲ی ئۆکتۆبر لە هێرشی پێشمەرگە بۆسەر بنکەی پۆلیسی مەهاباددا سەرۆکی پۆلیس دەکوژرێ‌و دوای ئەوە چەمران دەچێ بۆخۆی کاروباری هێزەکانی ئەرتەش لەم ناوە رێک بخا. هەر لەو کاتەدا داریوش فروهر بەمەبەستی باس‌و گفتگۆی نهێنی لەگەڵ شێخ عزالدین دێتە کوردستان.

ئەوکاتە سیاسەتی ئێران هەماهەنگ نیە. رۆژی ۱۷ی ئۆکتۆبر ابراهیم یزدی وەزیری کاروباری دەرەوە رادەگەیەنێ کە دەبێ:«رێگا چارەیەکی سیاسی بۆ مەسەلەی کوردستان بدۆزرێتەوە، چونکە قەت شەڕ چارەسەرێکی باشی گیروگرفتەکان نەکردوە». کەچی هەرپاش ئەو وتە بەجێ‌یە گەمارۆ دەخرێتە سەر شاری مەهاباد و خێرا کەلوپەلی خۆراکی‌و سووتەمەنی لەکەمی دەدەن. لە لایەکی دیکەوە هێندێک پاسداری دیکە دەنێردرێنە وێ کە ماڵەکان یەک بەیەک دەپشکنن. رۆژەکانی ۱۸تا۲۱ی ئۆکتۆبر لەشەڕی توندوتیژدا زیاتر لە شەست

کەس دەکوژرێن و کوردەکان سەرلەنوێ شەقامەکانی مەهاباد دەگرنەوە دەست و خەریکی وەرێ خستنی راپەرینێکی راستەقینەن. بارودۆخەکە ئەوەندە خراپ دەبێ کە رۆژی ۲۱ی ئۆکتۆبر خومەینی دەوڵەت بانگ دەکا بۆ قوم.

لەکاتێکدا چەمران هەروا لە کوردستانە و هەروا رێگا چارەی شەڕوزۆر دەگرێتە پێش، بازرگان هەوڵ دەدا خومەینی ئەو پێشنیارانە قبوڵ بکا کە کوردەکان بە فروهریان دابوون، سەرئەنجام پاش ئەوەی فەلەستینی یەکان لە رێگای ابوجهادەوە خۆ لە مەسەلەکە وەردەدەن، لایەنگرانی وتوویژ سەردەکەون. رۆژی ۲۳ی ئۆکتۆبر چوار وەزیر بۆ وتوویژ لەسەر چارەسەری کێشەی کوردستان دیاری دەکرێن کە متمانەی تەواویان دەدرێتێ، ئەو وەزیرانە بریتین لە:داریوش فروهر وەزیری دەوڵەت، هاشم صباغیان وەزیری نێوخۆ(بۆ مەسەلە سیاسی یەکان) عزت‌الله سحابی وەزیری نەخشە و بودجە(بۆ کاروباری ئابووری) و مصطفی چمران وەزیری بەرگری.

هەر لە وکاتەدا ئایەتوڵڵا شریعتمداری رادەگەیەنێ کە ئامادەیە« لە قەیرانی کورد دا نێوبژی بکا» بە مەرجێک هەردوو لا داوای لێ بکەن و هەر دوولاش بەڵێن بدەن کە«بڕیارەکانی بەجێ دەگەیەنن».

لە دەرەوە، یەکێتیی سوڤیەت پشتیوانیی خۆی لە کوردەکان نوێ دەکاتەوە، ئەمەش لە رێگای بڵاو کردنەوەی نامەی دوکتورێکی کوردی سوڤیەتی سەبارەت بە توندوتیژیی سەرکوت لە کوردستان، لە رۆژنامەی پراڤدای رۆژی ۲٦ی ئۆکتۆبردا. پراڤدا هەروەها راگەیەندراوێکی تودە بڵاو دەکاتەوە کە لەودا پشتیوانی لە«داخوازە رەوا و مەشرووعەکان»ی کوردەکان و بانگەواز بۆ«چارەسەری ئاشتی یانە»ی مەسەلەکە کراوە.

## ئاگربەسێکی نیوە رەسمی(١٦ی نوامبری ١٩٧٩)

رۆژی ٢٩ی ئۆکتۆبر وەزیری نێوخۆ کە دووپاتی دەکاتەوە حکوومەت دەیەوێ وتووێژەکان دەست پێبکاتەوە، رادەگەیەنێ بۆ ئەوەی دەستەی نوێنەرایەتیی دەوڵەت لە کەشێکی خۆش و لەباردا سەردانی کوردستان بکا، هەموو عەمەلیاتە نیزامی یەکان راگیراون .

بەڵام ئەوجارەش کوردەکان بە پەرش و بڵاوی دەچنە وتووێژ. شێخ عزالدین کە عبدالرحمن قاسملوو لە دروست کردنی کسایەتی یەکەیدا ئەخشی هەبوو، ئێستا ئەو دەستکردەی قاسملوو کەمێکیش لەوی لەپێشتر بوو. قاسملوو دەڵێ:«رێبەرێکی ئایینی یە رێزی لێدەگرن. ئەو شەخسییەتێکی سیاسیبشە. ئێمە رازین کە لە وتووێژەکاندا بەشدار بێ، بەڵام ئەوە شێخ عزالدین نیە شەڕەکە دەکا، ئێمەین. ئەوە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە کە دەبێ سەرۆکایەتیی دەستەی نوێنەرایەتی بکا».

لەنێو لایەنە چەپەکانی توندڕەودا، کۆمەڵە رادەگەیەنێ کە تا ئەوکاتەی مەجلیسی خوبرەگان هەڵنەوەشاوەتەوە و پرۆژەیەکی تازەی قانوونی ئەساسی نەنووسراوە وتووێژ رەت دەکاتەوە... هەربۆیە کۆمەڵە درێژە بە بەرەوڕووبوونەوەی هێزە ئینتزامی یەکان دەدا، ئەوەش بەتایبەتی رۆژی ٢٨ی ئۆکتۆبر لە بۆکان و رۆژی یەکەمی نوامبر، واتە رۆژی گەیشتنی نوێنەرانی دەوڵەت بۆ کوردستان، کە لەسەر جادەی سەردەشت- بانە پێشمەرگەکانیان ئەفسەرێک و دوازدە سەرباز دەکوژن. لەلایەکی دیکەوە کۆمەڵە لە شارە کوردەکان بەتایبەتی لە مەهاباد بە بیانووی جێژنی قوربان خۆپێشاندان وەرێ دەخا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە هەردووی ئەو رووداوانەدا پشت لە کۆمەڵە دەکا.بەڵام ئەگەر حیزبی دێموکراتی کوردستان لە

هارووژاندنی هێزە حکوومەتی یەکان خۆدەپارێزی، بەپێچەوانەی ئەوە کە دەوڵەت دەڵی، ئەو حیزبە ئاگر بەسی رانەگەیاندوە. هەرچۆنێک بی تەقە وەستانی نارەسمی لەئارا دایە.

ئەو تەقە وەستاندنە دەرفەتی ئەوە دەدا بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە بەناوی خۆیەوە بچێتە وتووێژ، بەڵام شێخ عزالدین کە گرنگتر بوونی حیزبی دێموکرات قبوڵ ناکا، لەو وتووێژەدا بەشدار نابی. بەو جۆرە رۆژی ١ی نوامبر هەیئەتی دەوڵەت پێکهاتوو لە داریوش فروهر، هاشم صباغیان، عزت‌الله سحابی(چمران لەگەڵ نیە) چاوی بە دەستەی نوێنەرایەتیی کورد دەکەوی کە لە غنی بلوریان، عزیز ماملی، کریم حیسامی و احمد قاضی پێک‌هاتوە.

لە چاوپێکەوتنەکەدا خێرا باسەکە دەچێتە سەر ئەو مەسەلە ناسکانەی هەر لەسەرەتاوە دوولایەن لەسەری رێک نەکەوتن. نێردراوانی دەوڵەت دەیانەوی وشەی«خودگەردانی» بەکار بێنن کە وشەیەکە داریوش فروهر بۆ ناوهێنانی خودموختاری دای‌نابوو، بەڵام کوردەکان دەیانەوی وشەی«خودموختاری» بەکار ببرێ. ئەوان هەروەها سەبارەت بە سنوورە جوغرافیایی یەکانی ناوچەی خودموختارو پێکهاتنی شوورای ئیجرایی و هەڵبژاردنی مەجلیسی یاسادانەر ناکۆکی یان هەیە. نوێنەرانی دەوڵەت ئەم شتانە بە«جیاوازی خوازی» لەقەڵەم دەدەن.

بارودۆخەکە نالەبارە. گیرانی سفارەتی ئەمریکا لە ٤ی نوامبردا لەلایەن«خوێندکارانی پەیرەوی خەتی ئیمام»، دەست لەکار کێشانەوەی بازرگان لە رۆژی ٦ی نوامبردا و پاشان هەڵوەشاندنەوەی پەیمانی ١٩٢١ی ئێران و سۆڤیەت لەلایەن ئێرانەوە، هەموویان دەبنە هۆی ئەوە کە مەسەلەی کوردستان پشت‌گوی بخری. سەیر ئەوەیە سەرەرای ئەوەش داریوش فروهر لە کوردستان هەروا درێژە بە وتووێژ دەدا.

فروهر رۆژی ۱۰ی نوامبر له نزیک سەردەشت چاوی به شێخ عزالدین دەکەوێ. شێخ عزالدین که خۆی به رێبەری گەلی کورد دەزانی و خۆی لەسەرووی حیزبەکان دادەنا، «دەفتەر»ەکەی له ئەندامانی کۆمەڵە پێک هاتبوو. به وتەی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران جەلال تاڵەبانی له کۆمەڵە نزیک بوو و دەیەویست کوردەکانی ئێران و دەوڵەت وتووێژ بکەن بۆ ئەوەی ئەمە قازانجێکی ویشی تێدابێ، ئەم دیدارەی رێک خستبوو و شێخ عزالدینی بۆ دیتنی داریوش فروهر راکێشابوو...

بەڵام ئەمجارەش گفتگۆکان هیچ بەرهەمێکیان نابێ و نێردراوانی دەوڵەت بەڵێن دەدەن داخوازەکانی دەستەی نوێنەرایەتیی کورد به تاران رابگەیەنن.

دیاره خەڵکی کوردستانیش هیچ دڵێکیان به مەئمووریيەتی داریوش فروهر خۆش نیه. بۆ وێنه ئەندازیارێکی مهاباد که لەگەڵ دەستەی نوێنەرایەتیی دانیشتوانی شار هاتبوو چاوی به قاسملوو بکەوێ دەڵێ: «فروهر وەک گەزۆکێکه ئەم گوندو ئەو گوند، ئەم مزگەوت و ئەو مزگەوت، ئەم ماڵ و ئەو ماڵ دەکا. ئەو راستگۆ نیه. که دەبینێ خەریکه زستان دادێ، هەوڵ دەدا پێ لەسەر لایەنه ئابووری‌یەکان داگرێ و دڵی خەڵکی خۆش کا، هەربۆیه بەڵێنی دروست کردنی کارگە و رێگای قیرەتاو دەدا... بەڵام ئێمه پێی دەڵێین ئەوەی ئێمه دەمانەوێ چارەسەرێکی سیاسی یه».

دوای هەوڵەکانی دەستەی نوێنەرایەتیی مهاباد به مەبەستی لێک نزیک کردنەوەی لایەنه جۆراوجۆرەکان، رۆژی ۱۲ی نوامبر حیزبه کوردەکان لەسەر دیاری کردنی ئەندامانی دەستەی نوێنەرایەتیی تاقانه رێک دەکەون. شێخ عزالدین دەبێته سەرۆکی هەیئەتەکە، بەڵام ئەو سەرۆکێکی بێ‌زمان دەبێ، چونکه حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

دەمراست دەبێ‌و ئەندامەکانی دیکەش قسە ناکەن. رۆژی ١٦ی نوامبری ١٩٧٩ رێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە راگەیەندراوێکی درێژدا پێشمەرگەو خەڵک لە هەر چەشنە هەواڵێک کە لە لایەن دەوڵەتەوە بڵاو بکرێتەوە وشیار دەکاتەوەو دوو مەرج بۆ قبوڵی ئاگربەس دادەنێ:« یەکەم ئەوە کە لە ماوەی پازدە رۆژدا هەموو ئەو پاسدارانەی خەڵکی کوردستان نین ناوچەکە بەجێ بێڵن؛ دووهەم ئەوەکە هەرچەشنە جموجۆڵ‌و هاتوچۆیەکی تاقم‌و هێزەکانی ژاندارمری تا ئەوکاتە کە بڕیارێکی یەکجاری لەسەر چارەسەری کێشەی کوردستان دەدرێ رابگیرێ».

راگەیەندراوەکە کە حەوتوویەک مۆڵەت بۆ قبوڵی ئەو مەرجانە دەدا بە دەوڵەت، لە کۆتاییدا دەنووسێ:« تەنیا لەو حاڵەدا پێشمەرگەکان‌و هێزە چەکدارەکانی بەرگری ئاگربەس دەپارێزن، بۆ ئەوەی کەشێکی لەبار بۆ وتووێژی جیددی پێک بێ».

## قاسملوو لە مەهاباد(٢٠ی نوامبری ١٩٧٩)

لەو هەلومەرجەدا قاسملوو لەو ئاگربەسە کە ئاگربەسێکی راستەقینە نیە کەڵک وەردەگرێ‌و رۆژی ٢٠ی نوامبر کۆبوونەوەیەکی گەورە لە مەهاباد پێک دێنێ. ئەو رۆژی پێشوو بە ئۆتۆمبیلێکی بێ ئیسکورت لە بنکەکەی لەنێو شاخان‌ڕا هاتبوو بە بێدەنگی چووبووە نێو «پێتەخت»ی کوردستانی ئێران. شەو لەلای دۆستێکی لایەنگری حیزبی دەمێنێتەوەو لەو دەرفەتە کەڵک وەردەگرێ بۆئەوەی تەلەفون بۆ خێزانی، هێلێن بکا کە لە فەرانسە دەژیا. کاتێک موخابراتی تاران لێی‌دەپرسێ کێ قسە دەکا، ئەو بەو خوێنی ساردی‌و تەنزە هەمیشەییەی خۆیەوە ناوی راستیی خۆی دەداتێ، ناوێک کە هەموو

ئێران دەی‌ناسێ. موخابەراتیش بە سەرسوڕماوی و نوتق بەستراوی‌یەوە بۆی وەسڵ دەکا.
قاسملوو ڕۆژی ۲۰ی نوامبر لە مەیدانی مێژوویی چوارچرا کە قازی محەممەد ڕۆژی ۲۲ی ژانویەی ۱۹٤٦ کۆماری لێ ڕاگەیاندبوو، لە بەرامبەر جەماوەرێکی چەندسەد هەزار کەسی دەچێتە پشت میکروفۆن. ئەو لە قسەکانی‌دا بە باشی ناوی خومەینی دەبا کە لە پەیامی ۱۷ی نوامبری خۆی‌دا هەڵوێستی گۆڕیبوو، خەڵکەکەش پێشوازی گەرم لە قسەکانی دەکەن. خومەینی لە پەیامەکەی‌دا گوتبووی: «ئەو کەسانەی ئێوەیان بە پیلانگێڕ لەدژی کۆماری ئیسلامی تاوانبار کردوە بەدخوازن. ئەمن عاجزانە دەستتان بۆ درێژ دەکەم و تکاتان لێ‌دەکەم یەکێتی‌یەکەمان بپارێزن، چونکە هەرچەشنە نیفاقێک قازانجی تەنیا بۆ ئیمپریالیزمی ئەمریکا دەبێ. ئایا ئێوە بەتەمان خواهیشی عاجزانەی پیاوێک کە ئاخر ڕۆژەکانی ژیانی بەسەر دەبا ڕەت بکەنەوە؟»
قاسملوو لەوەڵامی خومەینی‌دا لە پێش ئەو خەڵکە هەژاوە ڕادەگەیەنێ: «ئێمە ڕێز لە دەست پێشخەریی ئیمام دەگرین و هیوادارین نوێنەرەکانیشی هەڵوێستی ئاوا جوان بگرن». دوای ئەوە کەشێکی بەدوور لە واقیع بەسەر مەهاباد‌دا زاڵ دەبێ، دیمەنی برایەتیی پاسدار و پێشمەرگە وەبەر چاو دەکەوێ، هێندێک کەسیش گوڵ لە لولەی تفەنگەکانیان دەدەن.
ئەو وەختە شار بەتەواوی لەژێر کۆنترۆڵی کوردەکان دابوو. دووسەد پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە فەرماندەیی سەید ڕەسوڵی بابی گەورە و چل پێشمەرگەی کۆمەڵە نێوەراستی شاریان بەدەستەوە بوو. کەمێک دوورتریش چوارسەد پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات جێگیر ببوون. خەڵک وێنەیان لەسەر

ئەوتانکانەی ئەرتەشی ئێران دەگرت کە لە شەڕەکانی ئاخری نێو شاردا تێک شکابوون. لەسەر لوتکەی کێوەکانی دەوروبەری شاریش تانک و تۆپی ئەرتەش بە ئامادەیی بەدی دەکران.

قاسملوو لە وتارەکەی‌دا هەروەها گوتبووی: «ئامانجی هاوبەشی ئێمە ئەوەیە کە ئاگربەسە کاتی‌یەکانی ئێستا بکەینە شەڕ راگرتنی یەکجاری. بەڵام ئەوە کاتێک وەدی دێ کە دەوڵەت ئەو دوو مەرجەی پێشوو کە بۆ ئێمە بنەرەتین، قبوڵ بکا. هەروەها دەبێ قبوڵی بکا کە کاتێک بە قانوونی ئەساسی‌دا چوونەوە، وشەی خودموختاریی تێدا جێ بکەنەوە».

سەیر ئەوەیە کە سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە مانگی نوامبری ۱۹۷۹دا سەبارەت بە وتووێژ لەگەڵ خومەینی‌یەک کە بەئاشکرا خراپەی پێ گوتبوو، خۆشبینە و دەڵێ: «ئێستا کاتی وتووێژە. خومەینی بێ هێز بووە، ئەو وەک سەگێکی پیر وایە کە هەرچوار دەوری سەگی راوێ بن. کاتێک یەکێک لەو سەگانە دەی گەزێ، هەتا خۆی وەردەسووڕێنێ یەکی دیکە قەپی پێدا دەکا. جگە لەوەش ئەوا زستان دادێ و ئەمە بۆ ئەرتەش شتێکی باش نیە. ئەو ئەرتەشە ورەی نەماوە. دیارە ئێمە پەلەمان نیە، بەڵام رژێمی خومەینی ئەبەدی نیە. ئەگەر خومەینی ئامادەی وتووێژ بێ، دەبێ کەڵک لەو هەلە وەرگرین، کێ دەزانێ دوای ئەو کێ دێ. ئێمە دەزانین لەگەڵ خومەینی بە کوێ دەگەین. ئەگەر بڵێ نا، ئەوە ئیدی نابە. لەحالێک‌دا ئەوانی دیکەی وەک داریوش فروهر قسە و کردەوەیان لێک جیایە. رەنگە خومەینی کەللە شەق بێ بەڵام هەر ئەو خومەینی‌یە بووکاتێک جیهادی لە دژی ئێمە راگەیاندبوو و دوای ئەوەی ئەرتەش لەبانە و سەردەشت زەبری زۆر قورسی وێ کەوت هەیئەتێکی نارد بۆ وتووێژ... بەڵام دیارە وتووێژەکان جارێ دەستیان پێ نەکردوە و

ئێمە بۆ وتووێژ مەرج دادەنێین».

سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کاتێک باسی نێوەرۆکی وتووێژەکان دەکا، دەڵێ:«میللەت خودموختاریی دەوێ. ئێمە نابێ لەوە پاشگەز بینەوە. لە کوردستان کەس نازانێ خودگەردانی چیە... بەڵام سەبارەت بە مەجلیس و هەیئەتی ئیجرایی وشەکان گرینگی یەکی کەمتریان هەیە،ئەوەی گرینگە نێوەرۆکە. ئێستا ناوی ئەو هەیئەتە ئیجرایی یە دەنێین "حکوومەتی ناوچەیی" یان"کۆمیتەی ئیجرایی"، "مەجلیسی میللی" دەبێ یان "ناوچەیی"! وشەکان زۆر گرنگ نین. ژاندارمری و پۆلیس دەبێ کورد بن. مەسەلە ئەوەیە کێ فەرماندەکانیان دیاری دەکا. ئێمە دەڵێین هەیئەتی ئیجرایی کورد، ئەوان دەڵێن: دەوڵەتی ئێران... دیارە ئەرتەشی ئێران لە کوردستان جێگیر دەبێ بۆ ئەوەی پارێزگاریی سنوورەکان بکا. بەڵام نابێ دەست لە کاروباری نێوخۆیی کوردستان وەربدا. پادگانی مەهابادیش کە نیوەی شارەکەی داگرتوە نامێنێ. بۆ زەمانەت کردنی داهاتووی خودموختاریش، پێشمەرگەکانمان رادەگیرێن. لەو بارەیەوە هیچ پاشەکشەیەکمان نابێ».

قاسملوو لە درێژەی قسەکانی دا دەڵێ:« سەبارەت بە داهات، دەوڵەتی ناوەندی ٤٠ - ٣٠٪ یەک بۆخۆی دەگێڕێتەوە و پاشماوەکەشی بە شێوەیەکی رێژەیی بەسەر خەڵک دا دابەش دەکرێتەوە. ئەوان ئەگەر بیانەوێ کوردستان لەگەڵ ئێران بمێنێتەوە، دەبێ بەشێک لە داهاتی نەوتیشمان بدەنێ».

## هەڵوێستی ئەرتەش

ئەو ئیشارەتانەی لەلایەن حکوومەت و هێزەکانیەوە دەگەنە

قاسملوو تارادەیەکی بەرچاو دژ بەیەکن. لە سەردەشت کە زۆر ڕووداوی ناخۆش ڕوو دەدا، وادیارە سەرهەنگ فەرماندەری پادگان دەیەوێ بەهەر نرخێک بووە وەزعەکە تێک بدا. لەلایەکی دیکەوە مصطفی چمران کە ئیدی لە وتووێژەکان‌دا بەشدار نابێ، خەریکە دەورەیەکی شەڕی دژی پارتیزانی بۆ دووهەزار کەس لە قەزوین و کرماشان دادەنێ.

سەرەڕای ئەوەش ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێران کە پێوەندیی زۆری بە ئەفسەرانی ئێرانیی نیشتەجێ لە کوردستانەوە هەیە، دڵنیایە کە ئەرتەش نایەوێ شەڕ بکا. زۆر لە ئەفسەرەکانی پلەی خوارەوە، سەرگوردەکان، سەروانەکان، ستوانەکان، دێموکراتی ئەوتۆن کە دژی شەڕ لەگەڵ کوردەکان یا عەرەبەکانن... و یان هەرنەبێ نایانەوێ خۆ بەکوشت بدەن. زۆر خەڵەبانی هێلی‌کۆپتێر هەن کە ڕاکێت و موهیماتەکان لە خۆڕا بەفیڕۆ دەدەن و دێنەوە دەڵێن مەئمووریەتەکەمان بە جێ‌گەیاند. هێندێک لە نیزامی یەکان تەنانەت بە پێش بنکەی پێشمەرگەکان‌دا دەڕۆن، ئیشارەیان بۆ دەکەن و تەقە ناکەن.

گۆیا دوازدە فڕۆکەوان کە لە کاتی هێرشەکەی دیسامبری ۱۹۷۹دا قبووڵیان نەکردبوو مەهاباد بۆمباران بکەن، لە تەوریز و دزفوول ئیعدام کراون. فڕۆکەوانێکی کوردیش بە هەڤاڵەکانی گوتبوو: «ئەگەر ئێوە بچن کوردستان بۆمباران بکەن، لە ئێستاوە بزانن، ئەمنیش دەچم قوم بۆمباران دەکەم». ئەو ئەفسەرە کوردانەی ئەرتەش بەجێ‌دێڵن و دەچنە گەڵ پارتیزانەکان-وەک سەرهەنگ ایرج قادری کە دێتە ڕیزی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، یان سەرهەنگ سمکۆ عەلییار کە دەفتەری نیزامیی شێخ عزالدین بەڕێوە دەبا- دەڵێن ئەرتەش نایەوێ شەڕ بکا، ئەگەر بشی‌کا لەژێر تەوژم و جاری واشە لەژێر هەڕەشەی پاسداران‌دا دەی‌کا.

وەزعی رووحیی ئەرتەش لە رووداوێک‌دا کە کوردەکان دەی گێڕنەوە، بەباشی دەردەکەوێ. رۆژی ٩ی نوامبر سەرهەنگ شریفی کە بە مەئمووریەت لەنێو هێلی کۆپتێرێکی ژاندارمری‌دا دەبێ، فەرمان بە ستوان روزبهانی دەدا گوندی دزلی بداتە بەر موسەلسەل. ستوانەکە قبولی ناکاو دەڵێ:« ئەو گوندە پێشمەرگەی لێ نیە، تەنیا خەڵکی گوندەکەی لێ‌یە» فرۆکەوانەکە سەرهەنگەکە دەکوژێ‌و دوایەش بۆ خۆی دەستگیر دەکرێ‌و ئیعدامی دەکەن .

## ریفراندۆمی قانوونی ئەساسی (٢و٣ی دسامبری ١٩٧٩)

بەناو وتووێژەکان هەروا درێژەیان هەیە.ئەوەش سەرەڕای رووداوی زۆر سەخت‌وناخۆشی وەک شەڕی سەردەشت(١٥ی نوامبری ١٩٧٩) کە لەودا دوو فانتۆم‌و هەشت هێلی‌کۆپتێر بەشدار بوون، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کۆمەڵەی تاوانبار کردبوو کە دوژمنی بۆ هەڵایساندنی ئەو شەڕە هارووژاندوە. لە وتووێژەکان‌دا دەوڵەت بەروونی وەڵامی داخوازیی کوردەکان ناداتەوە.

رۆژی ٢٠ی نوامبر داریوش فروهر لە گفتگۆیەکی تەلەفزیۆنی‌دا بە قاسملوو دەڵێ کە دەولەت ئامادەیە پاسدارانی شۆڕش لە کوردستان بکشێنێتەوە، بەلام نای‌هەوێ جموجۆلی ئەرتەش راگرێ. عبدالرحمن قاسملوو کە ئەوەی پێ‌سەیرە دەڵێ هەروەها فروهر بەڵێنی پێ‌داوە کە ئەگەر کوردەکان رازی بن، دەوڵەت لە ماوەی چل‌وهەشت سەعات‌دا حیزبە کوردی‌یەکان قانوونی دەکاو پرۆژەیەکی خودموختاری رادەگەیەنێ. کەچی هەر لەو کاتەدا چەمران ریپۆرتاژێک لە رۆژنامەی«کیهان»دا بلاو دەکاتەوە کە قاسملوو ئەو نووسراوەیە بە«توهین آمیز » دەرهەق بە کوردەکان لەقەڵەم دەدا.

لە راستی‌دا دەوڵەت بایەخێکی زۆرکەم بەو وتووێژانە دەدا. ئەمەش بەتایبەتی لە ڕێفراندۆمی ڕۆژەکانی ٢و٣ی دسامبر لەسەر قانوونی ئەساسیی کۆماری ئیسلامی‌دا دەردەکەوێ چونکە ئایینی شیعەی وەک ئایینی دەوڵەتی ئیسلامی داناوەو هیچ مافێکی خودموختاری تەنانەت«خودگەردانی»یشی بەرەسمی نەناسیوە. هەربۆیە حیزبە کوردەکان ریفراندۆم بایکۆت دەکەن، هەرچەندیش کە بەنی‌سەدر ڕای‌گەیاندبوو کە هەڵبژاردنی ئەندامانی شووراکانی گوندو شار دەسەلاتی کەمایەتی‌یەکان«زیاتر لە گەلانی یەکیتیی سۆڤییەت و یوگوسلاوی» دەستەبەر دەکا.

لە کوردستان و لە بەلوچستان خەڵک لە ریفراندۆم‌دا بەشدار نابن و رفسنجانی وەزیری نێوخۆی ئەوکات ڕادەگەیەنێ کە لەو ناوچانەدا ڕاپرسی‌یەکی دیکە بەڕێوە دەچێ. ئەوکاتە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئولتیماتۆمێک دەداتە دەوڵەت و هەتا ١٩ی دسامبر مۆڵەتی دەدات بۆ ئەوەی بە قانوونی ئەساسی‌دا بچێتەوە.

ئەو حیزبە دەزانێ کە ڕەنگە هەر ساتێک ناچار بە گرتنەوە پێشی خەباتی چەکداری بێ، بڕیار دەدا ئارشیو و چاپخانەکەی بۆ شوێنی دڵنیا ڕاگوێزێ و پێشمەرگە بە چیاکان‌دا بڵاو کاتەوە. ڕۆژی ١١ی دسامبر وتووێژەکان سەرلەنوێ دەست پێ‌دەکەنەوە، بەڵام دیسان گیروگرفتی فۆڕمی دێنە سەر ڕێگا، چونکە دەوڵەت نایەوێ لەگەڵ هەیئەتێک وتووێژ بکا کە نوێنەرانی کۆمەڵە و فیدائیانی تێدا بن. سەرئەنجام پاش ئەوەی ڕێک دەکەون نوێنەرانی ئەو دوولایەنە قسە نەکەن، وتووێژ دەست پێ‌دەکاتەوەو لە نێوەڕاستی مانگی دسامبردا دەوڵەت سەرئەنجام پێشنیارەکانی خۆی ڕادەگەیەنێ.

## پرۆژەی دەوڵەت بۆ خودموختاری (١٥ی دسامبری ١٩٧٩)

ئێریک روڵۆ لە مەهاباد      باسی سەرسووڕماویی قاسملوو دەکا کــاتێک ســەرئەنجــام پرۆژەی دەوڵەتی پێ‌گــەیشــتــبــوو و دەنووسێ: «عبدالرحمن قاسملوو کە لەسەر عەرزی دانیشتبوو بە چاوی خۆی باوەڕی نەدەکرد. ئەو تێکستــە دەستنووسە چوار لاپەڕەیی‌یەی کە لە تارانەوە پێی‌گەیشتبوو چەند جار خوێندەوە. تێکستــەکە لەســەری نووسرابوو "مافو ئەرکـەکـانی ئوستـانە خودگـەردانەکـانی کـۆمـاری ئیسلامیی ئێران"».

لەبەر ئەوەی ئەو نووسراوەیە تەنیا دەقی رەسمیی پێشنیارەکانی رژێمی خومەینی لەسەر خودموختاری‌یە، ئێمە لێرەدا بڵاوی دەکەینەوە:

«١- شووڕای ناوچەیی ئەو کـاروبارەی خـەڵک کـە لە دەسـەڵاتی دەوڵەتی ناوەندی‌دا نین بەڕێوە دەبا. ئەو کـاروبارەی دەسەڵاتی ناوەندی بەڕێوەیان دەبا بریتین لە: بەرگریی میللی، کاروباری دەرەوە، سیستمی دراو، نەقشـەی درێژخایەن، کـومـپانیـا گـەورە پیشـەسـازی‌یەکـان، پێــوەندی‌یەکــان(مــواصــلات)، رێگای ئاسنو تەوەرە جـادەیی‌یە سەرەکی‌یەکان.

٢- کــاربەدەســتــە بەرزەکــانی حکـومــەت- بـەتـایبـەتی حـاکم، فەرمـاندەی هێزەکـانی ژاندارمری‌و پۆلیس لە ناوچە- لەلایەن دەوڵەتی ناوەندی‌یەوەو لەسەر پێشنیـاری شووڕای نـاوچەیی دیاری دەکـرێن. لەبەرامبەردا ئەو شووڕایە بە شێوەیەکی راستەوخۆ بەرپرسانی ئاسایش لە شارو گوندەکان دیاری دەکا.

٣- سیـسـتـمی قـەزایی ناوچە بە شێوەیەکی سـەربەخۆ کـار دەکا بەڵام لەژێر کونترۆڵی دیوانی بەرزی کۆمار لە تاران‌دا دەبێ.

٤- پاراستنی نەزمو ئاسایش لە ئـەستـۆی بەرپرسانی نـاوچەیی

دەبێ.

٥- تەنیا شوورای ناوچەیی دەتوانێ لەبوارەکانی «احوال شخصی» تاکە کەسی[مارەیی، تەڵاق، شەرع...]، ئایین، داب و نەریت و سوننەتەکانی خەڵکی ناوچەدا یاسا دابنێ.

٦- ئایینی زۆربەی دانیشتوانی ناوچە بە"رەسمی" دادەنرێ، هەروەک ئیسلامی شیعە کە ئایینی دەوڵەتە.

٧- بوودجەی ناوچەیی دوو سەرچاوەی داهاتی هەیە: یەکەم ئەو یارمەتییانەی لە لایەن دەوڵەتی ناوەندی یەوە دەدرێن. دووهەم ئەو باج و ماڵیاتەی کاربەدەستانی ناوچەیی بە شێوەیەکی راستەوخۆ کۆیان دەکەنەوە.

٨- دەوڵەتی ناوەندی دەتوانێ بڕیاربدا کە ناوچە پاشکەوتووەکان لەوە زیاتر یارمەتی یان بدرێ کە گرینگیی ژمارەی خەڵکەکەی پاساوی دەدا.

٩- ناوچەکانی خودگەردان دەبێ ئازادیی دەربڕین، پێکهێنان و تێکۆشان بۆ هەموو رێکخراوە سیاسی یەکان، بنیاتە سینفی و ئایینی و فەرهەنگی یەکان بە لەبەر چاو گرتنی مەرجەکانی قانوونی ئەساسیی کۆماری ئیسلامی دەستەبەر بکەن.

١٠- ئازادیی خوێندنی زمان (کوردی، بەلوچی، ئازەری، ئەرمەنی، ئاسۆری، عیبری، عەرەبی و تورکی)بۆ هەموو هاونیشتمانان هەیە. زمانە سەرەکی یەکان(کوردی، بەلووچی و ئازەری) دەکرێ هەر لە قۆناغی سەرەتایی یەوە وەک زمانی فارسی کە«زمانی رەسمی و هاوبەشی هەموو گەلان»« بخوێندرێن. بەڵام لە زانستگە جگە لە ماددەکانی زمان و ئەدبیاتی کەمایەتی یەکان، خوێندن بە زمانی فارسی دەبێ.

١١- بەڕێوەبەرایەتیی ناوچە بۆ نووسراوە نێوخۆیی یەکان زمانی

ناوچەیی بەکار دەبا. بەڵام لە پێوەندی یەکانی نێوان کاربەدەستە ناوچەیی یەکان و حکوومەتی ناوەندی دا زمانی فارسی بەکار دەبرێ.

١٢- هەر ناوچەیەک زانستگەی خۆی دەبێ، و یان هەرنەبێ بنیاتی خوێندنی بەرزی لێ دەبێ. جگە لەوەش زانستگەی تاران کۆلێژی خوێندنی زمانی کەمایەتی یەکان دەکاتەوە.

١٣- هەر ناوچەیەک ئیزگەی رادیۆ و تەلەفزیونی خۆی دەبێ کە لە رۆژدا چەند سەعات بەرنامە ناوچەیی یەکان بە زمانی ناوچەیی بڵاو دەکاتەوە. هەروەها ئازادی بۆ ئەو رۆژنامەو بڵاوکراوانە دەستەبەر دەکرێ کە دەیانەوێ بە زمانێکی جگە لە فارسی بنووسن.

١٤- شووڕای ناوچەیی بەپێی گرینگیی ژمارەیی خەڵکی ناوچەو بە شێوەیەکی رێژەیی ژمارەی کاندیداکانی قوتابخانە میللی یەکانی ئامادە کرانی کادر بۆ ئەرتەش و پۆلیس و ژاندارمری دیاری دەکا».

سەبارەت بەو نووسراوەیە سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەڵێ:« ئەو نووسراوەیە هەرنەبێ هەیە، هەرچەند کە لەو فورمەی ئێستای دا جێگای قبوڵ نیە». لە راستی دا ئەو بەڵگەیە زیاتر «لامرکزی»یەکی ئیداری پێشنیار دەکا نەک«خودموختاری یەکی راستەقینە». ئەو نووسراوەیە کوردەکان وەک«گەل» و تەنانەت «رەگەز»یش ناناسێ.

جگە لەوەش، لەکاتێک دا کوردەکان داوای هەر چوار ئوستانی ئازەربایجانی رۆژئاوا، کوردستان، کرماشان و ئیلام دەکەن بۆ ئەوەی لەژێر دەسەڵاتی دامودەزگاکانی خودموختاردا کۆیان بکەنەوە، دەوڵەتی تاران دەیەوێ ئەو نووسراوەیە تەنیا لەسەر دوو ئوستانی یەکەم بەجێ بگەیەنێ. ئەمەش لەبەر ئەوەی دەڵێ دوو ئوستانەکەی تر«کوردی شیعە»یان لێ دەژی.

هەروەها بەشێکی گەورەی ئازەربایجانی رۆژئاوا کە ئازەری لێ

دەژین لە ناوچەی خودموختار جیا کراوەتەوە. قاسملوو دەڵێ: «گەلەکمان ناتوانێ بە «خودگەردانی» رازی بێ، ئەو لەکاتێکدا بۆ وەدەست هێنانی خودموختاری خوێنی داوە قبوڵی ناکا سەرزەوینی کورد بکرێتە ئوستانێک و واحیدێکی ئیداری کە شووراپەکی ئیجرایی هەڵقوڵاو لە مەجلیسی هەڵبژێراو بە دەنگدانی گشتیی خۆی نەبێ».

ئایا کاربەدەستانی تاران دەیانەویست کێشەی توندی سنوورە جوغرافیایی یەکانی ناوچەی«خودگەردان» بۆ وتووێژەکانی ۱۷و۱۸ی دسامبر هەڵگرن؟ قاسملوو بە نیازپاکی یەکی زۆرەوە لەگەڵ ئەوەدا کە ماوەی ئاگربەس رۆژی ١٤ی دسامبر تەواو ببوو، بڕیار دەدا چاوەڕوانی دەوری دوایی وتووێژەکان بێ و دەڵێ: «ئەوە حکوومەت بوو لە مانگی نووتی رابردوودا شەڕی بەسەردا سەپاندین و ئەوەش ئێمە بووین کە ئاگربەسەکەی ئێستامان سەپاند. ئێمە دڵنیاین کە شەڕ هیچ گیروگرفتێک چارەسەر ناکا. لەنێوان دوو گەلی برادا کە بەشەڕ چووین سەرکەوتوو و دۆڕاو نیە».

لەراستی دا لێکدانەوەی قاسملوو هەر ئەوەیە کە لە کۆبوونەوەی رۆژی ۲۰ی نوامبری ۱۹۷۹دا لەمەهاباد خستبوویە روو، ئەو هەرپێی وایە کە خومەینی بۆزی باشترین کەسە رووی تێ کا. لە حاڵێکدا رێکخراوە چەپە توندڕەوەکان(کۆمەڵە، فیدائیان)پێیان وایە کە رێژیمی خومەینی لەبنەرەتەوە«کۆنەپەرست»و«بەدرۆ بەدژی ئیمپریالیست»ە، هەر بۆیە پێیان وایە ناکرێ چاوەڕوانی یەکی ئەوتۆیان لەو رێژیمە هەبێ. بەبڕوای وان وتووێژەکان ناگەنە رێککەوتنێکی ئەوتۆ کە کوردەکان بتوانن پێی رازی بن.

بەڵام قاسملوو دڵنیایە کە شەڕی کوردستان دەتوانێ ببێتە هۆی رووخانی رێژیمی خومەینی و هاتنە سەرکاری دەسەڵاتێکی

پارێزگار«محافظەکار» کە هێندەی دیکەش دوژمنی داخوازەکانی کورد بێ. قاسملوو دەڵێ:«چارسەری مەسەلەکە زیاتر بە پارسەنگی هێزەکانەوە بەستراوەتەوە هەتا بە ئیدئولۆژیی رێژیمی خومەینی ... من پێم‌وایە رێککەوتنێکی جێگای قبوڵ ئیمکانی هەیە». دواتر رووداوەکان دەری دەخەن کە قاسملوو لە لێکدانەوەکانی خۆیدا سەبارەت بە پارسەنگی هێزەکان بەهەڵە چووبوو...

لەدوای پڕۆژەی دەوڵەت بۆ«خودگەردانی» رێژیم هیچ هەنگاوێکی باش هەڵنایەنێتەوەو بەبێ لەبەرچاوگرتنی هەستی خەڵکی کورد درێژە بە دامەزراندنی دامودەزگاکانی خۆی دەدا. لە وەڵامدا کوردەکان پڕۆژەیەکی قانوونی ئەساسی(١)لە بیست‌وشەش ماددەدا رۆژی ٢٦ی دسامبر لە رۆژنامەی«بامداد»دا بڵاو دەکەونەوەو داوای خودموختاری‌یەکی تەواو دەکەن. سەرەتای مانگی ژانویە دوای ئەوە کە حکوومەت بڕیار دەدا پاسدارەکان لە کوردستان بهێنێتەوە، ناوچەکە دەکەوێتە جۆش‌و خرۆش. کوردەکان بڕیار دەدەن کە هەڵبژاردنی سەرکۆماریی رۆژی ٢٥ی ژانویەی ١٩٨٠ کە بنی‌صدری تێدا هەڵبژێردرا بایکۆت بکەن. زۆر زووش رووداوی سەخت‌و ناخۆش دووپات دەبنەوە. لەکامیاران رۆژی ٢٩ی ژانویە ١٧ کەس دەکوژرێن، لەسەڵماس رۆژی ٣٠ی ژانویە سێ کەس‌و لە بیجارو پاوەش رۆژی ١ی فیبوریە پەنجا کەس.

لە ٢ی فیبوریەدا شێخ عزالدین‌و قاسملوو داوا لە خومەینی دەکەن کە«ئەو پلانەی هێندێک شەخسییەتی سیاسیی ئێران لە دژی شۆڕشی ئیسلامی‌و خەڵکی کوردستان» ناویانەتەوە پووچەڵ بکاتەوە. دوای ئەوە کە بارودۆخەکە بۆ ماوەیەکی کورت ئارام دەبێتەوە، رۆژی ١٤ی

---

(١) ئەمە پڕۆژەی قانوونی ئەساسی نەبوو، بەڵکوو گەلاڵەی خودموختاری بوو. چاپی کوردی

مارس هەڵبژاردنی مەجلیس بەڕێوە دەچێ. لە مەهاباد غنی بلوریان کاندیدای حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بە ۲۹۳۹٦ دەنگەوە(واتە ۸۰٪ دەنگەکان) هەڵدەبژێردرێ، بەڵام هەڵبژاردنەکانی مەریوان و سەقز و بانە لەلایەن وەزیری نێوخۆوە«بەبیانووی بوونی تاقمە چەکدارەکان لەو شاراندا» هەڵدەوەشێنەوە.

## شەڕی بەهاری ۱۹۸۰

هێرشی بەهاری ۱۹۸۰ بۆ ئازەربایجانی رۆژئاوا چەند رۆژ دوای جێژنی نەورۆزو دوای ئەوە هەڵدەگیرسێ کە ئاخرین هەوڵی نێوبژیکەری نهێنیی جەلال تالەبانی لە تاران بێئاکام دەمێنێتەوە. ئەوە لە کاتێکدایە کە هەلومەرجی ئاوو هەواش بۆ هێزە حکومەتی یەکان لەبارە. سەرەڕای ئەوە کە حیزبە کوردەکان بەرەسمی بانگەواز بۆ خومەینی و بنی‌صدر دەنێرن کە«هەتا زۆر درەنگ نەبووە پێشی شەڕی براکوژی بگرن»، کاربەدەستانی ئێران هیچ گرنگی یەک بەو بانگەوازە نادەن و وردە وردە شەڕ لە سەقز کە رۆژی ۱۹ی ئاوریل ئەرتەش گرتبوویەوە پەرەدەستێنێ، لەوێ هەشت کەسی بێدیفاع و دوو پێشمەرگە و چاردە سەرباز دەکوژرێن، هەروەها لەسنەو پاوە چەندین سەرباز دەکوژرێن.

کۆتایی مانگی ئاوریل ئیدی ئاگری شەڕ لە کوردستان بێ ئەمان دایدەسێ. لەسنە لەئاکامی بۆمبارانەکاندا پتر لە سێسەد کەس دەکوژرێن و نەخۆشخانەی شار کە کەوتبووە بەر راکێت ناچار بە چۆڵ کردن دەبێ. قاسملوو بە ئاژانسی فرانس پرێس رادەگەیەنێ:«دەوڵەت کوردەکان بۆ شەڕێکی سەرتاسەری هان دەدا. سەرۆک بنی‌صدر بەڵێنی دابوو پرۆژەیەکی شەش ماددەیی خودموختاری قبوڵ بکا، بەڵام داوا

دەکا بەر لە هەرشتێک چەکەکانمان دانێین، واتە بە دەستی خومان دەستی خۆمان ببڕینەوە».

هێرشی تەبس(٢٥ی ئاوریلی ١٩٨٠) بۆ ولاتە یەکگرتووەکان شکستێکی گەورە دەبێ. ئەو هێرشە کە بە مەبەستی بەهانا چوونی بارمتەکانی باڵیوزخانەی ئەمریکا رێک‌خرابوو، بنی‌صدر دڵنیاتر دەکا کە شۆڕشی کورد لەلایەن ئەمریکایی‌یەکانەوە پشتیوانیی لێ‌دەکرێ‌و ئەمریکایی‌یەکان چەکیان پێ‌دەدەن‌و دەیانەوێ کوردستان وەک توختەی سەرەتای مەئموورییەتەکانی خرابکاری بەکار بێنن.

شەڕ هەموو کوردستان دەگرێتەوە. ئیدی پزیشکەکانی نەخۆشخانەی بۆکان نازانن چ لەو هەموو بریندارە بکەن کە ژن‌و منداڵ‌و پیریان تێدایەو زۆربەیان هی شەڕی بێ‌ئەمانی سەقزن. ئاوارەکانی سەقز٢٠هەزار کەس دەبن لە چوار ئوردوگای دەوروبەری شار کە کەموکوڕیی هەموو شتێکیان هەیە جێگیر بوون.

قاسملو کە باسی بارودۆخی کوردستان دەکا، بە نێردراوی تایبەتی رۆژنامەی"لوموند" دەڵێ:«ئێمە هەتا ئێستا لە بارودۆخێکی زۆر تایبەتی‌دا بووین. نە شەڕ بوو، نە ئاشتی. ئەو بارودۆخە زۆر سەنگین بوو. ئێستا هەم شەڕە هەم ئاشتی لێرە لە مەهاباد ئاشتی‌یەکی تەواو جێگیر بووە، کەچی لە سنە لە شەڕ داین، شەڕێک کە لەودا هەموو هۆیە پێویستەکان بەکار هاتوون بۆ ئەوەی گەلێکی بێ‌گوناحیان پێ لەنێو ببرێ. ئاخرین نەخشەی دەوڵەت ئەوە بوو کە گەمارۆی ئابووری بخاتە سەر ناوچە.... روونە کە دەوڵەت بۆ لەنێوبردنی ئێمە هەموو کارێک دەکا. لە هەل‌ومەرجێکی وادا ئێمەش خۆمان بۆ خەبات ئامادە دەکەین. بەرۆژ وتووێژ دەکەین، تەلەفۆن بۆ تاران دەکەین، بە شەویش شەڕ دەکەین.... تاکتیکی ئێمە ساکارە، تاکتیکی هێزێکی پارتیزانی‌یە، ئەویش ئەوە کە لە هەموو شوێنێکین‌و لە هیچ شوێنێک

نیین». قاسملوو له کۆتایی دا دەڵێ:«ئەگەر ئەوان بڕیار بدەن شەڕێکی تەواومان لەگەڵ بکەن، ئێمە بۆ نێو چیاکان پاشەکشە دەکەین، چونکە لەوێ دوژمن ناتوانێ زەفەرمان پێ بەرێ. چیای کوردستان هەمیشە کوردەکانی پاراستوە و هەرواش دەیان پارێزێ».

شەوی ١٢لەسەر ١٣ی مەی کاتێک ئەرتەش سنە دەگرێتەوە پێشمەرگە شار بەجێ دێڵێ بۆ ئەوەی« خەڵک لەوە زیاتر زەجر نەکێشێ». لەمەڕا دەردەکەوێ کە وەختی «پاشەکشە بۆ نێو چیاکان» نزیک بووەتەوە.

ئاکامی شەڕی سنە(١٨ی ئاوریل تا ١٤ی مەی) بۆ خەڵکی بێدیفاع زۆر قورسە، چونکە شەش سەد و سی و شەش کەس دەکوژرێن، هەزار و دووسەدو بیست و پێنج کەس بریندار و سەدوحەوت کەسیش بێ سەر و شوێن دەبن. (ئەو ئەنجامە رۆژنامە دەوڵەتی یەکان بڵاویان کردبوەوە و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران باسی ژمارەی دووهەزار کوژراوی دەکرد).

لەراستی دا حیزبە کوردی یەکان سەبارەت بە شەرکردن لە شارەکان ناکۆکیی بنەڕەتی یان هەبوو. کاتێک ستوونی زرێپۆشی ئەرتەشی ئێران لە هەمەدانەوە بەرەو سنە دەکەوێتە رێ، هەموو رێکخراوە کوردی یەکان کۆدەبنەوە بۆ ئەوەی ستراتژی یەک بۆخۆیان دیاری بکەن. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران رادەگەیەنێ کە دەبێ شار بەجێ بهێڵرێ و شەڕ ببرێتە چیا. بەڵام کۆمەڵە ئەمە رەت دەکاتەوە و دەڵێ:«ئێمە شار بەجێ ناهێڵین، دەمێنینەوە» بەم جۆرە حیزبی دێموکرات بەپێچەوانەی ویستی خۆی لەسنە دەمێنێتەوە و بە ئاشکرا رادەگەیەنێ کە ئەم بڕیارەی لە لایەن کۆمەڵەوە بەسەردا سەپاوە. قاسملوو دواتر لە کۆبوونەوەیەک دا ئەم ئەنجامە لە رووداوەکان دەگرێ و دەڵێ:« ئێمە تاقیکردنەوەیەکمان تێپەڕ کرد کە وەڵامەکەی روونە: ئەویش ئەوە کە

ئەمە ئاخر جارە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لێ‌دەگەڕێ کات‌و شوێنی شەڕ بۆ دیاری بکەن».

ناکامی شەڕ بۆ هێزە دەوڵەتی‌یەکانیش قورس دەبێ. بەپێی ڕاگەیەندراوێکی فەرماندەی ستادی ئەرتەش ئەوان پێنج‌سەد کوژراو و هەزارو چوارسەد بریندارییان هەیە. بنی‌صدر کە خومەینی کردبوویە فەرماندەی بەرزی هێزە چەکدارەکان ڕاگەیەندراوە توندوتیژەکانی یەک لە دوای یەک دەردەکا و ئەرتەش بۆ خەبات لەدژی کوردەکان«هەتا سەرکەوتنی یەکجاری» هان دەدا. بنی‌صدر کە ڕۆژی ۲۸ی مەی بۆ یەکەم‌جار لەپێش مەجلیسی هەڵبژێراو قسە دەکا، ڕادەگەیەنێ:«فەرمانم بە هێزە چەکدارەکانم داوە شێلگیرانە بجووڵێنەوە. ئێستا لە سنەو لەبانە دەسەڵاتی دەوڵەت دامەزرێندراوەتەوە. ئێمە بەتەما نین شتێک کە ئەو هەموو قوربانی‌یەمان بۆ داوە، هەروا بەسووکی لەدەست بدەین». بنی‌صدر چەند ڕۆژ دوایە لە٦ی ژوئەن هەر ئەوقسەیە دەکاتەوە و دەڵێ:«مەسەلەی کوردستان هەتا حەوتوویەکی دیکە چارەسەر دەبێ».

## پچڕانی پێوەندیی حیزبی دێموکرات‌و ڕێژیم، جیابوونەوە لە حیزبدا

بە وردی ناتوانین ڕێکەوتی پچڕانی پێوەندیی نێوان خودموختاریخوازە کوردەکان‌و حکوومەتی تاران دەس‌نیشان بکەین. بەڵام دەکرێ بڵێین کە ئەو پێوەندی پچڕانە دەکەوێتە ماوەی نێوان وتاری پڕهەڕەشەی بنی‌صدر لە ٦ی ژوئەن‌و وتاری پڕ هەڕەشەی خومەینی لە ڕۆژی ۱۰ی ژوئەن لەبەر دەم ئوستاندارەکان‌دا. خومەینی

لەو وتارەدا دەڵێ: «لەسەردەمی خەباتی دژی شادا ڕێگاکەمان ڕوون بوو. کەچی لەوکاتەوە کۆماری ئیسلامی هاتۆتە سەرکار مەترسی‌یەکە لەنێو خۆیە، مەترسی‌یەک کە بەرپەرچ دانەوەی لەشکاندنی دژمنی دەرەوە دژوارترە».

ئەو ڕێکخراوە جۆراوجۆرانەی لەکوردستان شەڕەکەن ڕادەگەیەنن کە هەتا ئەو کاتەی حکوومەت بەرنامەی خودموختاریی قبوڵ نەکردوە، چەکەکانیان دانانێن، پێشمەرگەکان شارەکان بەجێ دێڵن و خۆڕاگریی پارتیزانی وەرێ دەخەن. لەوکاتەدا ڕادیوی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دەست بە بڵاوکردنەوەی بەرنامەکانی دەکا(١٧ی ژوئەنی ١٩٨٠)، ئەو ڕادیۆیە کە هەتا تاران دەگیرێ.

لەکاتێک‌دا تەوژمی سەر حیزبی دیموکرات دەگاتە ئەوپەڕی خۆی یەکەم جیابوونەوە لە حیزب‌دا ڕوودەدا. ڕۆژی ١٠ی ژوئەن شەش ئەندامی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کە لەلایەن غنی بلوریان ئەندامی دەفتەری سیاسی‌و نوێنەری هەڵبژێراوی مەهابادەوە هان‌دراون، لایەنگریی خۆیان لە خومەینی ڕادەگەیەنن. ئەوان لەڕاگەیەندراوێک‌دا کە سیاسەتی«ماجرا جویانە»ی قاسملو مەحکووم دەکا، داوای کۆتایی هاتنی شەڕ دەکەن‌و ڕادەگەیەنن کە لە قسەکانی خومەینی‌دا هەوێنی چارسەری مەسەلەی کورد هەیە. ئەوان هەروەها هەوڵەکانی بنی‌صدر بۆ چارەسەری قەیرانەکە بەدروست دەزانن. ئەو موخالیفانە کە لە لایەن حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە ناوی« تاقمی حەوت کەسی»یان دەدرێتێ، ڕێکخراوێک بە ناوی«پەیرەوانی کۆنگرەی چوارەم» دادەمەزرێنن‌و بەم جۆرە وەفاداریی خۆیان بە بڕیارەکانی ئەو کۆنگرەیەی حیزب دەردەبڕن، ئەمەش لەبەرامبەر قاسملوو لایەنگرانی‌دا کە بەوتەی ئەوان لە ڕێبازی ئەو کۆنگرەیە لایان‌داوە .

غنی بلوریان قارەمانی خەباتی دژی شا۔ بیست ساڵ لەتەمەنی خۆی لە زینداندا بردەسەر۔ قەت پێوەندیی خۆی لەگەڵ حیزبی تودە کە بەر لە گیرانی زۆر لێی نزیک بوو نەپچڕیبوو. ئەو کە لە ماوەی درێژی مانەوەی لە زینداندا لە رووداوەکانی دەرەوە بێخەبەر بیوو، هەمیشە حیزبی کومونیستی ئیرانی بە ئیدئال دادەنا.

لەمانگی ژوئەنی ۱۹۸۰دا حیزبی توودە کە لەژێر تەوژمی سوڤیەتدا یاریی بەکارتی هاوکاری لەگەڵ خومەینی دەکرد، ببوو بە بەشێک لە«دامودەزگا»ی کۆماری ئیسلامی. مەگەر ئەوە هەیئەتێکی دەفتەری سیاسیی حیزبی توودە نەبوو کە لە کۆتایی مانگی نوامبری ۱۹۷۹-وە لەگەڵ داریوش فروهر هاتبووە مەهاباد!

کاتێکیش وەختی لێکدابڕان دێ، بلوریان و هەواڵەکانی لایەنی حیزبی توودە دەگرن. وادیارە کیانوری سکرتێری گشتیی حیزبی توودە بلوریانی رازی کردبوو کە ئەو پیلانە لەدژی قاسملوو بگێڕێ و پێی گوتبوو: «ئەگەر بێت و رێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات بگۆڕدرێ، ئەوا لەگەڵ تۆ رێک دەکەوین و ئەتۆ دامودەزگاکانی خودموختاری بەڕێوە دەبەی». چەند ساڵ دواتر کاتێک حیزبی توودەش وەبەر جیهادی خومەینی دەکەوێ، غنی بلوریان هیچ ڕێگایەکی لەبەر نامێنێ و پەنا بۆ سوئێد دەبا. بەڵام کاتی خۆی جیابوونەوەی ئەو زەبرێکی توندی لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیران دابوو، هەرچەند کە لایەنگرانی قاسملوو رادەگەیەنن کە ئەو موخالیفانە «کەسیان لەپشت نیە» و «لەمە بەولا وەزعەکە روونە».

## سەردەمی خەباتی پارتیزانی

مەهاباد کە ئاخر شار بوو بەدەست کوردەکانەوە مابوو رۆژی ۲۵ی

نووت ئەرتەش دەی گرێتەوە. کەمتر لە مانگێک دواتر(٢٢ی سپتامبری ١٩٨٠) شەڕی ئێران و عێراق دەست پێ دەکا، شەڕێک کە بەبێ لەبەرچاو گرتنی ئاکامەکانی وەڕێ خرابوو. ئەو شەڕە هەروەها دەبێتە هۆی ئەوە کە مەسەلەی کوردستان هێندەی دیکەش پشت گوێ بخرێ.

لە قۆناخی یەکەمدا کە لە سپتامبری ١٩٨٠وە هەتا بەهاری ١٩٨٤ دەخایەنێ، هێزی بەرگریی کورد هێندێک«ناوچەی ئازادکراو»ی لەنێوخۆی خاکی ئێراندا لەبەر دەستدا دەمێنێ کە سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ئەو ناوچانە بە ٦٠٠٠٠ کیلومیتری چوارگۆشە دەقەبلێنێ. هێزە حکوومەتی یەکان لەگەڵ ئەوەدا کە شارەکان و جادەگەورەکان کۆنترۆڵ دەکەن، زۆر بەکەمی لەدێهات و چیاکان-ئەو ناوچانە کە بۆ پێشمەرگە پەناگا بوون-خۆیان لە قەرەی پێشمەرگەکان دەدەن.

لە یەکێک لەو ناوچانەدا کە دەکەوێتە نێو سێ گۆشەی مەهاباد-سەردەشت-بۆکان سەرکردایەتی، رادیۆ،قوتابخانەو نەخۆشخانەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵە جێگیر بوون. حیزبی دیموکراتی کوردستان تەنیا شەڕ ناکا و هەر لەوکاتەدا بەڕێوەبەرایەتی یەک لە کوردستان دادەمەزرێنێ. لە بەهاری ١٩٨٢دا ناوچە ئازاد کراوەکانی کوردستان پێنج سەد قوتابخانەیان لێ کرابووەوە(و حیزب بە هیوا بوو سالی دواتر ئەو ژمارەیە دوو بەرابەر بکا). هەروەها کتێبێکی ئەلف و بێی کوردی لە پەنجا هەزار نوسخەدا چاپ دەبێ. قازی یەکان دیاری دەکرێن و شووراکانی گوند هەڵدەبژێردرێن. مەبەست لەو هەڵبژاردنانە ئەوەیە کە لە رێگای دەرفەتدان بە دێهاتی یەکان بۆ هەڵسووڕاندنی کاروباری خۆیانەوە، ئەرکی حیزب بۆ بەڕێوە بردنی کاروباری کۆمەڵایەتی سووک بکرێ. ئەو شووڕایانە هەروەها بناخەی بەڕێوەبەرایەتیی خودموختار لە

داهاتوویان‌دا پێک دەهێنا. ڕێبەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان هیوایان وابوو دواتر بتوانن هەڵبژاردن بۆ شووراکانی ناحیە، ئینجا ناوچەو سەرئەنجام«شوورای میللی»ی کوردستانی خودموختار وەڕێ بخەن.

ڕێکخستنی پێشمەرگەش لەمەولا زۆر ڕێکوپێکە. پێنج هەزار پێشمەرگەیەکی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران هەرکامیان یارمەتی‌یەکی مانگانە بە مەبلەغی سەدوپەنجا تمەن وەردەگرێ، ئەگەر ئەو پێشمەرگەیە خێزاندار بێ سەدتمەن زیادی‌و بۆ هەر منداڵێکیش(هەتا منداڵی چوارەم) بیست‌و پێنج تمەنی زیادی وەردەگرێ. ئەمە لەباشترین حاڵەت‌دا بۆ پێشمەرگەیەک سێ‌سەدو پەنجا تمەن دەکا... پارتیزانەکان هەروەها خواردەمەنی‌و یارمەتیی حیزبی دیموکراتیان بۆ خۆیان‌و بنەماڵەکانیان پێ‌دەگات. بودجەی نیزامیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کە مانگانە بە ١/٥ میلیۆن تمەن بەراورد دەکرێ، بریتی‌یە لە هەقی ئەندامەتیی ئەندامان‌و هەروەها خەزێنەی شەڕ کە لەسەرەتای شۆڕش‌دا دەستی بەسەر داگیرابوو.

ئەرتەشی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە هەشت هێز پێک‌هاتوە کە هەرکامیان بەسەر سێ هەتا پێنج پۆل‌و لک‌و پەل‌و دەستەدا دابەش دەبن.(بچووکترین یەکە پێنج هەتا نۆ شەڕکەری تێدایە). هەر ناوچەیەکی نیزامییش بە شێوەیەکی تەقریبەن سەربەخۆ کار دەکا. چەک‌و چۆڵی وان بریتی‌یە لە: ژمارەیەکی زۆر تفەنگی ژ-٣(دروست‌کراوی ئەمریکا کە لە پادگانەکانی ئێران‌دا دەستیان بەسەردا گیرابوو)، کلاشینکۆف، ئاری‌پی‌جی-٧، چەکی کاریگەری دژی تانک، موسەلسەلی یوزی(کە لەژێر پەروانەی ئیسرائیل‌دا لە ئێران دروست کرابوون). نزیک بە تەواوی ئەو چەکانە نووسراوی ئەرتەشی ئێرانیان پێوەیە‌و بەشێکی زۆریشیان نووسراوی ئەرتەشی

شاهەنشاهی یان هەر پێوە ماوە.

«ئەرتەش»ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەروەها کۆماندۆی تایبەتیی پازدە تا بیست پێشمەرگەییشی هەیە کە لە باشترین تیرهاوێژەکان پێک دێنو هەر گرووپەی ئارپی‌جی یەکی پێیە. ئەو کۆماندۆیانە عەمەلیات لەدژی پۆستەکانی پاسدارانی شۆڕش یان ژاندارمری بەڕێوە دەبەنو هێندێک جار زۆر دوور لە بنکەکانی خۆیانو هەتا باکووری کوردستان دەڕۆن. ئەوان تاکتیکێکی ساکاریان هەیە: چوار پێنج دەستەی کۆماندۆ هاوکات لە نیوەشەودا هێرش دەبەنە سەر چەند مۆڵگەی دەوڵەتی، سێ پێشمەرگەش بۆ ماوەی چەند خولەک تەقە لە پایگا دەکەن. پاسدارانیش کە پێیان وایە هێزێکی زۆر هێرشی کردووەتە سەر، دەوروبەریان دەخەنە بەر ئاگرێکی بێ‌ئامان و هەرچی موهیمماتی هەیانە لەخۆڕا بەفیڕۆی دەدەن، کاتێکیش بەر لەکازێوە پێشمەرگەکان سەرئەنجام هێرش دەکەن، پاسدارەکان خۆڕاگری یان پێ ناکرێ. بە درێژایی چەندین مانگ پێشمەرگەکان سەرکەوتنێکی سەرسووڕهێنەریان بەسەر دژمندا وەدەست هێنا.

بنکەی سەرکردایەتیی خۆڕاگریی کورد کە هەموو لایەنەکانی تێدایە لە پشکاوێو لە«دۆڵی حیزبەکان» جێگیر بووە کە دەکەوێتە سەر سنووری ئێرانو عێراق، لەناوچەیەک کە لە کۆنترۆڵی هەر دوو دەوڵەت بەدەرە. لەو دۆڵە کە چیای ئەوتۆ دەوریان داوە کە لووتکەکانیان بە بەفری کەڵەکەبوو داپۆشراوەو زیاتر لە ۳۵۰۰ میتر بەرزن. لە نزیک رووبارێکی چکۆڵەی بێ‌ناو سەرکردایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە سەرۆکایەتیی جەلال تالەبانی، حیزبی سوسیالیستی یەکگرتووی کوردستان بە سەرۆکایەتیی دوکتور مەحموود عوسمان، حیزبی کومونیستی عێراقو هەروەها دەفتەری شێخ عزالدین حسینی کە

لەکۆمەڵە نزیکە، هەڵکەوتوون.

«دۆڵی حیزبەکان» هەروەها ئۆردووگایەکی گەورەی نیزامی‌و قوتابخانەیەکی شۆڕشە کە لەوێ لاوە پارتیزانەکان کە کەمیان تەمەنیان لە سی ساڵ پترە، بیروبڕواکانی مارکس، لینین، مائۆ، چەگوارا و... ئەنوەر خۆجە بەرەو رووی یەکتر دەکەنەوە. «دۆڵی حیزبەکان» هەروەها سەمبولی بەش‌بەش بوونی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستیی کوردە کە لەگەڵ ئەوەی بە رواڵەت پێکەوەیە، بەڵام زیاتر لە هەر کاتێک لەت‌لەت بووە.

بۆ وێنە بە درێژایی چەندین مانگ جەلال تاڵەبانی کە پێوەندیی باشی لەگەڵ خومەینی هەیە لەنێو خێوەتێکی دراوسێی شێخ عزالدین‌دا کە دوژمنی سەرسەختی خومەینی‌یە دەژی. دوکتور مەحموود عوسمان‌و جەلال تاڵەبانی دوای ئەوەی شەش مانگ(واتە هەتا ۲۱ی مارسی ۱۹۷۹) پێکەوە لەیەک خێـــــــــوەت‌دا دەژیان، بڕیار دەدەن سەرکردایەتی‌یەکانیان لێک جیا بکەنەوەو دواتریش لە شەڕی براکوژی‌دا بەرەورووی یەکتر دەبنەوە...

سەرکردایەتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە پشکاوێ کەمێک دوور لە بنکەی حیزبەکانی دیکە هەڵکەوتوەو بریتی‌یە لە کۆمەڵێک کۆخی لەبەرد دروست‌کراو کە لەنزیک رووبارێکن. لەنێو وان‌دا ماڵێکی چکۆڵەی دوو دیوی هی سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانە کە بە شانازی‌یەوە دەڵێ:«ئەمە یەکەم جارە کە من خاوەنی ماڵێکم!» دەفتەری سیاسیی حیزب(کە ئێستا ئەندامەکانی بریتین لە قاسملو، امیر قاضی، جلیل گادانی، عبدالله حسن‌زادە، شەڵماشی، مصطفی هجری‌و د.سعید شرفکندی) لە پشکاوێ کۆبوونەوەکانی دەکا. هەروەها دەبیرخانەی کۆمیتەی ناوەندی، دەفتەری نیزامی‌و دەفتەری تەبلیغاتیش کە لەحەوتوودا دووسێ بولتەنی هەواڵەکان‌و رۆژنامەی کوردستان دەردەکا لە پشکاوێن.

لەدوو بنکەی تەنیشتی ئەوانە دوو بنکەی پێشمەرگە هەن کە پارێزگاریی ئەوێیان بە ئەستۆوەیە. هەمووی ئەمانە لەسەر یەک سێ‌سەد کەسێک دەبن، قاسملوو کە ماڵەکەی بۆ ماوەی چەند حەوتوو لەسەرەولێژێک هەڵکەوتبوو کە پێشتر چەند ساڵ تەنیا شوان روویان تێ‌دەکرد، دەڵێ:« لەهەمووی دژوارتر ئەوەیە کە نان بۆ ئەو هەموو خەڵکە بکەی، هەرچەند کە پێشمەرگە بەشی سالێکی ئازووقە پێ‌یە».

گیروگرفتی پەیداکردنی چەک و چۆڵیش مەسەلەیەک نییە. پاییزی ١٩٧٩ سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دەڵێ:«ئێمە سەد هەزار چەکمان هەیە. ئەمە بەشی پێنج ساڵمان دەکا».(١)

## یارمەتیی عیراق

واقعییەتی مەسەلەی چەک و چۆڵ لەراستی‌دا هێندێک جیاوازە. چونکە خۆراگریی کوردەکانی ئێران کە فرۆکە بۆمب‌هاوێژەکانی ئێران و هێلی کۆپتێرەکان بە ئاسانی زەفەری پێ‌دەبەن بەسەختی کەموکوڕیی چەکی دژی هەوایی هەیە. ئەو جۆرە چەکانە لە جبەخانەکانی ئەرتەشی ئێران‌دا دەستیان بەسەردا نەگیرابوو و ئەوە تەنیا دەوڵەتی عێراقە کە لەو جۆرە چەکانەی دابوونێ.

قاسملوو کە زۆرجار شکی ئەوەی لێ‌کراوە یارمەتی‌یەکی گرینگی چەک و پارەی لەلایەن عێراقەوە پێ‌بکرێ، رادەگەیەنێ کە ئەو یارمەتی‌یە لە وەرگرتنی بنەماڵە ئاوارەکانی شارە کوردەکان لە کاتی هێرشی هێزە ئێرانی‌یەکان لە هاوینی ١٩٧٩دا و هەروەها لە عیلاجی بریندارە سەختەکان، ئەوانە کە لە کوردستان عیلاج نەدەکران تێ‌نەپەڕیوە.

---

(١) لە ئەسڵەکەدا بەم جۆرەیە، بەڵام وادیارە تەواو نیە، چونکە نە سەد هەزار چەک بە ٥ ساڵ تەواو دەبێ و نە سەد هەزار فیشەک بەشی ٥ ساڵ دەکا . چاپی کوردی

قاسملوو دەڵێ:«عێراق هەتا ئێستا چەک و چۆڵی نەداوینێ. ئەگەر لەداهاتووش‌دا یارمەتی لە عێراق وەربگرین، ئەوە بەدوو مەرج دەبێ: یەکەم ئەوە کە ئەو یارمەتی‌یە نابێ بە زیانی گەلی کوردی عێراق‌و میللەتی عێراق تەواو بێ، واتە ئێمە قبووڵی ناکەین کە لەبەرامبەردا دژی تاڵەبانی‌و بارزانی بجووڵێینەوە؛ دووهەم ئەوەکە ئێمە نابێ بە هیچ قیمەتێک خۆمان لەباری بەستراوەیی بە عێراق‌دا دابنێین. جارێ عێراقی‌یەکان پێشنیاری دانی پەڕەشووتمان پێ‌دەکەن کە مۆدێلی نوێی کۆنە تفەنگی برنۆیە کە ئێمە پێویستیمان پێی‌نیە. ئێمە پێویستیمان بە سام-٧و دۆشکەی رووسی هەیە بۆ ئەوەی بتوانین لە بەرامبەر هێرشی فڕۆکەو هێلی‌کۆپتێردا راوەستین..بەڵام ئەمن پێم‌وانیە عێراقی‌یەکان ئەو چەکانەمان بدەنێ. بەهەرحاڵ دووپاتی دەکەمەوە کە ئێمە نابێ بە هیچ‌جۆر بۆ نموونە بۆ موهیممات خۆمان بخەینە باری بەستراوەیی‌یەوە».

عبدالرحمن قاسملو زۆرباش دەزانێ کە کاربەدەستانی بەغدا دەیانەوێ بەوجورە لەگەڵ کوردەکانی ئێران بجووڵێنەوە کە شا پێش رێککەوتنی ٦ی مارسی ١٩٧٥ لەدژی کوردەکانی ئێران لەگەڵ کوردەکانی عێراق جوولایەوە. صدام حسین زیاتر مەبەستی وەلەرزە خستنی ئێرانە تا یارمەتی‌دانی کوردەکان بۆ وەرگرتنی خودموختاری.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەروەها دەزانێ کە عێراقی‌یەکان چەک وچۆڵ بە هەموو کەس دەدەن‌و دەڵێ:«مەبەستی تێکدانی وەزعەکەیە. ئەوەمان بەتایبەتی ئەوکاتە دی کە وتوویژ لەگەڵ تاران لەئارا دابوو». بۆوێنە عێراقی‌یەکان سی قەبزە کلاشینکۆفیان دابووە ئاغایەکی ئێرانی، ئەو ئاغایە پاشان هاتبوو چەکەکانی تەحویلی قاسملوو دابوو.

صدام حسین چەک‌وچۆڵی زۆری بەسەر سەرۆک عەشیرەتەکانی

جاف لە نزیک قصری شیرین‌دا دابەش کردبوو. ئەو هەروەها یارمەتیی ژەنراڵ ئووەیسیی دەدا کە دەیەویست لە ڕێگای بەغداوە عەشیرەتە کوردەکان کۆبکاتەوە بۆ ئەوەی بزووتنەوەیەک لەدژی شۆڕشی ئیسلامی وەڕێبخا کە نزیکانی پێشووی شا خەرجەکەی بکێشن.

بەڵام قاسملوو بە تووڕەیی‌یەوە هەرچەشنە بەراوردێک لە نێوان ئەو «تسهیلات»ەی صدام حسێن بۆوی پێک هێناوە لەلایەک و پێوەندی‌یەکانی ئیدریس و مسعوود بارزانی لەگەڵ ڕێژیمی تاران لەلایەکی دیکەوە ڕەد دەکاتەوە. بە بڕوای قاسملوو هیچ چەشنە ویکچوونێک لە نێوان ئەم دووانەدا نیە. لەحاڵێک‌دا برایانی بارزانی بوون بە بەستراوەی خومەینی، قاسملوو سەربەخۆیی خۆی دەپارێزێ. ئەو هەرکە قسە دێتە سەر صدام حسێن بە پارێزێکی یەکجار زۆرەوە و بە دوور لە مەترسیی زەبت کران دەی‌درکێنێ کە:«ئێمە دەمانەوێ صدام و خومەینی هەردووکیان بڕووخێن بەڵام خومەینی لەپێش‌دا».

## هاوپەیمانەتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران لەگەڵ بنی‌صدر و مسعود رجوی

پاییزی ١٩٨١ موجاهیدینی خەلقی مسعود رجوی و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران لێک نزیک دەبنەوە. هەر دوولا بەتەمان حیزبی دیموکرات بچێتە نێو شووڕای نیشتمانیی بەرگری و کوردێکیش بەجێگری سەرۆک‌وەزیریی ئەو حکومەتە دیاری بکرێ کە رجوی دەیەوێ لە تبعیددا پێکی بێنێ. ئەو حکومەتە قەرارە لە فەرانسە جێگیر بێ، لەوجێیە کە ابوالحسن بنی‌صدر یەکەمین سەرکۆماری هەڵبژێراوی کۆماری ئیسلامی کە لە ٢١ی ژوئەنی ١٩٨١دا لە سەرکار

لابرابوو و مسعود رجوی کە لایەنگرانی خۆی بۆ خەباتێکی بێ ڕەحمانە لەدژی ڕێژیم دەعــوەت کــردبوو پەنایان بۆ بردبوو. بەڵام ئەو نزیک بوونەوەیە بە هۆی دژایەتیی بنی صدر لەگــەڵ داخــوازەکــانی کــورد وەدرەنگ دەکەوێ. بنی صدر ئێستا کە لە تەبعید دابوو هەر وەک ئەو وەختەی لەتاران بوو دژمنایەتیی لەگەڵ کوردەکان دەکرد.

سـەرئەنجام ڕۆژی ٧ی نوامـبـری ١٩٨١ حـیـزبی دێـمـوکـراتی کوردستانی ئێران بەرەسمی دەچێتە نێو شووڕای نیشتمانیی بەرگری. بەڵام بەرنامەی ئەو شووڕایە هەتا پاش یەکەمین کۆبوونەوەی شووڕا کە لە ٢ی ئاوریلی ١٩٨٢دا دەبەسترێ ڕاناگەیەندرێ.

بەپێـچەوانەی مـسـعـود رجـوی کـە بە شـانـازی یەوە پێک هاتنی دەوڵەتی کاتی ڕادەگەیەنێ، عبدالرحمن قاسملوو تەزەرێکی نەرمتری هەیە، ئەو پێی وایە نابێ لە تەبعـیـددا دەوڵەت پێک بێ. سکرتێـری گـشـتـیی حـیـزبی دێـمـوکـراتی کـوردسـتـانی ئێـران دەڵێ:« ئـەمـە هیچ مـانـایەکی نیـە، حکومـەت دەبێ کـاروباری وڵات بەرێوە بەرێ. ئەو دەوڵەتە جارێ تەنیا لە بنی صدر سەرکۆماری ئیسلامیی ئێران و رجوی سـەرۆک وەزیر پێک هاتوە، ئەو دەوڵەتە کـاتێـک دەست بەکـار بوو دەیەوێ کـۆتایی بە شـەڕ بێنێ و خــودمــوخــتــاریی کــوردســـتــان ڕابگەیەنێ.... هەر لەوکـاتەوە کـە چووینە نێـو شووڕای نیـشتمـانیی بەرگری ئەسڵی خودموختاری قبووڵ کراوە».

وەزیرەکانی دەوڵەتی کاتی لەلایەن مسعود رجوی سەرۆک وەزیرەوە دیاری دەکرێن. شووڕای نیشتمانیی بەرگری چونیەتیی هاتنە سەرکاری ڕێژیمی نوێی دیمـوکـراتیکی لە سێ بەڵگەنامـەدا بلاو کـردبۆوە. بەرنامـەی ٦ مـاددەیی دەوڵەتی کـاتی دەڵێ کـە ئەو دەوڵەتە شـەش مـانگ مـاوەی دەبێ بۆ ئەوەی هەڵبژاردنی مەجلیسی مۆئەسیسان کە بەدەنگ دانی گـشتی، ڕاستەوخۆ و نهێنی هەڵدەبژێردرێ ڕێک بخا.

بەوتەی شوورا ئەو ماوە زۆر کورتە«نیشانەی ئەوەیە کە لە نێوان ئەو شتەدا کە ڕێبەرانی شوورا دەیڵێن و ئەوەی کە خومەینی بەڵێنی داوە جیاوازی یەک هەیە، ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە شوورا دەیەوێ ویستی میللەت هەرچی زووتر بەجێ بهێنرێ».

مەجلیسی موئەسیسان دوو ساڵی دەدرێتێ بۆ ئەوەی قانوونێکی ئەساسیی نوێ بنووسێ، هەڵبژاردنی مەجلیسی میللی ڕێک بخا و دەوڵەتی تازەپێک بێنێ. ئەوە مەجلیسی موئەسیسانە کە لەسەر سروشتی ڕێژیمی نوێ بڕیار دەدا، داخوا ئەو ڕێژیمە کۆمارێکی ئیسلامی دەبێ یان دێموکراتیک و یان هەرشتێکی دیکە. ئەو سروشتە نوێیەی ڕێژیم دەتوانێ هەرچی یەک بێ جگە لەپاشایەتی، چونکە ئەندامانی شوورای نیشتمانیی بەرگری بڕیاریان داوە کە«پاشایەتی بەسەر چووە».بەدرێژایی ئەو ماوەیە بەهۆی ئەوە کە دەوڵەتی کاتی و سەرکۆمار دەبێ ئیستیعفا بدەن، ئەوە مەجلیسی موئەسیسانە کە وڵات بەڕێوە دەبا، بەڵام ئەو مەجلیسە دەتوانێ بڕیار بدا کە سەرکۆمار لەسەر کار بێنێتەوە. هەروەها ئەوە هەر ئەو مەجلیسەیە کە بڕیار دەدا سەرکۆمار خەڵک هەڵی دەبژێرێ یان مەجلیسی میللی.

لە ماوەی گۆڕانی ڕێژیمیش دا شوورای نیشتمانیی بەرگری بەشێوەی مەجلیسێک کار دەکا. ئەو مەجلیسە لەدوو ڕێکخراوی گەورەی موجاهیدینی خەڵقی مسعود رجوی و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێک هاتوە. هەروەها بەرەی میلیی دێموکراتیک و ڕێکخراوە بچووکەکانی وەک«اقامە»(کە ڕێکخراوێکی ئیسلامی بوو و لە سەرەتادا پشتی خومەینی دەگرت)،«بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی گیلان و مازندران»،«کۆمەڵەی تەوحیدیی بازاڕی یەکان»،«شوورای چەپی یەکگرتوو بۆ دێموکراسی و سەربەخۆیی» لەو شوورایەدا نوێنەریان هەیە. شوورا هەروەها ژمارەیەک کەسایەتیی سەربەخۆشی

تێدان.

ئەندامانی جۆراوجۆری شووڕا بۆ ماوەی دوو مانگ لەسەر ڕێکخستنی نێوخۆیی ئەو شووڕایە بەرەورووی یەکتر دەبنەوە. هێندێک دەیانەوێ بناخەی حەقی دەنگدان ڕێژەی لایەنگریی کۆمەڵانی خەڵک بۆ کاندیداکان بێ. یەکێک لەوانە بنیصدرە کە داوای «یازدە میلیۆن دەنگەکەی هەڵبژاردنی سەرکۆماری»ی دەکرد. هی دیکە وەک ڕجوی-یش کە هەقی بوو ئیددیعا بکا لە خەباتی دژی ڕێژیمی خومەینیدا ڕۆڵێکی سەرەکیی یاری دەکا، دەیانەوێ پێوانە بۆ حەقی دەنگدان بەشداری لەمەوقاوەمەت دابێ. ئەوان سەرئەنجام لەسەر ئەسڵێک کە لەهەمووان دێموکراتیک‌تر دێتە بەرچاو، ڕێک دەکەون: هەرکەسەو هەر ڕێکخراوەی[1]دەنگی دەبێ، بەلام ڕێکخراوەکان حەقی ویتۆیان هەیە. بڕیارەکان بە زۆرایەتیی دوو لەسەر سێی ئەندامان دەدرێن بەو مەرجەی هیچ ڕێکخراوێک دژایەتیی نەکا. خەرجی شووڕای نیشتمانیی بەرگرییش لەلایەن ڕێکخراوە جۆربەجۆرەکانی ئەو شووڕایەوە دابین دەکرێ.

هەمووی ئەو بنیاتانە جارێ لە«ئۆڤێر سووروواز» کە لادێیەکی بچووکی ناوچەی پاریسەو پێشتر بەوە ناوبانگی دەرکرد بوو کە وەختی خۆی ڤان کۆکی وێنەکێش لەوێ مابووە، جێگیرن. ماڵەکەی مسعود ڕجوی کە وەک قەڵایەکی لێ کراوە پارێزگاریی دەوڵەتی فەرانسەی لەدژی هێرشی زەمینیو هەوایی بۆ دابین کراوە. فەرانسە قەت هێندە لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی دژی ڕێژیمی تاران نەبووە. ئەوکاتە کاربەدەستانی فەرانسەکە بێ‌شک عەمەلیاتە سەرکەوتووەکانی لایەنگرانی ڕجوی لەتاران سەرسووڕماوی کردبوون، دڵنیا ببوون کە بنیصدرو ڕجوی شەش مانگ دواتر بەسەربەرزی دەگەڕێنەوە ئێران. فەرانسە هەر لەو کاتەدا دەیزانی کە ئەو پشتیوانی لێ‌کردنە ڕەنگە«زۆر گرانی بۆ

تەواو بێ».ئەو هاوکارییەی فەرانسە بە هیچ جۆر ناکرێ لەگەڵ وەرگرتنی چەند ساڵ پێشتری خومەینی لە نۆفل لوشاتۆ بەراورد بکرێ.

## «بەرەسمی ناسینی» حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەلایەن فەرانسەوە

چەپ کە تازە لە پاریس بەدەسەلات گەیشتبوو، بڕیار دەدا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەرەسمی بناسێ. لەڕاستیدا ئەوە بەرەسمی ناسینێکی نارەسمی بوو. بەرپرسی کابینەی(کلۆد شیسۆن) وەزیری کاروباری دەرەوەی حکومەتی سوسیالیستی(پییەر مۆروا) لە نامەیەکدا بەرێکەوتی ٢٥ی نوامبری ١٩٨١ کە بۆ سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی نوسیبوو وەبیری دێنێتەوە کە ئێستا کە یاسای پێشوو سەبارەت بە کۆمەڵە بێگانەکان هەڵوەشاوەتەوە، هیچ شتێک پێشی کرانەوەی دەفتەرێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە پاریس ناگرێ. ڕاوێژکارێکی وەزیر کە ئیشارە بەوە دەکا کە پراتیکی دیپلۆماتیکیی فەرانسە بەرەسمی ناسینی تێدا نییە، دەڵێ«ئەوە هاندانێکی زۆر پتەوە، ئێمە پێمان گوتوون دەفتەرێک بکەنەوە، شێوەی هەڵس وکەوت لەگەڵ ئێوەش دوایە دێ ... ئەمە کە بەمانای نەبوونی ستاتوویە، دەتوانێ هەتا ڕادەی وەزعیەتی ڕێکخراوی ڕزگاریدەری فەلەستین بچێ و پارێزگاریی هەمیشەییی پۆلیسیی لەسەر بێ و لەگەڵ(کێ دۆرسێ)وەزارەتی دەرەوەی فەرانسە پێوەندیی ڕۆژانەی هەبێ».

بەم جۆرە سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران زۆر زوو دەبێتە(مخاطب ارجع)ی دیپلۆماتەکانی(کێ دۆرسێ) و حیزبی

سوسیالیستی فەرانسە. قاسملو کە پێشتر لە لایەن لیۆنێل ژۆسپەن سکرتێری یەکەمی حیزبی سوسیالیستەوە وەرگیرابوو، لەمەولا بەرێک‌وپێکی بۆ کۆنگرەکانی حیزبی سوسیالیست بانگهێشتن دەکرێ کە لەوێ پێوەندیی دۆستانە لەگەڵ ڕێبەرانی چەپی ئورووپا دادەمەزرێنێ. ئێستا حیزبێ دێموکراتی کوردستانی ئێران لە حیزبە کوردی یەکانی عێراق لەپێشتر بووە چونکە دەوڵەتی فەرانسە لەگەڵ ئەوەدا کە هێندێک پێوەندیی لەگەڵ ئەو حیزبانە هەیە، بەڵام لە«بەرەسمی ناسین»یان دوودڵە، چونکە دڵنیا نیە ئەو حیزبانە نوێنەرانێکی ڕاستەقینە بن.

## ناکۆکی لەگەڵ کۆمەڵە

هەر لەسەرەتای شۆڕشەوە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵە پێوەندی یەکی پڕ لە ناکۆکی یان هەبوو. هەموو شتێک ڕێبەرانی مارکسیست-لێنینیستی کۆمەڵە و ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی، کە کومەڵە بە نوێنەرانی حیزبی « وردە بورژوا »ی دادەنان لێک جیا دەکردەوە.

هەروەک پێشتر دیتمان ئەو دوو حیزبە لە پێش دا لەسەر ئەسلی وتووێژ و دواتر سەبارەت بە ستراتیژیی نیزامی بەرەورووی یەکتر بوونەوە، بەڵام ئەوان هەتا ئێستا توانیبوویان ناکۆکی یەکانیان کۆنترۆڵ بکەن، ئەمەش بێ‌شک لەژێر تەوژمی کۆمەڵی کوردستان و خەڵکەکەی دا. بەڵام کاتێک حیزبەکان قەدەغە دەکرێن و پەنا دەبەنە بەر ناوچە ئازادکراوەکان، ئەو ناکۆکی یانە بەوپەڕی خۆیان دەگەن. ئێستا ئیدی هەر حیزبە و ئەرتشی «خۆی» هەیە، نەخۆشخانەی «خۆی» هەیە(کە هەرکامەیان ڕێکخراوێکی غەیرە دەوڵەتیی فەرانسە بەڕێوەی

دەبا)، قوتابخانەی«خۆی»و شوورای دێی«خۆی» هەیەو هەوڵ دەدا خاکی«خۆی» هەبێ‌و لەسەر سنوورەکان گومرگی«خۆی»(کە سەرچاوەی بەنرخی داهاتە) هەبێ.

بەم جۆرە هەوڵەکانی وەدەستهێنانی دەسەڵات‌و سەرچاوەکانی ناکۆکی هەردەی‌و زیاتر دەبن. چوونی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش بۆ نێو شوورای نیشتمانیی بەرگریی «مسعود رجوی» کە کۆمەڵەی لەنێو ئۆپۆزسیۆنی دێموکراتیکی ئێرانی‌دا تەریک کردبۆوە، نێوانی حیزب‌و کۆمەڵە هێندەی دیکەش تێک دەدا. کۆمەڵە حیزبی دێموکرات بەوە تاوانبار دەکا کە لەسەر مەسەلەی ئیسلام هەڵوێستێکی روونی نیەو دەڵێ:«ئەوان کاتێک لەگەڵ ئێمە قسەدەکەن، دەڵێن سوسیالیزمان دەوێ؛ بەڵام کاتێک بۆ دێهاتی‌یەکان دەدوێن دەڵێن ئێمە ئیسلامان دەوێ، هەموو رۆژانی هەینیش رادیۆکەیان بەرنامەی مەلایەک بڵاو دەکاتەوە کە باسی ئیسلام دەکا». پاش چوونی حیزبی دێموکرات بۆنێو شوورای نیشتمانیی بەرگریش کۆمەڵە رەخنەی ئەوەلەو حیزبە دەگرێ کە ئەسڵی کۆمارێکی ئیسلامیی هەر ئاوا قبووڵ کردوە( لەراستی‌دا لە بەڵگەکانی شوورای نیشتمانیی بەرگری‌دا هاتوە کە بنی‌صدر سەرۆکی کۆماری ئیسلامی‌یە). هەروەها کۆمەڵە گلەیی ئەوە لە حیزبی دێموکرات دەکا کە ئەو حیزبە سەبارەت بە خودموختاریی کوردستان نووسراوەیەکی«زۆر ناروون»ی ئیمزا کردوە و کەس نازانێ لە داهاتوودا ئەو بەڵگەیە چۆن جێ‌بەجێ دەکرێ‌و هیچ دەستەبەرێکی نیە. بەڵگەکەی شوورای نیشتمانیی بەرگری وشەی«عشیرەت»ی کوردەکان بەکار دەبا و باسی«نەتەوە»ی کورد ناکا. کۆمەڵە بەتایبەتی بە هاوپەیمانەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵ بنی‌صدر تووڕەیە. چونکە یەکەم سەرکۆماری ئیسلامیی ئێران رۆڵێکی زۆرچالاکی لە شەڕی کوردستان‌دا گێڕابوو و بە

شێوەیەکی یەکلاکەرەوە لەسەر سەقامگیر کردنی ڕێژیم نەخشی ببوو و بوونی ئەو لە شووڕای نیشتمانیی بەرگریدا لەلای کۆمەڵەو هاوپەیمانەکەی واتە شێخ عزالدین بە جێگای قبوڵ نەدەزانرا.

هەروەک لە کوردستانی عێراق، نێوان ناخۆشیی حیزبە ڕەقیبەکان هەردێ و زیاتر دەبێ، کۆمەڵە بەردەوام حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەوە تاوانبار دەکا کە دەیەوێ باڵادەستیی خۆی بسەپێنێ. ئەوکاتە کوردستانی ئێران لە شەڕی نێوخۆیی نزیک بوو.

لە مانگی ژوونیەی ١٩٨٢دا دەفتەری سیاسیی هەردوو حیزب بەمەبەستی چارەسەری ئەو گیروگرفتانە کۆدەبنەوە. دوای ئەوە ڕاگەیەندراوێکی هاوبەش لە ڕادیۆکانیان دەخوێندرێتەوە کە لەسەر ئامانجە هاوبەشەکانی ئەو دوو حیزبە پێداگری کە بریتین لە خەبات دژی هێزەکانی تاران بۆ دامەزراندنی حکوومەتێکی دێموکراتیک و وەدەست هێنانی خودموختاری.

سەرەڕای ئەوەش بەرەوڕووبوونەوەکان درێژەیان دەبێ و لەسەرەتای سێپتامبری ١٩٨٢دا کوژرانی سێ بەرپرسی کۆمەڵە لە نزیک مەهاباد شەڕێکی ڕاستەقینە لە نێوان ئەو دوو حیزبەدا وەڕێ دەخا. دوای دوو ڕۆژ شەڕ کە دەبێتە هۆی کوژرانی سێزدە ئەندامی حیزبی دێموکرات و دوو ئەندامی کۆمەڵە، هەردوو ڕێبەری ئەو دوو حیزبە واتە د.قاسملوو و د.جەعفەر شەفیعی لەسەر ئاگربەسێک ڕێک دەکەون. هەر دوولا دیلەکانیان و دەسکەوتەکانی شەڕ دەگۆڕنەوەو بەڵێن دەدەن« ڕێز لە دێموکراسی لە کوردستان بگرن»(بەو مانایە کە بۆ نموونە حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕێگا بە لایەنگرانی کۆمەڵە بدا کە لەو گوندانەدا کە ئەو حیزبە«کۆنترۆڵ»یان دەکا، تراکت بڵاو بکەنەوە) .

# ٤

# پاشەکشە (سپتامبری ١٩٨٢- مەی ١٩٨٤)

ئەو ناکۆکی و بەرەورووی یەک بوونەوانە بەتایبەتی لەبەر ئەوە خراپن کە ئەوە لە کاتێک‌دا روو دەدا کە ئەرتەشی ئێران زنجیرەیەک هێرشی بەربلاوی تا را دەیەک سەرکەوتووانەی بۆ سەر کوردستان وەرێ خستوە. گرتنەوەی خورەمشەهر(٢٤ی مەی ١٩٨٢) کە دوای شەڕی توندوتیژ لەدەست عێراقی‌یەکان هێنرایە دەری، نیشانەی ئەوەیە کە هێزەکانی ئێرانی بەسەر ئەو گیروگرفتە بنەڕەتی‌یانەدا زاڵ بوون کە لە ساڵەکانی١٩٨٢-١٩٨١دا لاوازیان کردبوون و نیشانەی ئەوەیە کە توانای شەڕکەریی خۆیان وەدەست هێناوەتەوە.

حیزبی دیموکراتی کوردستان لەسەرەتای ساڵی ١٩٨٢دا لە نێوان میاندواو و بۆکان سەرکەوتنێک بەسەر ئەرتەش‌دا وەدەست دێنێ. رۆژی ٢٦ی ژانویە پاش سێ سەعات شەڕ چوارسەدوپەنجا کەسەکەی هەنگی ٨٠١ی شیراز خۆیان تەسلیم دەکەن و پێنج مووشەک هاوێژی تاو و چەند مووشەکی دژی هەوایی پەداقەند کە دواتر پێشمەرگەکان لەدژی هێلی کۆپتێر بەکاریان دەبەن تەحویلی پێشمەرگە دەدەن.

بەڵام زۆری پێ‌ناچێ کوردەکان ناچار دەبن راستی‌یە تازەکان قبوڵ بکەن. لەو بارەیەوە کادرێکی کۆمەڵە دەڵێ: « پاسدارانی ئینقلاب و بەسیجی‌یەکان وەک دوو ساڵ لەمەوبەر و تەنانەت وەک ساڵێک لەمەوبەریش نەماون. ئێستا ئەوان فێری شەڕی دژی پارتیزانی بوون؛ ئەوان سەعات یازدەی شەو لە مۆڵگەکانیان لەشار دێنەدەر و هەتا

سەعات ٤ی بەیانی بەپێیان دەڕۆن، بەڵام بەسەر ڕێگاکاندا ناڕۆن بەڵکوو بەنێو چیاکاندا... پاشان ماشێنە نیزامی یەکان بەجادەدا دێنە شوێنێکی دیاریکراوو بەیارمەتیی چاوساغە کوردەکان(جاشەکان) هێرشێکی ڕێکخراو لەچەند جێگاوە دەکەن».

ئەوکاتە هەروەها کوردەکان لە موهیمماتدا کەم‌وکوڕیی زۆریان هەیە. ئەوان کە لەسەرەتادا جبەخانەیەکی گرینگیان هەبوو، دەستیان بەو چەک‌وچۆڵەوە نەگرت‌و هەروەک ئەرتەشێکی ئاسایی هەڵس‌و کەوتیان کرد. بۆوێنە لە تەنیا ڕۆژێک لە ژوئەنی ١٩٨٢دا پێشمەرگەکان لە بەرەیەکی نۆ کیلۆمیتریدا لەنزیک پیرانشار سی‌هەزار فیشەک بەکار دەبەن. هەروەک سکرتێریی گشتیی داهاتووی حیزبی دواتر دانی پێدادەنێ«ئەوکاتە کەس بیری لەوە نەکردبۆوە کە ڕێژیمی خومەینی دەتوانێ سێ ساڵان لەسەر کار بمێنێتەوە». هەربۆیە خێرا پاشەکەوتەکانی چەک خەرج کران‌و ئەوە لە کاتێک دابوو کە دەوڵەتی تاران لەبەرەی باشووردا کۆنتڕۆڵی گرتبووە دەست‌و خۆی بۆ هێرش بۆسەر عێراقی‌یەکان‌و«هاوپەیمان»ەکانیان لەبەرەی باکووردا ئامادە دەکرد. ئێستا ئیدی کوردەکان موهیمماتیان بۆ تۆپە ١.٥ ملم-ەکانیان‌و خومپارەهاوێژە گەورەکانیان نەمابوو.

ئەوان تەنانەت خەریک بوو فیشەکی تفەنگە ژ-٣کانیشیان لێدەبڕا. ئەوکاتە نرخەکانی بازاری ڕەشیش بەشێوەیەکی نائاسایی چووبوونە سەر. قاچاغ‌چی‌یە نێونەتەوەیی‌یەکانی چەک‌و چۆڵ بۆ ڕاکێتێکی ئاری‌جی داوای پێنج‌سەد دۆلارو بۆ گوللەیەکی تۆپی ١.٥ملم داوای هەزارو دووسەد دۆلاریان دەکرد و فیشەکێکیش بەپازدە تمەن بوو. حیزبی دیموکراتی کوردستان کە ئەوکاتە مامەڵەیەکی باشی لەگەڵ ڕێکخراوێکی فەلستینی کردبوو، نەی‌دەزانی بەچ شێوەیەک ئەو چەک‌و چۆڵە بگەیەنێتە کوردستان.ئەو چەکانە تەنیا لەڕێگای

عیراقەوە دەیان توانی بە حیزب بگەن، بەلام صدام حسین لەگەڵ ئەوەش‌دا کە زۆر زەربەی توندی هێزەکانی ئێرانی وێ‌دەکەوت، لە بەهێز کردنی کوردەکان دوودڵ بوو. صدام دەی‌زانی کە حیزبی دیموکرات پێوەندیی باشی لەگەڵ یەکێتی نیشتمانیی کوردستان کە پێشمەرگەکانی هەردێ‌و زیاتر زەربە لەعیراقی‌یەکان دەوەشێنن، هەیە.

ڕێبەرێکی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بە نارەحەتی‌یەوە دەدرکێنێ:«داوامان لە عیراق کرد موهیمماتمان بۆ ژ-٣یەکانمان بداتێ‌و ئەوانیش لە وەلام‌دا گوتیان ئێمە نیمانەو تەنیا چەک‌وچۆلی سوڤیەتی‌مان هەیە.. ئێستا صدام حسین دەبێ ساغ بێتەوە داخوا دەهێڵێ ئەو چەکانە بەوێ‌دا تێپەڕبن یان نا».

سەیر ئەوەیە ئێستا کە هێزە حکومەتی‌یەکان فێری هونەری شەڕی پارتیزانی دەبوون کوردەکان خۆیان بۆ شەڕی بەرەیی ئامادە دەکرد. لە راستی‌دا راگرتنی ئێزگەیەکی رادیۆ پێویستیی ئەوە دێنێتە گۆڕێ کە ئەو پازدە بیست کەسەی لە رادیۆ کار دەکەن لەناوچەیەکی ئازادکراودا پارێزگاری‌یان لێ‌بکرێ‌و بیست پێشمەرگەیەکیش بۆ ئەو پارێزگاری‌یە تەرخان بکرێ. هەروەها پێویستە ماتۆڕێکی کارەباییش کە دەزگایەکی زۆر جێ‌گرە هەبێ. لەسەر یەک دەبێ پەنجا کەسێک لە پەنایەکی ئەمن جێگیر بن. بەلام ئەو رادیۆیە یەکجار زۆر پێویستە، چونکە ئێستا کە ڕێگاکان بەستراون، ئەوە تەنیا ئەلقەی پێوەندی لەگەڵ هەموو بەشەکانی کوردستان بوو. لە بەڕێوەبەرایەتیی خودموختاریش‌دا نەخۆشخانەو قوتابخانەو بنەماکانی دیکە گیروگرفتی لەوبابەتە دێننەپێش کە بریتی‌یە لەمەسەلەی پێوەندیی نێوان ئەو دامودەزگایانە.

پاییزی ساڵی ١٩٨٢ سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە دوودڵی دایەو لەخۆی دەپرسێ داخوا شۆڕشی کوردستانی ئێران نەگەیشتۆتە نوختەی بەیەک گەیشتنی ڕێگاکان‌و

داخوا وەختی ئەوە نەهاتوە ستراتیژی یەکە بگۆردرێ؟ قاسملوو دەلێ: «ئێستا ئێمە شەڕی بەرەیی دەکەین و دەولەت شەڕی پارتیزانی دەکا. ئایا نابێ شتەکان بەپێچەوانە بن و ئێمە شەڕی پارتیزانی بکەین؟ ئەگەر ئەوان بیانەوێ جادەیەک بپارێزن، ناچارن مۆلگەی بچووکی نیزامیی لەسەر دابنێن و ئەو مۆلگانە بۆ هێرشەکانی ئێمە باشترین هەدەف دەبن. ئێمە رەنگە هیچ دەفتەرێکمان لەدەرەوی ئێران نەمێنێ، بەلام بەو چەک و موهیمماتەی هەمانە دەتوانین پێنج سال خۆرابگرین».

لەراستی‌دا خۆراگریی کورد بە چەند مانگێک ناوچە ئازادکراوەکان لەدەست دەدا. هێزەکانی ئێران هاوکات رێگای سەردەشت- پیرانشار و قەلای کوردەکان دەدەنە بەر هێرشی خۆیان. رێگای سەردەشت- پیرانشار کە سەد و دە کیلۆمیتر لەسەر سنووری نێوان عێراق و ئێران درێژ دەبێتەوە، تەوەرەی ستراتیژیکیی خۆراگریی کوردەکان و«تەنگەی هورموز»یەتی، ئەو رێگایە دەرفەت بە پێشمەرگەکان دەدا کە بە ئاسانی پێوەندی بە باشوور و باکووری کوردستانەوە بگرن. جادەیەکی دە کیلۆمیتری لە گوندی بچووکی خدراوێ را دەچێتە ئالوەتان و لەوێوە دەچێتە قەلادزەی عێراق. جادەیەکی دیکەش لە سەردەشتەوە دەچێتە بێوران...

سپتامبری ١٩٨٢ لەکاتێک‌دا کە شەڕی نێوان حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەلە بێ‌ئەمان درێژەی هەیە، هێزە دەولەتی‌یەکان هێرشێکی دوولایەنە لەسەردەشت و پیرانشار را دەکەن. ئەوان لە باکوور بە ئارامی دەچنە پێش، بەلام دوای شکستی بەرپرسی حیزبی دێموکرات لەو ناوچەیە(سید رسول دهقان) بەرزایی‌یەکانی هەنگەوێ دەگرن و لەوێوە دەتوانن هەتا میراوێ کە گوندێکی دیکەی سەر رێگای سەردەشت-پیرانشارە، تۆپ‌باران بکەن.

پاسدارانی شۆڕش لەو شەڕەدا سەد کەسیان لێ‌دەکوژرێ. لەحاڵێک‌دا حیزبی دیموکرات هەژدە یا نۆزدە پێشمەرگەی لەدەست دەدا کە ئەوە بۆ بزووتنەوەیەکی پارتیزانی ژمارەیەکی زۆرە. هێزە دەوڵەتی‌یەکان ئێستا بە تۆپخانە هەڕەشە لە نێوەندی خۆڕاگری کوردەکان دەکەن. ئەوان لە باشووریش بیست کیلۆمیترێک لەسەردەشتەوە دەچنە پێش. ئەرتەشی ئێران لە ڕۆژەکانی ١٥و١٦ی سپتامبردا هاوکات هێرش دەباتە سەر سێگۆشەی مەهاباد-میاندواو و بۆکان کە قەڵای موکوریان پێک دێنێ، ئەو سێ گۆشەیە کە شوعاعێکی پەنجا شەست کیلۆمیتریی هەیە سەرکردایەتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، کۆمەڵە، شێخ عزالدین و نەخۆشخانەی حیزب لە ئالوێ و نەخۆشخانەی کۆمەڵەی تێدا هەڵکەوتوون(١).

حیزبەکان لەبەرامبەر چوونە پێشی هێزە حکومەتی‌یەکان‌دا ناچارن سەرکردایەتی و نەخۆشخانەکانیان ڕاگوێزن و ڕۆژی ٢٦ی سپتامبری ١٩٨٢ ئالوەتان چۆڵ دەکرێ.

ئەو شکستەی کوردەکان چەند هۆی هەن کە پێشتر باسمان کردوون و بریتین لە: ناکۆکی‌یەکانی نێوان حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵە کە کەمێک دواتر پێش هێرشی ئێران بڕیار دەدەن کۆتایی بە شەڕی براکوژیی خۆیان بێنن و فەرماندەری‌یەکی هاوبەش پێک بێنن؛ کەمو‌کوڕیی موهیمات؛ شکستی هێندێک فەرماندەری نیزامی کە لێهاتوویی پێویستیان نەبوو؛ و بەتایبەتی قورسایی ئاگری هێزە دەوڵەتی‌یەکان کە زۆر لە هی کوردەکان زیاتر بوو. فەرماندەری ستادی ئەرتەش لە تاران دوای وەدەست‌هێنانی سەرکەوتنی بەرچاو لەبەرەی باشووردا بڕیار دەدا شەڕەکە بەرێتە

(١) لەو کاتەدا زۆر لە مێژ بوو بنکەی سەرکردایەتیی هیچ کام لە حیزبە سیاسی‌یەکان لەو ناوچەیە نەمابوو . چاپی کوردی

باکووری عێراق، ئەو پێش ئەوەی هێرش بەرێتە سەر قەڵادزێ‌و حاجی ئۆمەران، پێویستە قەڵای کوردەکان«پاک بکاتەوە». بۆ ئەمەش فەرماندەری ستاد لە تاران نرخەکەی دادەنێ؛ بەپێی سەرچاوە کوردی‌یەکان هێزە دەوڵەتی‌یەکان لەو هێرشەدا ..۲۵ کەسیان لێ‌دەکوژرێ‌و بریندار دەبێ.

هێرشی پاییزی ۱۹۸۲ لەدژی کوردەکانی ئێران تەنیا بەشێکە لەو کێشەیەی هەتا شەش ساڵ دواتریش ئێران‌و عێراق بەرەورووی یەکتر دەکاتەوە. شتێک کە بۆ حیزبە کوردی‌یەکانی ئێران بە قیمەتی لەدەستدانی ناوچە ئازادکراوەکان تەواو دەبێ. بەرگریی کورد کە لەسەرەتادا شوێنی سەرکردایەتی‌یەکانیان لە نزیک سنوور لە نێو خاکی ئێران(لە نزیک بانە) سەقامگیر ببوو، هەتا هێرشی مانگی مەی ۱۹۸٤یش هێندێک ناوچەی ئازادکراو بەڵام بەرتەسکتری پێ‌دەمێنێ.

حیزبە کوردی‌یەکان کەناتوانەوێ شکست قبوڵ بکەن درێژە بە زەربە وەشاندن لە بنکەکانی رژێم لەسەر رێگای سەردەشت-پیرانشار دەدەن، ئەوەش بەتایبەتی دوای بارینی یەکەم بەفرەکان کە هێزە دەوڵەتی‌یەکان فەلەج دەکا. بەڵام کوردەکان زۆر بەسەختی کەم‌وکوڕیی موهیماتیان هەیە. پێشمەرگەکان مووشەکی ئارپی‌جی-۷یان لێ‌براوە‌و ناچارن بە خومپارەهاوێژەکانیان قەناعەت بکەن. هێزەکانی ئێرانیش لە هێندێک شوێنی سەر سنووری ئێران‌و عێراق بەقایمی جێگیر دەبن، ئەوەش بەتایبەتی لە خانێ‌و حاجی ئۆمەران‌و لە ژوئیەی ۱۹۸۳دا لەوێرا هێرشێک دەکەن کە بەقووڵی دەچێتە نێو خاکی عێراق. کۆمەڵە کە لە کۆنگرەی فێوریەی ۱۹۸٤ی‌دا ئەنجامگیری‌یەکی خەباتی خۆی دەکا، دان بەوە دادەنێ کە«مەیدانی لەدەست داوە»و لەماوەدای نێوان نەورۆزی ۱۹۸۲و۱۹۸۳ دووسەد پێشمەرگەی تێداچوون.ئەرتەشی ئێران هێرشێکی تازە بۆسەر ئەو شوێنانە دەکا کە بەدەست کوردەکانەوە

ماون.«ئەمە گەورەترین هێرشی دەوڵەتی ناوەندی پاش لەدەست دانی شارەکان» دەبێ. ئەو هێرشە لە تارانەوەو لەلایەن علی خامنەای سەرکۆمارو ژەنراڵ شیرازی فەرمانەدەری ستادەوە هەماهەنگ دەکرێ. لە٢٤ هەتا ٣٠ی مانگی مەی دەهەزار سەربازو پاسدارو بەسیج و بەکرێگیراوی کورد کە بەهۆی تانک و تۆپی ١٠٥ و ١٥٥ملم و هێلی کۆپتێرەوە پشتیوانی‌یان لێ‌دەکرێ، بەتەواوی کوردستان پاک دەکەنەوە.

ئاکامی شەڕ بۆ هێزە نیزامی‌یەکان قورس دەبێ چونکە چوارسەد کوژراو و هەزار بریندار‌یان لێ‌دەکەوێ. کوردەکان تەنیا بیست کەسێکیان لێ‌دەکوژرێ، بەڵام هەرکام لە حیزبەکان ئەندامێکی کۆمیتەی ناوەندیی خۆی لەدەست دەدا. ئەوان بەتایبەتی دوایین «ناوچە ئازادکراوەکان»یان لەدەست دەدەن و ناچار دەبن سەرکردایەتی و نەخۆشخانەو ئێزگەی رادیۆیی‌یەکانیان راگوێزنە عێراق(١). بەمە ئیدی قوتابخانە کوردی‌یەکان و شوورِاکانی گوندیش نامێنن و ئیدی حیزبەکان لە شوێنێکی کوردستان ناوچەیەک کۆنترۆڵ ناکەن کە چەند گوند بگرێتە خۆی و ئیدی ناتوانن درێژە بەو ئەزموونە بدەن.

قسەکەرانی حیزبە کوردی‌یەکان هەوڵ دەدەن رۆژنامەنووسەکان قانع بکەن کە«ئەگەرچی خاکیان لەدەست داوە، ئێستا هێزەکانیان هەڵسووڕترن، لەهەموو شوێنێکن و دەچنە نێو شارەکان». بەڵام لەراستی‌دا ئەمە کۆتایی سەردەمێکە. راستە کە خەباتی چەکدارانە هەروا درێژەی هەیە، بەڵام ئەو خەباتە لەمەولا بەرتەسکتر دەبێتەوە.

---

(١) ئەو دام و دەزگایانە لە پاییزی ١٩٨٣دا راگوێزرابوونە کوردستانی عێراق. شەڕی بەهاری ساڵی ١٩٨٤یش زیاتر لە ٣ مانگ درێژەی هەبوو. چاپی کوردی

## دیسان ناکۆکی، دیسان جیابوونەوە

دوو حیزبە کوردەکان دوای ئەوەش دەکەونە هەلومەرجی زۆر سەختی خەبات، هەروا لەدژی یەکتر رادەوەستن. هەر پێشتریش چوونی حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆنێو شوورای نیشتمانیی بەرگری نێوانی ئەوانی زۆر تێک‌دابوو و بلاوبوونەوەی وتارێکی عبدالله مهتدی کە لەودا سکرتێری گشتیی کۆمەڵە دەپرسێ داخوا حیزبی دیموکرات بەو ئەندامەتی یەی لەنێو شووڕادا لە پرۆگرامی خۆی پاشگەز نەبۆتەوە، دەبێتە هۆی دژکردەوەی توندی عبدالرحمن قاسملوو و هەروەها زووش شەڕی نێوانی ئەو دوو حیزبە دەست پێ‌دەکاتەوە. کادرێکی کۆمەڵە کە دەڵێ کەشی شەڕی نێوخۆیی بەسەر کوردستاندا زاڵە، ئەو هەڵوێستەی حیزبی دیموکرات بە هەڵوێستێکی «خۆکوژانە» دادەنێ و دان بەوە دادەنێ کە ئەمە بێ‌شک کۆمەڵە«لاواز دەکا» بەڵام دەڵێ«ئێمە بەسەردەمی سەخت راهاتووین».

رۆژی ۳۰ی مارسی ۱۹۸۵ حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە شووڕای نیشتمانیی بەرگری دێتە دەر. قاسملوو رجوی بە گرتنەپێشی رەفتاری«خۆسەپێنانە» و نادیموکراتی‌یانە تاوانبار دەکا. لەراستی‌دا لەپاش رۆیشتنی بنی‌صدر لەشووڕا (۲٤ی مارسی ۱۹۸٤ واتە دوای دیداری رجوی‌و طارق عزیز) ئەو ئۆرگانیسمە هەر هاتوە زیاتر بووەتە ئامێری دەستی مرجاهیدین. ئەمەش سەرەڕای هەوڵەکانی قاسملوو بۆ گەورەکردنەوەی شووڕا لە رێگای هێنانە ناوەوەی کەسایەتی‌یە بێ‌لایەنەکان‌و رێکخراوە بچووکەکان. ئەو دابڕانە لەشووڕا بەرواڵەت بە شکست دادەنرێ، چونکە هەموو ستراتیژیی قاسملوو لەسەر هاوپەیمانەتی لەگەڵ هێزە دیموکراتیکەکانی ئێران دامەزرابوو.

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کە لە چەپەوە کۆمەڵە

هەڕەشەی لیٚ دەکرد و هەڵبژاردنیشی لە شووڕای نیشتمانیی بەرگری لاوازی کردبوو، ئەمجارە لەنێوەوە و لە ڕاستەوە هێرشی دەکرێتە سەر. ئەم قەیرانە نوێیە لەسەرەتای ساڵی ١٩٨٨دا ڕوو دەدا. جلیل گادانی کە لە کونگرەی هەشتەمی حیزبدا(٢٣-١٨ی ژانویەی ١٩٨٨) لە دەفتەری سیاسیدا نامێنیٚ، دوومانگ دواتر لەگەڵ پازدە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و ژمارەیەک کادری حیزبی دیموکراتی کوردستان ڕێکخراوێکی تازە دادەمەزرێنیٚ کە هەمان ناوی هەیە: حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران -ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێر. لە ڕاگەیەندراوێکی دەخالیدا کە ڕۆژی ٢١ی مارسی ١٩٨٨ بڵاو دەبێتەوە، ئەو موخالیفانە عبدالرحمن قاسملوو بە سەپاندنی بیری«سوسیالیزمی دیموکراتیک» بەسەر حیزبەکەیدا تاوانبار دەکەن. هەروەها بەوە تاوانباری دەکەن کە دەیەویٚ«دەست لە خەبات هەڵگریٚ» و خۆ«تسلیم بکا». ئەوان هەروەها ڕەخنە لە«ڕەفتاری دیکتاتۆریانە»ی قاسملوو دەگرن.

## تیرۆری عبدالرحمن قاسملوو(١٣ی ژوئیەی ١٩٨٩)

لە وەها بارودۆخێک دایە کە ڕۆژی ١٣ی ژوئیەی ١٩٨٩ سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە ڤییەن بەدەستی عامیلانی سرویسە تایبەتییەکانی ئێران تیرۆر دەکریٚ. ابراهیم علیزادە ڕێبەری کۆمەڵە لە چاوپێکەوتنێکی پێش ئەو ڕووداوەدا ئەو داوەی لەقاو دابوو کە دوکتور قاسملوو سەرئەنجام تێی کەوت.

ڕێبەری کۆمەڵە لەکاتێکدا باسی ئەو دەنگۆ جیددییەی کردبوو کە گۆیا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پێشنیاری کردوە بۆ ئاسان کردنەوەی چارەسەری کێشەی کورد لە ئێران هاوکاری بکا،

گوتبووی: «دەکرێ لەگەڵ سەرسەخت‌ترین دژمنی خۆت‌دا وتووێژ بکەی... بەڵام ئەمڕۆ، وێناچێ کە ئەوە جیددی بێ، ئەمە لە داوێک زیاتر بۆ ئانەوەی دووبەرەکیی زیاتر لەنێو بزووتنەوەی کورددا ناتوانێ شتێکی دیکە بێ. دەوڵەت بۆ دەبێ وتووێژی نهێنی لەگەڵ حیزبی دێموکرات و قاسملوودا بکا لەحاڵێک‌دا کە ئەم حیزبە لەهەر کاتێک لاوازترە؟ وێناچێ دەوڵەتی تاران بەراستی وتووێژ بکا».

جەلال تاڵەبانی کە لەسێ ساڵ پێشترەوە پێوەندیی دۆستانەی لەگەڵ کاربەدەستانی ئێران هەبوو، دەبێتە هۆی پێوەندی گرتنەوەی نێوان قاسملوو و دەوڵەتی ئێران.

تاڵەبانی لەمەدا چەند قازانجێکی هەبوو کە هێندێکیان قازانجی شەخسیی خۆی نەبوون و هێندێکیشیان شتێکی بۆخۆی تێدا بوو. تاڵەبانی لەلایەک بێ‌شک دەی‌ویست پاداشی ئەو «خزمەت»ە بداتەوە کە ساڵی ١٩٨٤ قاسملوو لەکاتی وتووێژی تاڵەبانی لەگەڵ صدام حسین‌دا پێی‌کردبوو... لەوانەشە تاڵەبانی ویستبێتی کە قاسملوو دەست لەهاوپەیمانەتی‌یەکەی لەگەڵ صدام حسین هەڵگرێ. سەرئەنجام، سەرکەوتنێکی گریمانەیی ئەو وتووێژانە دەی‌توانی رەنگدانەوەی باشی لە پێوەندی‌یەکانی تاڵەبانی لەگەڵ تاران‌دا هەبێ.

ئێوەیژیوانیی تاڵەبانی بەوە کە قاسملوو چەندجار بە ئاشکرا رای‌گەیاندبوو ئامادەیە وتووێژ لەگەڵ تاران بکا، هێندەی دیکەش ئاسان ببوو. قاسملوو بۆ نموونە رۆژی ١٥ی سپتامبری ١٩٨٨ لە کۆنفرانسێکی رۆژنامەنووسی‌دا گوتبووی: « ئێمە هەمیشە ئامادەین وتووێژ لەگەڵ تاران بکەین، بەڵام ئێمە وتووێژ لەسەر داخوازەکانمان دەکەین، لەسەر خودموختاری. هەرکاتێک ئەو ئەسڵە قەبووڵ کرا، ئێمە ئامادەین لەسەر ناوەرۆکەکەی باس و گفتگۆ بکەین».

دیداری یەکەم لە ڤییەن لە ئۆتریش و لە رۆژەکانی ٣٠ و ٣١ی

دسامبری ۱۹۸۸دا بەڕێوە دەچێ. عبدالرحمن قاسملوو و عبدالله قادری نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ئورووپا چەندین باس و گفتگۆیان لەگەڵ دەستەی نوێنەرایەتیی ئێران دەبێ کە لە محمدجعفر صحرارودی(محمد رحیمی) جێگری سەرۆکی سرویسەکانی دەرەوەی اطلاعاتی پاسدارانی شۆڕش لە کرماشان و حاجی مصطفوی لاجوردی بەرپرسی سرویسە نهێنیی‌یەکانی نێوخۆیی لە کوردستان پێک هاتبوو. جلال طالبانی کە بەشێوەیەک زامنی ئەمنییەتی چاوپێکەوتنەکان بوو، بۆخۆی لەهەموو کۆبوونەوەکان بەشدار دەبێ و چەند ئەندامی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیش چاوەدێریی شوێنەکەیان پێ دەسپێردرێ. لەچاوپێکەوتنێکی نوێ‌دا لە ڕۆژەکانی ۱۹و ۲۰ی ژانویەی ۱۹۸۹دا قاسملوو بۆچوونی خۆی سەبارەت بە خودموختاری بەدرێژی دەخاتە روو، ئەوکاتە باس و گفتگۆیەکان شکڵی وتووێژی ڕاستەقینە بەخۆوە دەگرن و ئەوکاسێتە زەبت‌کراوانەی حیزب رای‌گرتوون ئەوە دەسەلمێنن.

لەو وتووێژانەدا وی‌دەچێ مەسەلەی زۆر ناسکی وەزعییەتی پێشمەرگەکان لە کوردستانی خودموختاردا چارەسەر بکرێ. هەردوولا بڕیار دەدەن چەند حەوتوو دواتر یەکتر ببیننەوە، ئەمەش بۆ ئەوە کە نوێنەرانی ئێران وەک بۆخۆیان گوتبوویان ماوەی پێویستیان بۆ پرس و ڕاکردن بە ڕێبەرانیان بەتایبەتی بە ئاغای ڕەفسنجانی هەبێ.

لەراستی‌دا داوەکەش هەر ئەوەیە. دوای ئەوە کە کۆبوونەوەیەکی مانگی مارس هەڵ‌دەوەشێنەوە، قەراری دیداری تازە بۆ ڕۆژەکانی ۱۲و۱۳ی ژووئیە دادەنرێ. ئەم جارە جلال طالبانی کە ئێرانی‌یەکان رەخنەی زاربەهاواربوونی لێ‌دەگرن بەشدار ناکرێ و کوردێکی عێراقی کە تەبەعییەتی ئوتریشیی هەبوو بەناوی فاضل رسول دەکرێتە نێوبژیوان. عبدالرحمن قاسملوو هیچ کەس لەو چاوپێکەوتنە ئاگادار ناکاتەوە، نە ئەندامانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی

کوردستانی ئێران و نە خێزانی کە ئەوکاتە لێی جیا ببۆوە بەڵام پێوەندیی رەفیقانەی مابوو. رۆژی ١٢ی ژوئیە قاسملوو، قادری و رسول لەلایەک و لەلایەکی دیکە صحراروودی، حاجی مصطفوی و کەسێک بەناوی بزرگیان کە وەک ئیسکۆرت لەوێ دەبێ باس و گفتگۆ دەکەن. ئەوان رۆژی دوایە لە هەمان ئاپارتمان‌دا یەکتر دەبیننەوە و ئەوکاتە کارەساتەکە روو دەدا: لای سەعات حەوت و بیست دەقیقەی ئێوارێ سێ کوردەکە تێرۆر دەکرێن.

قاسملوو کە گوللەیەکی لە نێوچاوانی درابوو یەکسەر دەکوژرێ. عبداللە قادرییش وێدەچێ دەستی کردبێتەوە بەڵام ئەویش دەکوژرێ، فاضل رسولیش هەروا. لە ئێرانی‌یەکان یەکێکیان کە صحراروودی‌یە بریندار دەبێ. کاربەدەستانی ئوتریش رێگا دەدەن صحراروودی و بزرگیان بەبێ‌هیچ لێپرسینەوە و سزادانێک بگەڕێنەوە ئێران و حاجی مصطفوی-یش ون‌دەبێ. زەبرەکە بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و بۆ خۆراگریی کورد لە ئێران یەکجار کاریگەرە.

بە لەدەست‌دانی قاسملوو، بزووتنەوەی کورد لەتەواوەتیی خۆی‌دا کەسایەتی‌یەکی بێ‌هاوتای لەدەست دا. رێبەری وەک قاسملوو کەم هەن کە هەموو کەس گوێی لێ‌دەگرت و رەنگە تەنیا کەسایەتیی کوردیش بێ کە تاڵەبانی بەقسەی دەکرد. قاسملوو بێ‌شک دەی‌توانی رۆڵێکی سەرەکی لەسەردەمی راپەڕینی کوردەکانی عێراق لە ساڵی ١٩٩١ و لەپاش ئەو راپەڕینە و هەروەها لەکاتی قەیرانەکانی دوایە لە نێوان مسعود بارزانی و جلال طالبانی‌دا، و یان لە نێوان کوردەکانی عێراق و تورکیەدا، بگێڕێ.

چۆن بوو قاسملوو کە قەت باوەڕی بە ئێرانی‌یەکان نەدەکرد لێ‌گەڕا کە لەداوی بخەن؟ قاسملوو کە هەمیشە ئەو ئامۆژگاری‌یەی باوکی دووپات دەکردەوە کە هەر لە مێژ منداڵی‌یەوە

پێی گوتبوو: «کاتێک عەجەمێک دەبینن بی‌کوژن، دەنا لەبەری هەڵێن پێش ئەوەی زمانی درۆی بتان‌گاتێ».

نابێ ئەوەمان لە بیر بچێ کە قاسملوو لەدەورانی سەختی خەبات‌دا تیرۆر کرا. بزووتنەوەکەی ئەو بەو جیابوونەوە تازەیەی جلیل گادانی لاواز ببوو بۆخۆشی کە کەسایەتی‌یە بەهێزەکەی، هەموو کەس ستایشی نەدەکرد کەوتبووە بەر رەخنەی کوردەکان و ئۆپۆزیسیۆنی ئێران و موجاهیدین و ناسیونالیستەکان. هەر بۆیە قاسملوو دەی‌ویست بەهەر نرخێک بووە، مەسەلەی کورد چارەسەر بکا، چونکە ئەوە شەرەت و ئاواتی ژیانی بوو و چونکە لەپێش دەفتەری سیاسیی حیزبەکەی، لەپێش گەلی کورد و لەپێش ئێرانی‌یەکان پێویستیی بە کارتێکی گەورە هەبوو لەسەر مێزی دانێ.

لەلایەکی دیکەوە قاسملوو کە زۆری بیر لە مێژووی کورد و کەسایەتیی بارزانی کردبووەوە لەوە دڵنیا ببوو کە ئەگەر کوردەکان دەتوانن هێندێک جار لەشەڕدا سەرکەون، لە وتووێژدا هەمیشە دەی‌دۆڕێنن چونکە هاوشانی رەقیبەکانیان نین. قاسملوو کە ئاستی رۆشنبیریی خۆی زۆر باش دەزانی، لەم لایەنەوە خۆی لە رێبەرانی ئێرانی گەورەتر هەست پێ‌دەکرد و «دەی‌ویست رەوتی مێژوو بەپێچەوانە بسووڕێنێتەوە و سەرئەنجام چارەنووسی کورد بگۆڕێ. خۆ نەدەکرا کوردەکان هەتاسەر ئاوا بمێننەوە!».

سەرئەنجام پێویستە پێ لەسەر ئەوە داگرین کە قاسملوو دروست چل رۆژ پاش مەرگی خومەینی تیرۆر کرا. ئاخر چلەمین رۆژ بۆ شیعەکان چەمکێکی عیرفانیی تایبەتیی هەیە. وادیارە قاسملوو لەبەر ئەوە باوەڕی بە دەس‌پێشخەری‌یەکانی رفسنجانی کردبوو کە ئەمە لەکاتێک‌دا بوو کە ململانێ بۆ جێ‌نشینیی خومەینی لە ئارادا بوو و ئەمە بۆ سەرۆک کۆماری تازە باشترین هەل بوو بۆ ئەوەی ئەو

سەردەمە نوێیەی پێ بکاتەوە ... ڕووداوەکانی دوایەو بەتایبەتی تیرۆری ڕێبەرانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لەئورووپا نیشانیان دا کە قاسملوو بووەتە قوربانیی خۆشباوەڕیی ئەو کەسانەی پێیان وابوو کە ڕفسنجانی ڕێبەرایەتیی قۆڵێکی«میانەڕەو» دەکا.

کۆتاییی تێکۆشانی قاسملوو کە بەشێوەیەکی تراژیک تەواو بوو بریتی یە لە شکستێک. قاسملوو دوای ئەوە کە ساڵانی درێژ لە دەربەدەری دا ژیا و توانی بزووتنەوەی کورد ڕێبەری بکا، لەکاتێکدا مرد کە شۆڕشی ئیسلامی ئاسۆیەکی ئەوتۆی پێ نیشان دابوو کە نەدەکرا هیوابەکی پێی هەبێ. ئەو ئاسۆیە زوو کۆتایی پێ هاتبوو، چونکە دوای ئەوەکە بۆخۆی ئەو ڕاپەڕینەی ڕێبەری کردبوو کە دەسەڵاتی تارانی وەلەرزە خست، قاسملوو دوای پێنج ساڵ ناچار بوو پچێتەوە عێراق و بۆ ڕێبەری کردنی خەباتێکی چەکدارانە کە نەی دەتوانی هیوای ڕووخاندنی ڕژێمی خومەینیی هەبێ، هەر لە کوردستان بەڵام لەودیوی«سنوور» جێگیر بێ.

قاسملوو چەند هەڵەی کردن. ئەو ئاشتیخوازێکی شێلگیر بوو.(تەنانەت ڕەنگە ئەو تەنیا سەرکردەی ئەمڕۆی کورد بێ کە نەی دەزانی ئەو دەمانچەیەی هاوڕێکانی بەزۆری پێیان دەبەست، بەکاری بێنێ).ئەو کە تیرۆریزم و فڕۆکە رفاندنی مەحکووم دەکرد، هەمیشە وتووێژی پێ باشتر بوو. قاسملوو هەمیشە ئامۆژگاریی حیزبە کوردەکانی عێراقی دەکرد کە وتووێژ بکەن و بۆخۆشی دەبووە نێوبژیوانیان هەروەک ساڵی ١٩٧٤ لە نێوان صدام حسین و بارزانیدا کردی یان ساڵی ١٩٨٤ و ساڵی ١٩٨٨ لە نێوان صدام و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا.

قاسملوو هەمیشە پێی وابوو دەکرێ وتووێژ لەگەڵ تاران بکرێ و ئەوەمان لەساڵەکانی ١٩٨٠-١٩٧٩دا بینی، لە حاڵێکدا هەموو چاوەدێران دەیانزانی کە ڕێبەرانی تاران بە ئەسڵی خودموختاری کە بە

بڕوای وان تۆوی جــودایی‌خــوازیی دەچاند رازی نەدەبوون، نموونەی دوایـمـان سـەرئەنجـام لە سـاڵی ۱۹۸۹دا بینی کـە ئەم جـارەیان بە قیمەتی گیانی تەواو بوو.

هەڵەیەکی دیکەی قـاسـملوو ئەوە بوو کـە ئەو لە مـانگەکـانی یەکـەمی دوای شـۆڕشی ۱۹۷۹دا پێی‌وابوو رژێمی ئیـسـلامی کـە گـیـرۆدەی دووبەرەکـیی توند بـوو، لەنێـو خـۆوە مـیللەت لەدژی رادەپەڕێ‌و زۆری پێ‌نەدەچوو لە دەرەوەش‌ڕا هێـرشی دەکـرایە سـەر، خۆناگرێ، ئەو بەتایبەتی لەسەرەتای بەرەورووبوونەوەی لەگەڵ هێزەکانی تاران‌دا لەو باوەڕە دابوو کـە ئەو هەمـوو چەک‌وچۆڵەی کـوردەکـان لە راپەڕینی فێوریەی ۱۹۷۹دا دەستیان بەسەر داگرتبوو، بۆ ئەوە دەبێ کە بەبێ نیگەرانی بۆ داهاتوو پشتی پێ‌ببەستری. قاسملوو نەی‌دەزانی کە داهاتوو لەگەڵ رژێمی خومەینی‌یە.

قـاسـملوو کـە بە دروشمی خودموختاری‌یەوە چەسـپابوو، هەمـوو ستراتیژی‌یەکەی لەسەر ئەوە دارشتبوو کە لە ئێران هاوپەیمان بۆخۆی پەیدا بکا. هەر بۆیەش بوو چووە نێـو شووڕای نیشـتـمانیی بـەرگریی بنی‌صدر و رجوی. قاسملوو لە کۆتایی ژیانی‌دا دانی بەوە داناوە کە ئەمە شکستێک بوو و دروست‌کردنی بەرەیەکی دێموکراتیک کارێکی ئاسـان نیـە ،ئەو لەو بارەیەوە دەی‌گـوت:« دووبەرەکی‌یەکـانی نێـو ئۆپۆزیسـیۆن زۆر گـەورەن. ئێمـە ئەمڕۆ تەنیـا بە کلاشینکۆفەکـانمان دەتوانین دیفـاع لە مـافـە مـیللی‌یەکـانمان بکەین‌و دێمـوکـراسی بۆ درێژخایەنە».

هەروەک قـاسـملوو پێش هەمـوو کـەس پێی لـەسـەر داگـرتـبـوو، کوردەکان تەنیـا ۱۷٪ی دانیشتوانی ئێران پێک‌دێنن‌و تەنیا ۷٪ی خاکی ئەو وڵاتەشیان داگرتوە. هەربۆیە دەکرێ لە خۆمان پرسیار بکەین داخـوا قـاسـملوو لە جیـاتی ئەوەی خـەباتی خـۆی لـەسـەر بنەمـای

هاوپەیمانەتی یەکی گریمانەیی لەگەڵ گەلانی ژێر دەستی دیکەی ئێران دارێژێ، باشتر نەبوو پێوەندی یەکانی لەگەڵ حیزبە جۆراوجۆرە کوردەکان زیاتر پەرە پێبدا و بەتایبەتی هەوڵبدا پێوەندی یە زۆر پڕ لە ناکۆکی یەکانی لەگەڵ پارتی ئیدریس و مسعود بارزانی باشتر بکا؟

جارێ زۆر زووە بۆئەوەی هەڵسەنگاندنێکی یەکجاری لەسەر کردەوەی ئەو کەسایەتی یە بێوێنەیە بکەین. بەڵام دەکرێ لەخۆمان بپرسین داخوا خەونی قاسملوو بۆ سەقامگیرکردنی «سوسیالیزمی دێموکراتیک» لە کوردستانی ئێران دەی توانی لەبەرامبەر تەوژمی هاوبەشی میراتگراتی توودەو «محافظەکار»ە مەزهەبی و لاتیکەکاندا خۆ رابگرێ؟ هەروەها دەکرێ لەخۆمان بپرسین داخوا قاسملوو کە دەی ویست سوسیالیزم لە کوردستانی خودموختاردا بنیات بنێ، رێگایەکی هەڵەی هەڵنەبژاردبوو و داخوا باشتر نەبوو لەبری ئەوە بناخەکانی یەکگرتنی ناسیونالیزمی کورد دارێژێ؟ لەحاڵێکدا ژیری قاسملوو، پرستیژەکەی و کەسایەتی یە مەزنەکەی، هەمووی ئەمانە ئەویان بۆ گێڕانی ئەو رۆڵە ئامادە کردبوو. بەڵام ئەو هەمیشە ئەوەی رەت دەکردەوە.

ئەو چەند مانگ پێش تیرۆر کرانیشی هەروا دیفاعی لە ستراتژیی ئەو ساڵانەی خۆی کە بریتی بوو لە خەبات بۆ خودموختاری دەکرد و شتێکی گوت کە بوو بە وەسیەتی سیاسیی خۆی:

«چ کوردێک خەون بە کوردستانێکی سەربەخۆوە نابینێ؟ بەڵام ئێمە دەبێ واقیعبین بین. چۆن دەکرێ سێ سنووران تێک بدەینەوە؟ ئێمە ئەگەر بمانەوێ بۆ سەربەخۆیی خەبات بکەین، دەبێ وەڵامدەری ئەم سێ مەرجە بین:

– دەبێ بزووتنەوەی کورد لە هەموو بەشەکانی ئەمڕۆی کوردستاندا بەهێز بێ. لەحاڵێکدا ئەو بزووتنەوەیە لەتورکیە هێشتا

لاوازه.

- دەبێ لە رۆژهەلاتی نێـوەڕاست‌دا هاوپەیمـانان هەبن ئەو هاوپەیمـانانە تەنیـا مـیللەت نەبن بەڵكوو دەوڵەتیش بن. بەلام ئەوە ئەمڕۆ ئیمكانی نیە. بۆوێنە ئەو هاوپەیمانە ناتوانێ لیبیای قەزافی بێ، بەلام دەكرێ عەرەبستانی سەعودی پشتیوانیمان لێ بكا، ئەو تەنیا ولاتی عەرەبی‌یە كە تەئسیری لەسەر ولاتە یەكگرتووەكان هەیەو تەنیا ولاتێكیشە كە نرخی نەوتی بەلاوە گرینگ نیە، تەنیا ولاتی گەورەی ناوچەشە كوردی لێ ناژین.

- لە ئاستی نێـو نەتەوەیی‌دا هیچ دەوڵەتێک پشتـیـوانیـمـان لێ ناكـا. ولاتە یەكگرتووەكـان لەبارێكی تایبـەتی‌دا ئامادەن دیفاع لە خەباتی كـورد بكەن بەلام بەو مـەرجە كـە ئەو خەباتە لە چوارچێوەی دەوڵەتەكەدا بمێنێتەوە».

كـاتێک بەقاسملوویان دەگوت كـە خەباتی ئەو بۆ خودموختاری لەت‌لەتی یەكانی كـوردسـتـان زیاتر دەكـا، وەلامی دەدایەوە:« بەلام خۆ دابەش‌بوونی كـوردسـتـان شتێكی بابەتی‌یە(موضـوعی) ». قـاسـملوو تەنانەت دەی‌گوت:«ئێمـە خۆمـان بە ئێرانی دەزانین. كـوردەكـانی عێراق هەر پەنجا ساڵ دەبێ لەو ولاتە دەژین، چونكە عێراق هەر پەنجا ساڵ دەبێ هەیە ، لەپێش‌دا عێراق نەبوو. لەحالێک‌دا ئێمـە چەندین سەدەیە لە ئێران دەژین».

قـاسـملوو تـەنیـا لـەیەک باردا ئامـادە بوو لەو لۆژیكە بێـتـەدەر. ئەویش ئەوە كـە:«ئەگەر هەرسێ دەوڵەت لـەسەر لەنێوبردنی بزووتنەوەی كـورد پێكەوە رێک كـەون. ئەو كـات دەبێ بزووتنەوەكـانی كـورد بۆ خەبات یەک‌گرن و دەست لەدروشمی خودموختاری هەڵ‌گرن».

## پلیسە خۆش کردن

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە بەو زەبرە زۆر دەچەمێ، لە نوامبری ۱۹۸۹دا ڕێبەرایەتی یەکی تازە دادەنێ و سەعید شرفکندی بە سکرتێر گشتی هەڵدەبژێرێ. بەمجۆرە رۆشنبیرێک جێگای رۆشنبیرێک دەگرێتەوە.

محمدصادق شرفکندی ناسراو بە دوکتور سەعید کە ڕۆژی ۱۱ی ژانویەی ۱۹۳۸ لەمەهاباد لەدایک ببوو، خوێندنی لە شیمیی(تجزیە) و لەبەشی ناوکی(اتمی)دا لە پاریس تەواو کردبوو. ئەو برای بچووکی هەژارە کە یەکێک لە شاعیرە هەرە گەورەکانی ئەمڕۆی کورد بوو، لەگەڵ هێمن لە حەماسەی کۆماری مەهاباددا بەشداریی کردبوو. سەعید شرفکندی لە نێو حیزبی دێموکراتدا تازەکارێک نیە. ئەو هەر لەسالی ۱۹۷۳-وە ئەندامی حیزبی دێموکرات بوو، بەلام لە هەموو ئەو ململانی یە ڕێبازی یانەی پێشان بەدوور بوو.

دوکتور سەعید، مصطفی هجری کە لە سالی ۱۹٤٥ لە نەغەدە لەدایک بووەو پێشتر مامۆستا بووەو دوای شۆڕشی ۱۹۷۹ هاتۆتە دەفتەری سیاسی، دەکاتە جێگری سکرتێر. دەفتەری سیاسیی تازە هەروەها حسن شرفی لەمەهاباد، علی مهرپرور لە مەریوان و سلام عزیزی لە بۆکانی تێدان.

سەعید شرفکندی کە لەکاتێکی ئالۆز و ناخۆش لە مێژووی حیزبدا جێگای کسایەتی یەکی بێوێنە دەگرێتەوە، بەمەبەستی گەرم کردنەوەی خەبات بایەخێکی زۆر بە تشکیلاتی حیزب دەدا و لەسەر بناخەی نوێ درێژە بە خەباتی چەکدارانە دەدا. شرفکندی دەڵێ:«ئێمە پێشمەرگەمان لەهەموو کوردستاندا هەیە، ئەوان دەستەی بچووک بچووکی زۆر هەڵسووڕن. ئێمە لەلایەک تاقمی سێ چوار کادریمان

هەیە کە بەشەو دەچنە نێو گوندەکان و پێوەندی بە خەڵکەوە دەگرن و لەکازێوە دەڕۆن. هەروەها دەستەی نیزامیشمان هەن کە بۆ عەمەلیاتێکی گەورە لە سەد کەس پتر نین. ئەو تاقمانە لەسەر جادەکان کەمین دادەنێنەوە، کەمین بۆ قافڵە نیزامی یەکان دادەنێن و هێرش دەبەنە سەر مۆڵگەکانی ئەرتەش».

دوکتور سەعید دەڵێ:« بە پێی بەرنامە ئێمە دەمانەوێ ڕێژیم بڕووخێنین، بەڵام باش دەزانین کە ئەوە ئەمڕۆ ئیمکانی نیە. لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە عەمەلیاتە نیزامی یەکانمان درێژە پێ بدەین بۆئەوەی کە لەنێو خەڵک دا حوزوورمان هەبێ و پەرە بە هەستی نەتەوایەتیی ئەوان بدەین. کێ دەڵێ ئەو حکوومەتە ساڵانی ساڵ لەسەر کار دەمێنێ؟»

## تیرۆری سەعید شرفکندی(١٧ی سپتامبری ١٩٩٢)

سەعید شرفکندی دەیزانی گیانی لەمەترسی دایە. ئەو لەپاش تیرۆری عبدالرحمن قاسملوو دەیزانی کە ڕۆژەکانی ڕێبەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران هەرکەس بن حیساب کراون. لەدوای گەڕانەوەی دێهاتی یە کوردە عێراقی یەکان(پاش ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١) بۆ بنارەکانی شاخی قەندیل لە نزیک قەڵادزە کە سەرکردایەتیی حیزبی لێ یە، ئەو زۆر سەرقاڵی گیروگرفتی ئەمنییەتە کە هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ هاتوچۆی ئەو خەڵکە زۆرە کە هەتا دێ کونترۆڵیان دژوارترە.

سکرتێری تازەی حیزبی دیموکراتی کوردستان دەزانێ کە لەنێو چوونی هەر ساتێک نزیکە، هەر بۆیەشە کە پۆستی جێگر سکرتێری

دروست دەکا.(١) بەڵام نازانێ کە ئاوا بەزوویی ئەو زەبرە کاریگەرە وە حیزبەکەی دەکەوێ. سعید شرفکندی دوای ئەوە کە هاوینی ١٩٩٢ چەند حەوتوویەک لە پاریس دەمێنێتەوە، لە کۆنگرەی ئەنتەرناسیۆنالی سوسیالیستدا لە بێرلین بەشدار دەبێ. دوکتور سەعید کە بۆ داوێنک ڕاکێشرابوو کە بریتی بوو لە دیداری نوێنەرانی لایەنە بچووکەکانی ئۆپۆزیسیۆن، ڕۆژی ١٧ی سپتامبر لە ڕێستۆرانێکی بێرلین تێرۆر دەکرێ و لەگەڵ ئەودا هەروەها فتاح عبدلی نوێنەری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە فەرانسە، همایون اردلان نوێنەری حیزب لە ئەڵمان و نوری دهکردی(موتەرجیم) دەکوژرێن. بە مەرگی دوکتور سەعید زەبرێکی کاریگەر وەحیزبی دیموکرات دەکەوێ کە لەماوەی سێ ساڵدا دوو ڕێبەری بێ هاوتا لەدەست دەدا. چەند کەسێکی گومان لێکراو پاش ئەو ڕووداوە دەستگیر دەکرێن و هەموو شتەکان ئەوە دەگەیەنن کە ئێران ئەو کارەی کردوە، بەڵام سەرەڕای ئەوە کە لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٣دا دادگا دەست بەکار دەکا، ئەم جارەش لێکۆڵینەوەی گشتی وەرێ ناخرێ.

## واکشان( ڕۆژانی سەخت)

مصطفی هجری کە یەکسەر دەبێتە سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران سەفەر بۆ ئەمریکا و ئینگلستان دەکا، شتێک کە سکرتێرەکانی پێشوو نەیان کردبوو. لە ئەمریکا، مصطفی هجری لە مانگی ئاوریلی ١٩٩٣دا باس و وتووێژی لەگەڵ ئەندامەکانی

---

(١) پۆستی جێگری سکرتێر لە ساڵی ١٩٨١را بە ڕەسمی دانراوەو پێشتریش بەشێوەی نارەسمی هەبوو. چاپی کوردی

کۆنگرە لە واشنگتۆن‌و بەرپرسانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیویۆرک دەبینێ.
لە بریتانیاش کە دیارە قاسملوو سەفەری بۆ کردبوو بەڵام بۆ سەردانی خۆی، مصطفی هجری بەرەسمی لەلایەن حیزبی کرێکارانەوە بانگهێشتن دەکرێ‌و لە ژوئەنی ۱۹۹۳دا هێندێک ئەندامی پارلمان دەبینێ. بەڵام وەزارەتی دەرەوە، بۆ ئەوە کە نێوانی لەگەڵ ئێران زیاتر تێک نەچێ، لەوەرگرتنی رەسمیی ئەو خۆ دەپارێزێ.
بەڵام خۆشحاڵی‌یەک کە ئەو سەفەرانە وەرێی دەخەن زۆر ناخایەنێ. رۆژی ۱۸ی ژوئیەی ۱۹۹۳ مامۆستا عبدالله حسن‌زادە جێگری سکرتێری گشتی ناچار دەبێ بەپەلە دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران راگوێزێ. هەر لەمارسی ۱۹۹۳وە، هێزەکانی ئێران سەرکردایەتیی حیزبیان بێ‌وچان ئەزیەت دەکرد. پاش ئەوەی رۆژی ۱۳ی مارسی ۱۹۹۳ شەش فڕۆکەی ئێران بۆمبارانی بنکەی قەندیل دەکەن، ئەرتەشی ئێران تۆپبارانی خۆی قوورستر دەکا‌و لەمانگی ئاوریلی ۱۹۹۳ش‌دا زیاتر لە پێنج کیلۆمیتر دەچێتە نێو خاکی عێراق. لە مانگی ژوئەن بەم‌لاوە تۆپبارانی دەفتەرەکانی حیزبی دێموکرات‌و ئەو دووسەد بنەماڵە کوردە ئێرانی‌یەی لە دەوروبەری قەندیل دەژین خەست‌تر دەبێ.
لەوکاتەدا هەیئەتێکی ئێرانی کە جعفر رحیمی بەرپرسی سرویسەکانی(اطلاعات)ی پاسدارانی شۆرش‌و محمد محمدی بەرێوەبەری کابینەی رفسنجانیی تێدا دەبن، سەردانی کوردستانی عێراق دەکا‌و داوا لە پارتی دێموکراتی کوردستان دەکا حیزبی دێموکرات«چەک بکەن». دوای ئەوە کاربەدەستە کوردەکان لە هەولێر داوا لەو حیزبە دەکەن بنکەکانی راگوێزێ‌و حیزب ناچار دەبێ زۆر بەپەلە‌و بەر لەگەرانەوەی مصطفی هجری ئەو کارە بکا. ئەمجارە

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دەفتەری سیاسی و نەخۆشخانەو رادیۆی خۆی لە قەلأیەکی کۆنی ئەرتەشی صدام حسین لە تەنیشت شاری کۆیەو لە حەفتاو پێنج کیلۆمیتریی سنوور جێگیر دەکا.

ئەگەرچی مصطفی هجری خۆشبینییش لەخۆ نیشان بدا، ئەمە زەبرێکی تازەیە وە حیزبی دیموکراتی کوردستان کەوتوەو ئەو حیزبە بە زەحمەت دەتوانێ لەوە خراپتری بەسەر بێ. چاوەدێرێکی نزیکی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دان بەوە دادەنێ کە:« ئەمە مستێکی یەکجار توند بوو، دوای چەندین ساڵ خەبات، دوای چەند جار راگوازتن، دوای مەرگی قاسملوو و د. سعید ئێستا ئەوە لە نێوەراستی خاکی عێراق گیرساونەتەوە... لەهەمووشی تاڵتر ئەوەیە کە دەوڵەتە رۆژئاوایی یەکان هیچ دژکردەوەیەکیان نەبوو. رێکخراوە غەیرە دەوڵەتی یەکان هێندێکیان دژکردەوە لەخۆ نیشان دا، بەڵام وڵاتە یەکگرتووەکان هیچیان نەگوت».

مەسەلەکە هەر بەوەندەش کۆتایی نایە. یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە دەیەوێ بەمەبەستی رەقابەت لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان پێوەندیی باش لەگەڵ ئێران دابمەزرێنێ، حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ناچار دەکا کە بڵاوکردنەوەی بەرنامە رادیۆیی یەکانی رابگرێ...

مستەفا هیجری ماوەیەکی زۆر وەک سکرتێری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، تامێنێتەوە و کۆنگرەی دەهەمی حیزب(١٩-١٢ی ئاوریلی ١٩٩٥) مامۆستا عبدالله حسن زادە بە سکرتێری گشتیی حیزب هەڵدەبژێرێ، مستەفا هیجرییش دەبێتە جێگری سکرتێر. بەپێی هێندێک سەرچاوە ئەو ئاڵوگۆڕە بووەتە هۆی ئاسانکردنەوەی پێوەندی گرتنەوە لەگەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران-رێبەرایەتیی شۆڕشگێر، ئەمەش بەمەبەستی یەکگرتنەوەی گریمانەیی

دووباڵەکەی ئەو حیزبە کە هەردووکیان بەهێزی سەرکوت و هەروەها بەهێزی هاوەستیی بزووتنەوەی کوردەکانی عیراق لەگەڵ ئێران لاواز بوون. مستەفا هیجری وەک بەرپرسی پێوەندی یە نێونەتەوەیی یەکان دەمێنێتەوەو لە ئاخری مانگی مەی ۱۹۹۵دا دەچێتەوە ولاتە یەکگرتووەکان. ئەمجارە لە وەزارەتی دەرەوە لەلایەن رۆبێرت دوچ بەرپرسی کاروباری باکووری کەنداوەوە وەردەگیرێ و هەروەها چاوی بە چەند راوێژکارێکی سەرۆک کلینتۆن لە کۆشکی سپی دەکەوێ.

## هاتنی ئێران بۆنێو خاکی کوردستانی عیراق (ژوئیەی ۱۹۹۶)

کۆتایی مانگی ژوئەنی ۱۹۹۶ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەبێ خۆی بۆ بەرەورووبوونەوەی عەمەلیاتێکی زەبەوەشێنی ئێران ساز بکا. رۆژی ۲٦ی ژوونیەی ۱۹۹٦ دووهەزار پاسداری شۆڕش لە نزیک پێنجوێن سنوور دەبەزێن و دەچنە سولەیمانی و شەو لە مەعسکەر سەلام کە یەکێک لەو قەلاّ گەورانەیە کە صدام لە ساڵەکانی ۱۹۸۰دا دروستی کردبوو دەمێنێتەوە. رۆژی دوایە ئەو هێزانە کە بە سەد کامیۆن و تۆپی ۱۳۰ملم و ۱۵۵ملم، مووشەکی کاتیوشا و مووشەک هاوێژی «حسین» کە ۱۲۰کم بوردی هەیە تەیاربوون و لەلایەن سێ سەد پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە ئیسکۆرت کرابوون، وەرێ دەکەون. ئەوان کاتێک دەگەنە بەرزایی یەکانی هەیبە سوڵتان کە بەسەر دەشتی کۆیەدا زاڵە، لە رۆژەکانی ۲۸و۲۹ی ژوونیەدا دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە لە کۆنە قەلاّیەکی ئەرتەشی عیراق و لەچەند کیلۆمیتریی شاری کۆیە هەڵکەوتوە لەگەڵ پێنج ئۆردووگاکەی حیزب

لە دەوروبەر بوردوومان دەکەن. پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات کە چوونەپێشی هێزەکانی ئێرانیان هەنگاوبەهەنگاو خستبووە ژێر نەزەر، توانیبوویان سەنگەر بگرن‌و خۆیان پەنا بدەن، بەڵام لەو تۆپ‌بارانەدا ماڵی بنەماڵەکانی پێشمەرگەو نەخۆشخانەی یارمەتی بە دەرمانی بە نێونەتەوەیی یەکان‌و ڕێکخراوی پزیشکانی جیهان ویران دەبن‌و تەنیا ئەو قوتابخانەیەی فرانس-لیبێرتێ سازی کردبوو، هیچی لێ‌نایە.

تۆپخانەی ئێران هەروەها ئۆردووگای جێژنیکان لە نزیک شاری هەولێر کە سەدان کوردی ئێرانیی لێ‌دەژین وەبەر تۆپ دەدا. ڕۆژی ٢٨ی ژووئیەی ١٩٩٦ سەعاتی ١٠ی بەیانی یەکەیەکی پاسدارانی شۆڕش لە هەیبەسوڵتان دێنەخوار بۆ ئەوەی هێرش بکەنە سەر دەفتەری سیاسی، بەڵام پێشمەرگەکان پاشەکشەیان پێ‌دەکەن. پێشڕەویی ستوونەکەی ئێران گەیشتبووە دەروازەی کۆیەو چەند پاسدارێک بە لیباسی یونیفۆرمی خۆیان چووبوونە نێو شار... دوای ئەوە کە فڕۆکەی هاوپەیمانەکان لەپاش نیوەڕۆی ٢٩ی ژووئیەی ١٩٩٦بەسەر سەری هێزە ئێرانی‌یەکان‌دا دەفڕن، شەوێ ئەو هێزانە هەر بەو ڕێگایەدا کە پێی‌دا هاتبوون دەگەڕێنەوە. پارتی دیموکراتی کوردستان قبووڵ ناکا بەشێکی ستوونەکە بە ڕێگای حاجی ئۆمەران‌دا بگەڕێتەوە. ئێرانی‌یەکان لەهاتنیش‌دا ویستبوویان بەو ڕێگایەدا بێن.

چۆن بوو جەلال تالەبانی‌و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان توانیان لە هێرشی ئێران‌دا کە زیاتر لە دووسەدوپەنجا کیلۆمیتر لە نێو خاکی کوردستانی عێراق‌دا چووە پێش، هاودەستی لەگەڵ ئێران بکەن؟ هێرشێک کە تەنیا ئامانجی بەدیل‌گرتن‌و لەنێوبردنی سەرکردایەتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بوو. بۆ شاهۆ حسینی نوێنەری حیزبی دیموکراتی کوردستان لە پاریس وەڵامی ئەو پرسیارە ڕوونەو دەڵێ:« بەداخەوە جەلال تالەبانی‌و مسعود بارزانی بۆ ئەوەی یەکیان

بەسەر ئەوی دیکەیان‌دا سەرکەون حازرن هەموو بەشەکانی دیکەی کوردستان بکەنە قوربانی! کاتێک جەلال تاڵەبانی رادیۆی پێ‌داخستین، لێمان پرسی هەتا کوێ ئاوا بۆ ئێرانی شل دەکا. تاڵەبانی وەڵامی داینەوە: نا، ئیدی تەواو. بەڵام ئێمە پێمان‌گوت کە دەوڵەتی ئێران لەپێش‌دا داواتان لێ‌دەکا چەکمان کەن، پاشان داواتان لێ‌دەکا ڕێبەرەکانمان تەحویل بدەنەوە...».

جەلال تاڵەبانی لە نامەیەکی دەستنووسی خۆی‌داو بە ڕێکەوتی ٢٨ی ژووئیەی ١٩٩٦ بۆ عبداللە حسن‌زادە سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی نووسیبوو:« — ڕێژیمی ئێران- داوایان لێ‌کردووین لە ناوچەی خۆمان دەرتان کەین، چەکتان کەین،...هتد. ئێران سنوورەکەی بەستوەو ئەوە بۆ ئێمە بە میلیۆنها و میلیۆنها دینار تەواو بووە!» هەروەها جەلال تاڵەبانی گلەیی لە حیزبی دێموکرات دەکا کە وتووێژی نهێنیی لەگەڵ ئێرانی لە نشینگەکەی خۆی لە قەلاچوالان قبووڵ نەکردوە!

عبداللە حسن‌زادە سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە بۆخۆی فەرماندەریی موقاوەمەت لەدژی هێرشی ئێرانی کردبوو، بێ‌ئەوەی کە بیهەوێ پێوەندی‌یەکان لەگەڵ حیزبێکی«برا» ژاراوی بکا، ئەوە قبووڵ دەکا کە جەلال تاڵەبانی نەی‌دەتوانی بەکردەوە پێشی چوونی ئێران بۆنێو خاکی عێراق بگرێ، بەڵام لە درێژەی قسەکانی‌دا دەڵێ:«سەرەڕای ئەوەش ئێرانی‌یەکان نەیان‌دەتوانی بەبێ مرافەقەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ٢٥٥ کیلۆمیتر لەنێو خاکی کوردستانی عێراق دا بچنە پێش. ئێمە ئەگەر دەستمان ئاوەڵا با، دەمان‌توانی لەزۆر شوێنی لەبار لەسەر ئەو ڕێگا دوورو درێژە بە ژمارەیەکی زۆر کەمی پێشمەرگەوە کەمینیان بۆ دابنێینەوە. بەدبەختی‌یەکە ئەوەیە کە جەلال تاڵەبانی فێرنەبووە بە ئێران

بلێ: نا!»

بەداخەوە کوردەکان ئەو سوێندە مێژووییەیان لەبیر چۆتەوە کە زیاتر لە نیوسەدە لەمەوبەر نوێنەرانی سێ پارچەی کوردستان لەسەر چیای دالأمپەر خواردبوویان، چیایەک کە بەراستی سەمبولێکە، چونکە لەشوێنی بەیەک گەیشتنی ئەو سێ سنوورە هەڵکەوتوە کە کوردستان لەنێوان تورکیەو عێراق و ئێران دا دابەش دەکەن. ئەوکاتە ئەو ناسیۆنالیستە کوردانە سوێندیان خواردبوو کە هەرگیز هیچ چەشنە یارمەتی یەک لە هێزێکی دراوسێ قبووڵ نەکەن کە بتوانێ زیان بە بزووتنەوەی کورد لە بەشێکی دیکەی کوردستان دا بگەیەنێ.

لەمانگی ئوتی ١٩٩٦دا چەند رۆژێک پاش هێرشی ئێران بۆ سەر سەرکردایەتیی حیزب لە کۆیە، عبدالله حسن زادە لەگەڵ شاهۆ حسینی نوێنەری حیزب لە پاریس دەچێتە ئەمریکا بۆ ئەوەی لەنیویۆرک لە کۆنگرەی ئەنتەرناسیۆنالی سوسیالیست دا کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەبێتە ئەندامی رەسمیی بەشداری بکا. حسن زادە لە واشنگتۆن لە وەزارەتی دەرەوەو لە کوشکی سپی لەلایەن راوێژکارێکی ئانتۆنی لەیک راوێژکاری سەرۆک کلینتۆن بۆ کاروباری ئاسایشەوە وەردەگیرێ.

وەک سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەڵێ ئەو دیدارانە دەکەونە چوارچێوەی ئەو بەرنامەیەوە کە عبدالرحمن قاسملو نەی توانیبوو تەواوی بکا. لە راستی دا قاسملو ویزای بۆ سەفەری ئەمریکا وەرگرتبوو و دەبوو رۆژی ١٨ی ژوئیەی ١٩٨٩ بچێ، بەڵام پێنج رۆژ پێشتر تێرۆر کرا و بەم جۆرە خەونی ئەو رێبەرە کوردە کە دەی توانی چارەنووسی کوردستان بۆ جێیەکی دیکە ببا، وەدی نەهات.

لەو دیدارانەدا عبدالله حسن زادەو شاهۆ حسینی هەست دەکەن

وەک«مخاطب معتبر» رەفتاریان لەگەڵ دەکرێ‌و دیپلۆماتە ئەمریکایی‌یەکان پێیان دەڵێن کە«کوردەکانی ئێران لە ئەمریکا دۆستیان زۆرە». بەڵام ئەو سەرکەوتنە دیپلۆماسی‌یانە ناتوانن واقعیەتی تاڵی مەیدان لەبیر بەرنەوە.

مێژوو بۆشک نیشانی داوە کە هیچ شتێک ناتوانێ بزووتنەوەیەکی میللی لەنێو بەرێ، بەڵام بزووتنەوەی میللیی کورد لەئێران ئەمڕۆ تاڵترین سەردەمی داکشانی خۆی تێپەڕ دەکا.

جیا لەوە کە کورد وەک نەتەوە خاوەنی
مێژووی کۆنی خۆیەتی و کوردەکان رابردووی
دووری هاوبەشیان هەیە، تێگەیشتن و روون
کردنەوەی مێژووی خەباتی گەلی کورد پاش
دابەشبوونی یەکجاریی کوردستانیش، بەبێ
وەبەرچاوگرتنی ڕەوش و ڕەوتی ئەو خەباتە لە
چوارچێوەی لێکۆڵینەوەیەکی گشتی و
هەمەلایەنەی بەشە جوراوجۆرەکانی کوردستان دا
کارێکی سەخت و چەتوونە. چونکە ئەگەر راستە
مێژووی نوێی ئەو خەباتە داستانی پارچە پارچە
بوونیەتی، تەنانەت ئێستاش کێشەی کورد تەنیا
وەک مەسەلەی نێوخۆیی چەند وڵاتی دراوسێی
یەکتر چاو لێ دەکری، شک لەوەدا نیە کە
بزووتنەوەی کورد لە هەرکام لەو وڵاتانەدا
پێوەندیی گەرماوگەرمیان پێکەوە هەبووە و
شوێنەواریان لەسەر یەکتر داناوە.
بەلام ئەگەر تەنیا بەشی کوردستانی ئێران لەو
باسەمان وەرگێڕاوە ...

Internationella biblioteket
Stockholms stadsbibliotek
STOCKHOLMS STAD